دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com


ژمارە: ٤٨٩

شەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٨٧ ـ ٥ی ژوئیەی ٢٠٠٨ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان




**درێژەی بەدرەفتاری و تاوان بەرامبەر گیراوە سیاسییەکان مەحکووم دەکەین** ٨




**گوڵی ئورکیدە بۆ ژاندارکی بێرمە** ١١

## درێژەی سەرپێچی و ئەگەرەکان

عەولا بەهرامی

دەسەڵاتدارانی تاران زیاتر لە سێ ساڵە بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیان لە جێبەجێ کردنی داواکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەدزنەوە یان بەڕاشکاوی گاڵتە بە بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن و ڕێگە نادەن پشکێنەرانی ئاژانسی وزەی ناوکی بچنە دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران. جیا لەمانە ئەو ماراتۆنی وتووێژو دیالۆگانەش کە چەند وڵاتی ئورووپایی بە سەرپەرستیی خاویەر سۆلانا لەگەڵ نوێنەرانی تاران دەستیان پێکردبوو ئاکامێکی هەست پێکراویان لێ شین نەبووەتەوە. تەنانەت ئەو بەستە پێشنیارییانەش کە هەڵگری کۆمەڵێک سەرەتیی ئابووری و سیاسین و پێشکەش بە تاران کراون نەبوونەتە هۆی ئەوە کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی مل بۆ داواکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بڕیارەکانی ئەنجومەنی تەناهی ڕاکێشن و واز لە بەرزەفڕی و سەرپێچییەکانیان بێنن. لەم نێوەدا تەنیا ئاکامێکی هەست پێکراو بەدی دەکرێ کە ئەویش بریتیە لە دەستەبەربوونی کاتی زۆرتر بۆ ڕێژیمی ئیسلامی، کە ئەمەش جۆرێك بڕوابەخۆبوونی ساختەی بە ڕێبەرانی ڕێژیم بەخشیوە. هەر بۆیە لە لایەك لە نێوخۆی وڵات وادەنوێنن کە ئەوان سەرکەوتووی ئەو ململانێیەن و لە لایەکی دیکەش لە دنیای دەرەوە ئەوەندەی دیکە لەخۆبایی بوون و سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبارە نێونەتەوەییەی تێیدان درێژە بە ئاژاوەگێڕی لە وڵاتانی ناوچە و تەنانەت هەڕەشە لە وڵاتێکی وەك ئیسرائیلیش دەدەن.

لێرەدا ئەم چەند پرسیارە دێنە گۆڕێ، ئایا کاربەدەستانی تاران دەتوانن درێژە بەم ڕەوتە بدەن؟ ئایا ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی بە هەست کردن بە جیدی بوونی مەترسیی ئێران و گەیشتنی پرۆژە ناوکییەکانی ئەو لاتە بە "خاڵی بێگەڕانەوە" چی دیکە دەتوانن درێژە بە سیاسەتی "گێزەرو گۆپاڵ" بدەن؟ ئایا ئیسرائیل کە لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا لەگەڵ هەڕەشە و دوژمنکاریی ڕێژیمی تاران بەرەوڕوو بووە و بە تایبەتی لەم دواییانەدا کە پرسی ناوکیی ئێرانیش لە ڕۆژەڤ دایە، هەڵوێستی بەرانبەر ئێرانی تەیار بە چەکی ناوکی چ دەبێ؟

لە گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانە دایە کە شارەزایانی سیاسی لەو بڕوایە دان کە دەسەڵاتدارانی تاران کەوتوونەتە سەر دووڕیانی دەستهەڵگرتن لە بەرنامە ناوکییەکان و مەترسیی پەلاماری نیزامیی ئەمریکا یان ئیسرائیل و توندتر بوونی گەمارۆ ئابوورییەکان و پەراوێز خرانی زیاتر لەباری سیاسییەوە. ئەوەش کە ڕێبەرانی ڕێژیم سەرەڕای ناکۆکییەکانیان لەمبارەیەوە و کۆکبوونیان لە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمەکەیان کام یەك لە ڕێگەکان دەگرنە بەر داهاتوو ڕوونی دەکاتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەم دووڕیانە بریتیە لە هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خرپتر داو هەر کامەیان کۆمەڵێك کاردانەوەی نێوخۆیی و دەرەکیی تایبەت بە خۆیان بۆ ڕێژیم بەدواوە دەبێ.

### دوا بەدوای پەلامارە سەرکوتکەرانەکەی ٥ی پووشپەڕی سەقز

# کەمپێنێك بۆ ڕزگاریی گیانی کەماڵ شەریفی وەڕێکەوت



دوابەدوای پەلامارە سەرکوتکەرانەکەی ڕۆژی ٥ی پووشپەڕی شاری سەقز کە لەودا لە ئاکامی پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڕەکی بەردبڕانی ئەو شارە تێکۆشەری دێرین و کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوڕێ شێخ غەریب حەسەنی شەهیدو هاوڕێ کەماڵی شەریفی ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی و کەسی خانەخوێ بە ناوی عەلی موتیعی بەدیل گیران، کەمپێنێك بۆ ڕزگاریی گیانی کەماڵ شەریفی وەڕێکەوت.

ئەم کەمپێنە کە لەلایەن کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی ئازادو چالاکوانی مافی مرۆڤەوە لە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕەوە وەڕێکەوتووە تا ئێستا لەلایەن نزیکەی ١٠٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردەوە واژۆ کراوە و لەگەڵ پشتیوانییەکی زۆری کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرە مەدەنی و سیاسییەکانی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە.

بەڕێوەبەرانی کەمپێنەکە هاوکارانیان لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی باشووری کوردستان لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەڵمەتێکی دیکەیان دەست پێکردوەو لەودا سەردانی دەیان ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنییان کردوەو داوایان لێ کردوون کە دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی هەمووی ئەو کەس و لایەنانەی کە بۆ ڕزگاریی گیانی کەماڵ شەریفی تێدەکۆشن و بەمجۆرە گوشارەکانیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی چڕتر بکەنەوە. هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕ کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی ئازادی شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان و ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران بە دەرکردنی ڕاگەیەنراو بۆ ڕای گشتی بەم کەمپێنەوە پەیوەست بوون و داوایان لە هەموو لایەنە پێوەندیدارە کوردستانی و جیهانییەکان کردوە کە هەوڵەکانی خۆیان بۆ ڕزگاری ڕۆژنامەنووس کەماڵی شەریفی بخە گەڕ.

خالید محەمەدزادە ڕۆژنامەنووسی ئازادو وتەبێژی ئەم کەمپێنە ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕ لە ماڵپەڕی "بۆ ڕۆژهەڵات"ی ڕاگەیاندوە کە یەکێك لە هەوڵەکانی بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپێنە ئاگادار کرانەوەی کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە بواری ڕۆژنامەنووسی و مافی مرۆڤ لە وەزعییەتی کەماڵی شەریفییە.

لەلایەکی دیکەوە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لە دانی هەر چەشنە زانیارییەك سەبارەت بە وەزعییەتی کەماڵی شەریفی خۆ دەبوێرن و جگە لەوەیکە ئیزنی چاوپێکەوتنیان بە بنەماڵەکەیان نەداوە، برایەکی ناوبراویشیان دەستبەسەر کردوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی وەدەست "کوردستان" کەوتوون، کەماڵ شەریفی بۆ بەندیخانەی ئیتلاعاتی شاری سنە ڕاگوێزراوە و بە توندی لەژێر ئەشکەنجە دایە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕووداوەکەی ٥ی پووشپەڕی سەقز دەقی ڕاگەیەنراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنیی حدك لە لاپەڕە ٢دا بخوێننەوە.

## شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست دەکا

لەسەر بانگهێشتی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی خالید عەزیزی وتەبێژی کومیتەی ناوەندی، ڕۆژی دووشەمە (١٠ی پووشپەڕ) بەشداریی لە ٢٣یەمین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئاتێنی پێتەختی یونان کرد.

لە ٢٣یەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست دا چەند حیزبی کوردستانی وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیك، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەشدار بوون. حیزبە کوردستانییەکان بەر لە دەسپێکردنی کارەکانی ئەسڵی کۆنگرە پێکەوە کۆبوونەوەیان گرت و بابەتە پێوەندیدارەکان بە کێشەی کوردو ئەنتێرناسیونالیان تاوتوێ کرد.

شاندی حیزب هەروەها بەر لە دەسپێکردنی کارەکانی کۆنگرە بە جیا لەگەڵ شاندەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان کۆبووەوە.

شایانی باسە لە ٢٣یەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال دا یەکییەتی نیشتمانی پلەی ئەندامێتی لەو ڕێکخراوەیەدا بۆ ئەندامی ئەسڵی بەرز بۆوە و مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکیەتیش لە نێو ٩٠ بەربژێردا بە زۆرینەی دەنگ وەکوو جێگری سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنال هەڵبژێردرا.

هەر لەم پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە جیا پیرۆزبایی لە مام جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کرد. دەقی ئەو دوو پەیامە لە لاپەڕە ٢دا بخوێنەوە.

## بانگەواز بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ١٩ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

٢٢ی پووشپەڕی هەر ساڵێك، ڕووداوە خوێناوییەکەی ١٣ی ژوئیەی ڤیەن دەخاتەوە بیری خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان. ١٩ ساڵ لەمەوبەر لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا، ڕێژیمی تێروریستی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵلا قادری ئازەرو و د. فازڵ ڕەسووڵی دایە بەر دەسڕێژو گیانی لێ ئەستاندن.

دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی و عەبدوڵلا قادری ئازەر، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دیموکرات لە دەرەوەی وڵات، چووبوونە ڤیەن هەتا لە سەر داخوازەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ نێردراوانی ڕێژیمی ئێران وتووێژ بکەن. بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ وەك پیلانێك بۆ لە داو خستنی ڕێبەری حیزبی دیموکرات کەڵکیان وەرگرت. لەوساوە هەموو ساڵێ خەڵکی کوردستان بیرەوەریی شەهید بوونی ڕێبەری لێوەشاوەی خەباتە حەقخوازانەکەیان دەکەنە دەرفەتێك بۆ ئەوەی لە لایەك وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازو ئامانجەکانی دوکتور قاسملووی شەهیدو بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیروریستی کۆماری ئیسلامی پیشان بدەنەوە و لە لایەکی دیکەش ناڕەزایەتیی خۆیان لە هەڵوێستی سەوداگەرانەی دەوڵەتی ئوتریش لە پەیوەندی لەگەڵ پەروەندەی تێروری دوکتور قاسملوو هاوڕێیانیدا، دووپات بکەنەوە.

با ١٩ ساڵەی تیروری دوکتور قاسملووش ببێتەوە بە بۆنەیەکی دیکە بۆ پیشاندرانی هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە نێو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ٣

# شه‌هید بوونی تێکۆشه‌ری دێرین شێخ غه‌ریب له‌ په‌لاماری هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی‌دا

هاونیشتمانه به‌رێزه‌کان !
خه‌ڵکی تێکۆشه‌ری کوردستان !
به داخ وکه‌سه‌ره‌وه راده‌گه‌یه‌نین که دوانیوه‌ڕۆی رۆژی چوارشه‌ممه ٥ی پووشپه‌ڕی ١٣٨٧ ، دوو هاوڕێی حیزبیمان له گه‌ڕه‌کی " به‌ردبڕان "ی شاری سه‌قز، له لایه‌ن ده‌ستێکی ناپاک وخائینه‌وه راپۆرتیان لێ ده‌درێ و به هۆی هێزه ئه‌منییه‌تی وپه‌لامارده‌ره‌کانی رێژیمی ئیسلامی یه‌وه گه‌مارۆ ده‌درێن وده‌که‌ونه به‌ر ده‌ستڕێژی چه‌کی به‌کرێگیراوه‌کان.

له‌وپه‌لاماره‌دا به داخه‌وه تێکۆشه‌ری دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وخه‌باتگێڕی سه‌رده‌می هه‌ردوو رێژیمی پاشایه‌تی وکۆماری ئیسلامی، " شێخ غه‌ریب حه‌سه‌نی " شه‌هید ده‌بێ وهاوڕێ "که‌ماڵی شه‌ریفی " ش ده‌که‌وێته ده‌ست هێزه جینایه‌تکاره‌کانی کۆماری ئیسلامی وبه‌دیل ده‌گیرێ.

له‌م په‌لاماره‌دا ئه‌ندامێکی خانه خوێ ده‌که‌وێته به‌رده‌ستڕێژ وبه بریندار ده‌گیرێ. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان به‌م بۆنه‌یه‌وه سه‌ره‌خۆشی وهاوده‌ردیی خۆی به بنه‌ماڵه‌ی شێخ غه‌ریب وخه‌ڵکی شاری سه‌قز وهه‌موو هاوڕێ وهاوبیرانی ئه‌و تێکۆشه‌ره به‌نرخه راده‌گه‌یه‌نێ وله‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش دا ساغی وچاک بوونه‌وه بۆ برینداره‌که به ئاوات ده‌خوازین، هه‌رله‌وکاته‌دا داوا له کۆڕوکۆمه‌ڵ وڕێکخراو وناوه‌نده مرۆڤدۆسته‌کان ده‌کا بۆ پاراستنی گیانی هاوڕێ که‌ماڵ شه‌ریفی وئه‌وهاونیشتمانه بێدیفاعه که به بریندار گیراوه، له هیچ هه‌وڵ وته‌قه‌لایه‌ک درێغی نه‌که‌ن وکۆماری ئیسلامی له به‌رپرسایه‌تییه‌کانی له‌و پێوه‌ندییه‌دا ئاگاداربکه‌نه‌وه.

هاوڕێ شێخ غه‌ریب حه‌سه‌نی کوڕی شێخ عه‌بدولقادر ساڵی ١٣٣٢ی هه‌تاوی له گوندی " کاومه‌له "ی ناوچه‌ی سه‌قزله دایک بووه . له‌به‌رهه‌ل ومه‌رجی ژیان ته‌نیا توانی قۆناغی سه‌ره‌تایی خوێندن ته‌واوبکا. ساڵی ١٣٥٨ی هه‌تاوی پێوه‌ندیی به ته‌شکیلاتی حیزبه‌وه گرت وبه ڕه‌سمی بوو به پێشمه‌رگه وله ژیانی پێشمه‌رگایه‌تی دا زۆربه لێوه‌شاوه‌یی ئه‌رکه پێ سپێردراوه‌کانی جێ به جێ کردن وبه هۆی دڵسۆزی ولێهاتوویی خۆی، بۆته کادری ناوچه ودواتربوو به ئه‌ندامی کومیته‌ی شارستانی سه‌قزهه‌تا ساڵی ١٣٦٤ی هه‌تاوی له هه‌موو کاروتێکۆشانی حیزبی دا چالاکانه به‌شداربوو، به دوای ئه‌وه‌دا به ئاگاداریی حیزب خه‌ریکی کاروکاسبی بوو، به‌ڵام له‌و قۆناغه‌ش دا زۆرسه‌ربه‌رزانه ئه‌رکه‌کانی به‌ڕێوه برد. تێکۆشانی ناوبراو بوو به هۆی ئه‌وه‌ی که رێژیم گومانی لێ بکا وبیخاته ژێرچاوه‌دێری وسه‌رئه‌نجام بۆماوه‌یه‌ک زیندانیی بکا. پاش ئازادبوونی له ساڵی ١٣٨٢ی هه‌تاوی دا گه‌ڕایه‌وه ریزی تێکۆشه‌رانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وله ناوه‌ندی ١ی کوردستان سازمان درا وبه دڵسۆزی یه‌وه ئه‌رکه‌کانی خۆی به‌ڕێوه بردن وله پاش کۆنگره‌ی چارده‌یه‌م شێخ غه‌ریب له کومیسیۆنی ئامووزش کاری وه‌رگرت وله‌به‌شی فه‌رهه‌نگی دا بۆخزمه‌تی گه‌ل ونیشتمانه‌که‌ی خه‌ریکی تێکۆشان بوو.
سڵاوله گیانی پاکی تازه‌ترین شه‌هیدی رێگای ئازادیی نه‌ته‌وه‌که‌مان شێخ غه‌ریب حه‌سه‌نی وبه‌رده‌وام بێ رێگاکه‌ی ، رێگای پڕله سه‌روه‌ریی رێبه‌رانی شه‌هید: قازی ، قاسملوو وشه‌ره‌فکه‌ندی ، مه‌رگ ونه‌مان بۆرێژیمی دیکتاتۆڕو کۆنه‌په‌رستی کۆماری ئیسلامی.

کومیسیۆنی ته‌شکیلاتی
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
١٣٨٧/٤/٦ ی هه‌تاوی
٢٠٠٨/٦/٢٦ ی زایینی



# پیرۆزبایی ده‌فته‌ری سیاسی حیزب له به‌ڕێز مام جه‌لال‌و مه‌کته‌بی سیاسیی یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان

**به بۆنه‌ی هه‌ڵبژێرانی به‌ڕێز جه‌لال تاڵه‌بانی سکرتێری گشتیی یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان به جێگری سه‌رۆکی رێکخراوی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست‌و هه‌روه‌ها به بۆنه‌ی به‌رز بوونه‌وه‌ی پله‌ی ئه‌ندامه‌تی یه‌کیه‌تیی بۆ ئه‌ندامیی ئه‌سڵی له‌و رێکخراوه‌یه‌دا، ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان به جیا پیرۆزبایی له به‌ڕێزان جه‌لال تاڵه‌بانی‌و مه‌کته‌بی سیاسیی یه‌کیه‌تیی نیشمانیی کوردستان کرد.**



**زۆر به‌رێز جه‌نابی مام جه‌لال سکرتێری گشتیی یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان**

له‌گه‌ڵ رێزی بێ‌پایان
هه‌واڵی هه‌ڵبژێرانی زۆر به‌جێی به‌ڕێزتان به‌جێگری سه‌رۆکی رێکخراوی ئه‌نتێرناسیۆنالی سۆسیالیستمان به خۆشحاڵی‌و شانازییه‌وه وه‌رگرت. ئه‌و هه‌ڵبژێرانه‌و هه‌روه‌ها به‌رزبوونه‌وه‌ی پله‌ی ئه‌ندامه‌تیی یه‌کیه‌تیی نیشتمانی بۆ ئه‌ندامی ته‌واوه‌ق له‌م رێکخراوه جیهانییه‌دا نیشانه‌ی تێگه‌یشتنی (SI) که رۆڵی خه‌باتگێڕانه‌و که‌سایه‌تیی نێونه‌ته‌وه‌یی ئێوه‌و ده‌وری کاریگه‌ری یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان له بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازانه‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورد به‌تایبه‌تی له باشووری کوردستان دایه.
به‌ش به‌حاڵی خۆمان به‌و هه‌ڵبژێرانه سه‌ر به‌رزین‌و ئه‌مه به ده‌سکه‌وتێك بۆ ته‌واوه‌تی بزووتنه‌وه‌ی کوردو به‌تایبه‌تی یه‌کیه‌تیی نیشتمانی‌و رێبه‌ره به‌ئه‌زموون‌و لێوه‌شاوه‌که‌ی ده‌زانین.
به‌م بۆنه‌یه‌وه پڕ به‌دڵ پیرۆزبایی له جه‌نابتان‌و رێبه‌رایه‌تی‌و سه‌رجه‌م تێکۆشه‌رانی یه‌کیه‌تیی نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌ی کورد ده‌که‌ین‌و ده‌سکه‌وت‌و سه‌رکه‌وتنی زیاترتان له خه‌بات بۆ ئاشتی‌و ئازادی‌و دێموکراسی‌و چه‌سپاندنی مافه ڕه‌واکانی نه‌ته‌وه‌ی کورددا به ئاوات ده‌خوازین.
گه‌رمترین رێزو سڵاومان قه‌بووڵ بکه‌ن.

ده‌فته‌ری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٠٠٨/٧/٢



**به‌ڕێز مه‌کته‌بی سیاسیی یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان!**
له‌گه‌ڵ رێزو سڵاوی گه‌رم.
هه‌واڵی هه‌ڵبژێرانی جه‌نابی مام جه‌لال به جێگری سه‌رۆکی ئه‌نتێرناسیۆنالی سۆسیالیست‌و، وه‌رگیرانی یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان به ئه‌ندامی ته‌واوه‌قی ئه‌م رێکخراوه گه‌وره‌یه له بیست‌وسێیه‌مین کۆنکره‌ی SI دا بووه مایه‌ی خۆشحاڵیمان. به‌م بۆنه‌یه‌وه به‌گه‌رمی پیرۆزبایتیان لێ ده‌که‌ین.
حیزبی دێموکراتی کوردستان هه‌ر دووکی ئه‌م ڕووداوانه‌و، به‌گشتی ره‌خسانی هه‌لومه‌رج‌و ده‌رفه‌ت بۆ به‌شداریی چالاکانه‌و رۆڵ بینینی رێکخراو و که‌سایه‌تییه کورده‌کان له تێکۆشان‌و کاروباری ئه‌نتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دا، له خزمه‌ت هاوبه‌شیی زیاتری کوردو وڵاتانی ناوچه له پرۆسه‌ی جیهانیی به‌ره‌وه‌پێشبردنی ئاشتی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و دادپه‌روه‌ریی کۆمه‌ڵایه‌تی‌دا ده‌بینێ. له‌م رێگایه‌شه‌وه بایه‌خدانی ئه‌م ئۆرگانیزاسیۆنه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه به پرسی کورد که سه‌ره‌تاکه‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ هه‌وڵه به‌نرخه‌کانی دوکتور قاسملووی نه‌مر ده‌توانێ پێ بنێته قۆناغێکی کاریگه‌رتر. ئێمه بۆ به‌رێز مام جه‌لال‌و بۆ یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان له پۆست‌و به‌رپرسایه‌تیی تازه‌یان له نێو SI دا هه‌روه‌ها بۆ ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست‌و سه‌رجه‌م کۆمیسیۆن‌و کومیته‌کانی، له ده‌وری تازه‌ی تیکۆشانیان دا سه‌رکه‌وتن به ئاوات ده‌خوازین.
جارێکی دیکه ئه‌م سه‌رکه‌وتنانه له یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان‌و نه‌ته‌وه‌ی کورد به‌گشتی پیرۆز بێ.

ده‌فته‌ری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٠٠٨ /٧/٢

**به‌یاننامه :**

# پێشێلکردنی مافه ئینسانییه‌کان‌و سه‌رکوتی چالاکانی مه‌ده‌نی ده‌بێ رابگیرێن

سه‌رکوتی چالاکانی مه‌ده‌نی کوردو پێشێل کردنی به ئاشکرای مافه‌کانی مرۆڤ له ئێران هه‌ر رۆژه روخسارێکی درێوتر به خۆوه ده‌گرێ. دادگاکانی شۆڕش یان له‌راستی دادگاکانی پشکنینی بیروباوه‌ڕ تادێ کارنامه‌ی سه‌رکوت‌و نادادپه‌روه‌ریی رێژیمی ئیسلامی ئه‌ستوورتر ده‌که‌ن‌و تاوان له دژی جیابیران‌و داواکارانی ماف‌و ئازادییه‌کانی هاونیشتمانان له رۆژهه‌ڵاتی کوردستان‌و ئێران له زیاد بوون دایه.

**ئازادیخوازان‌و لایه‌نگرانی مافی مرۆڤ!**

وه‌ك هه‌موو لایه‌ك ئاگادارن رێژیمی ئیسلامیی ئێران چ له رێگای دامووده‌زگا داپلۆسێنه‌رو سه‌رکوتکه‌ره‌کانی‌و چ له رێگای به‌ناو دادگاکانیه‌وه به‌شێوه‌یه‌کی گشتگیرو به‌ربڵاو درێژه به سه‌رکوتی ئازادییه‌کان‌و پێشێل کردنی سه‌ره‌تایی‌ترین مافه‌کانی مرۆڤ له ئێران دا ده‌دا. له‌م پێوه‌ندییه‌دا چالاکانی مه‌ده‌نی، ژنان، خوێندکاران، کرێکاران که ئه‌مرۆکه بوونه‌ته بزوێنه‌ری خه‌بات‌و ناڕه‌زایه‌تی له دژی سیاسه‌ت‌و قانوونه دواکه‌وتووانه‌و پڕ له نادادپه‌روه‌رییه‌کانی رێژیمی ده‌سه‌ڵاتدار، کراونه‌ته ئامانجی سه‌ره‌کیی سه‌رکوتی فیزیکی‌و قانوونی! رۆژنامه‌و بڵاوکراوه ره‌خنه‌گره‌کان داده‌خرێن، ئیعدامی مێرمندالآن درێژه‌ی هه‌یه، له ئاکامی ئه‌و فشارانه‌ی له سه‌ر خوێندکارانی ئێرانه دیارده‌ی خۆکوشتن له نێو خوێندکاران دا په‌ره‌ی‌گرتوه، که‌مایه‌تییه مه‌زهه‌بیه‌کانی وه‌ك به‌هاییه‌کان‌و درویشه گونابادییه‌کان راوه‌ده‌نرێن‌و ئازار ده‌درێن، زیندانیانی بیروباوه‌ر له مافی گرتنی پارێزه‌ر بێبه‌شن.

به‌ناو دادگاکانی ئه‌م رێژیمه سه‌ره‌رۆیه له تازه‌ترین پێشیلکارییه‌کانیاندا سزای قورسیان به‌سه‌ر دوو چالاکی بواری مافه‌کانی مرۆڤ و مافه‌کانی ژنان دا سه‌پاندوه که ئه‌وانیش بریتین له: محه‌مه‌د سه‌دیق که‌بوودوه‌ند سه‌رۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان که به تاوانی! هه‌نگاونان دژی ته‌ناهیی نیشتمانی (امنیت ملی) به ١١ ساڵ زیندان مه‌حکووم کراوه‌و هه‌روه‌ها هانا عه‌بدی چالاکی بواری مافه‌کانی ژنان ئه‌ویش به هه‌مان تاوان! به ٥ ساڵ به‌ندکران‌و دوورخرانه‌وه بۆ به‌ندیخانه‌یه‌ك له شارێکی سه‌ر سنوور له ئازه‌ربایجانی رۆژهه‌ڵات مه‌حکووم کراوه.

ئه‌و پێشێلکاری‌و سه‌رکوتانه له کاتێك دا درێژه‌یان هه‌یه که ئه‌م رێژیمه به به‌رده‌وامی له‌گه‌ڵ ناڕه‌زایه‌تیی کۆروکۆمه‌ڵه‌کانی لایه‌نگری مافی مرۆڤ و وڵاتانی پێشکه‌وتوو رووبه‌روو بۆته‌وه‌و هه‌روه‌ها سه‌باره‌ت به ئاژاوه‌گێڕی له وڵاتانی ناوچه‌داو سووربوون له سه‌ر درێژه‌دانی به‌رنامه ناوکییه‌کانی له ئاستی نێونه‌ته‌وه‌یی دا رۆژبه‌رۆژ گۆشه‌گیرتر ده‌بێ. ئه‌مه‌ش نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه که رێبه‌رانی ئه‌م رێژیمه له هه‌موو ئاسته‌کان دا له هه‌رچه‌شنه نه‌رمینواندنێك‌و خۆگونجاندنێك له‌گه‌ڵ راستییه‌کانی ده‌وروبه‌ریان ده‌ترسن‌و به هه‌ڕه‌شه‌یه‌ك له به‌رده‌وامیی ده‌سه‌ڵاتدارییه‌که‌یانی ده‌زانن. به‌ڵام غافڵ له‌وه‌ی ئه‌وان چی دیکه ناتوانن به پێچه‌وانه‌ی ره‌وتی ئاو مه‌له بکه‌ن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای ده‌ربڕینی ناڕه‌زایه‌تیی قووڵی خۆی له‌و حوکمه قورس‌و نادادپه‌روه‌رانه‌یه‌ی به سه‌ر محه‌مه‌د سه‌دیق که‌بوودوه‌ندو هانا عه‌بدی دا سه‌پاوه، ده‌رده‌بڕێ، تازه‌ترین ده‌ستدرێژی‌و تاوانه‌کانی ئه‌و رێژیمه له دژی مافی مرۆڤ و له سه‌رووی هه‌موانه‌وه تازه‌ترین په‌لاماری خوێناوی بۆ سه‌ر چالاکانی سیاسیی سه‌ر به‌م حیزبه له شاری سه‌قز به توندی مه‌حکووم ده‌کا حیزبی ئێمه. له‌و بڕوایه دایه که ئه‌م جۆره حوکمانه‌و ئه‌م چه‌شنه په‌رچه‌کرداره سه‌رکوتکه‌رانه‌یه نیشانه‌ی ترسی رێژیم‌و کاربه‌ده‌ستانی له په‌ره‌گرتنی خه‌باتی مه‌ده‌نی‌و ئاشتیانه‌ی ئازادیخوازانی کوردستان‌و ئێرانه‌و به هیچ شێوه‌یه‌ك - به‌پێچه‌وانه‌ی بۆچوونی کاربه‌ده‌ستانی رێژیم - نابنه هۆی بێده‌نگ بوونی خه‌باتکاران‌و ئازادیخوازانی کوردستان.

هه‌ر له‌و پێوه‌ندییه‌ش دا له رێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان‌و کۆمیته‌و کۆمیسیۆنه‌کانی ئه‌و رێکخراوه بۆ مافی مرۆڤ، رێکخراوی نێونه‌ته‌وه‌یی لێبوردن، پارلمانی ئورووپاو هه‌موو ناوه‌ندو کۆڕو کۆمه‌ڵه مرۆڤدۆسته‌کان داوا ده‌که‌ین بایه‌خێکی تایبه‌تی به وه‌زعی دڵته‌زێنی مافی مرۆڤ له ئێران بده‌ن‌و هه‌نگاوی کاریگه‌ر بۆ وه‌ستاندنی سه‌رکوتی چالاکانی مه‌ده‌نی‌و پێشێلکردنی مافه ئینسانییه‌کان له رۆژهه‌ڵاتی کوردستان‌و ئێران هه‌ڵ بگرن.

تازه‌ترین تاوانی دژی ئینسانیی ده‌زگای جاسووسی‌و سه‌رکوتی ئه‌م رێژیمه له دژی چالاکانی سیاسی‌و تێکۆشه‌رانی رێگای ئازادی، ئه‌و په‌لاماره درندانه‌یه بوو که رۆژی چوارشه‌ممه‌ی رابردوو ٥ی پووشپه‌ر (٢٥ ژوئه‌ن) به رۆژی روون‌و له به‌رچاوی خه‌ڵك کردیانه سه‌ر ماڵی عه‌لی مه‌تیعی له شاری سه‌قز بۆ ئه‌وه‌ی دوو تێکۆشه‌ری حیزبی دێموکراتی کوردستان له‌و ماڵه‌دا به دیل بگرن یان بیانکوژن.

له ئاکامی ئه‌و هێرش‌و ئاگربارانه‌دا، تێکۆشه‌ری له مێژینه شێخ غه‌ریب حه‌سه‌نی شه‌هید بوو، عه‌لی موتیعی خاوه‌نی ماڵه‌که، دوو گولله‌ی به‌رکه‌وت‌و، که‌ماڵ شه‌ریفی رۆژنامه‌نووس‌و چالاکی سیاسی، که‌وته ده‌ست هێزه سه‌رکوتکه‌ره‌کان. ئێستا هه‌ر دووی ئه‌م گیراوانه له ژێر ئازارو ئه‌شکه‌نجه دان‌و گیانیان له مه‌ترسی دایه. خه‌ڵکێکی زۆریش به تاوانی پێوه‌ندی‌و ناسیاوی له‌گه‌ڵ ئه‌و سێ که‌سه خراونه ژێر فشارو راوه‌دوونان.

به‌رده‌وام بێ خه‌باتی مه‌ده‌نی‌و ئاشتیانه‌ی هه‌موو چین‌وتوێژه‌کانی خه‌ڵکی کوردستان‌و ئێران تا گه‌یشتن مافه ره‌واکانیان .

حیزبی دیموکراتی کوردستان
ده‌فته‌ری سیاسی
١٣٨٧/٤/١٠
٢٠٠٨/٦/٣٠

**هه‌وڵه‌کانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك له‌نێو حیزب‌و کۆمه‌ڵ بخه‌ینه گه‌ڕ**

# هەواڵەکان

## چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە بۆنەی نزیك بوونەوەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنی کوردو هەروەها هاوکات لەگەڵ ساڵیادی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت، تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دیموکرات لە ڕۆژەکانی ٧و ٨ی پووشپەڕ چالاکییەکی تەبلیغی بەربڵاویان لە شارەکانی سەردەشتو ڕەبەتو گوندەکانی دەورووبەری وەڕێخست.

پێویستە بگوترێ لە کاتێکدا کۆمەڵێك کاربەدەست لە تارانو ورمێوە لە ئیتلاعاتی سەردەشت میوان دەبن، جاشو بەسیجییەکان تا ئەو جێیەی بۆیان کراوە تراکتو بڵاو کراوەکانیان کۆ کردۆتەوەو نیشانی ئەو کاربەدەستانەیان داوە هەر بۆیە جموجۆڵی جاشو بەسیجییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لەو ڕۆژانەدا زیادی کردووەو خەڵك دەخەنە ژێر چاوەدێرییەوە.

**ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغاتی‌یان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە:**

**سەردەشت:** شەقامەکانی کەمەربەندی، شەقامی خومەینی، بلواری ٧ی تیر، ترمیناڵی گەورەی شار، باشگای تەختی، گاراجی گوندەکان، گەڕەکەکانی گردەسوور، دوڵتانجك، کانی مێرێ، بیمارستان، نێزەڕۆ، جانبازان، پارکی شار، شەبەکەی دوو.

**ڕەبەت:** شەقامی سەرەکیی شار، شەقامەکانی لەیلانێ، کانی گوێز، پارکی شارو زۆربەی گەڕەکەکانی نەڵاس، شەقامی سەرەکیی شارۆچکەو زۆربەی کوچەو کۆڵانەکانی شار.

**میراوێ:** شەقامی سەرەکیی شارۆچکەو ڕێگەی ئاڵوەتانو نێزێو گەڕۆر.

گوندەکانی وەڵیو، وەرگێڵ، دەشتێ، پاراستانو نواوێ.

لە لایەکی دیکەوە هەر بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ٢٢ی پووشپەڕ تێکۆشەرانی ماندوو نەناسی ڕێکخستنی نهێنی حدك لە شاری بۆکان شەوی ٨ی پووشپەڕ بە شێوەیەکی بەربڵاو لە گەڕەکەکانی: مەجبووراوا، دەورووبەری قوتابخانەی ٧ی تیری عەلیاوا، شەقامی ٣٠ میتری، نیروگای بەرق، ترمیناڵی تاران و کوشتارگا چالاکیی تەبلیغاتی بەڕێوە برد.

## سەردانو چاو پێکەوتنەکانی کاك خالید عەزیزی لە بریتانیا



وتەبێژی فەرمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لەندەنی پێتەختی بریتانیا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵێك چاوپێکەوتنو کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنو کەسایەتییە سیاسی‌یەکانی ئەو وڵاتە پێك هێنا. بەڕێز خالید عەزیزی ڕێکەوتی ١٨ی ژوئەن لە پارلەمانی بریتانیا چاوی بە نیکۆل پیچن لە بەشی مافی مرۆڤو جێگری ئانکلۆدو داك مەکمیلان ئۆفیسەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ ئەندامانی پارلمان لەسەر مافی مرۆڤ کەوت. هەروەها ڕێکەوتی ١٩ی ژوئەن لە ماڵی لۆردەکان بە جیا لەگەڵ لۆرد کۆربیت، لۆرد کلێمنت جۆنو جێرمی کۆربین ئەندامی پارلەمانی بریتانیا کۆبووەوە.

پاشان ڕۆژی ٢٠ی ژوئەن کاك خالید چاوی بە لویس ئەیالا سکرتێری گشتی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستو لۆرد ئێریك ئیڤبری کەوت. لەو چاوپێکەوتنانەدا وتەبێژی کومیتەی ناوەندی هەوڵی دا سەرنجی دەسەڵاتدارانی بریتانیا بۆسەر کێشەی کورد لە ئێرانو دۆزەکانی مافی مرۆڤو دێموکراسی ڕابکێشێ. هەروەها باسی ئەو پرسە هاتەگۆڕێ کە نابێ کێشەی ناوکی ئێران سێبەر بخاتە سەر دۆزەکانی مافی مرۆڤو دێموکراسیو پێشنیار کرا کە لە دەستووری کاری UN و دنیای دەرەوەدا بابەتەکانی دیموکراسی، کێشەی نەتەوەکانو مافی مرۆڤ هاوتەریب لە گەڵ کێشەی ناوکی گرینگی پێ بدرێو بچێتە پێشەوە. لە پێوەندی لەگەڵ بریتانیاو کێشەی کورد، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پارلمانی بریتانیا دەبێ گوشار بخاتە سەر وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە کە دەبێ کێشەی کورد لە ئێرانو مەسەلەی دێموکراسی زیاتر بخاتە دەستووری کاری خۆیەوەو هەروەها کۆبوونەوەیەکی بەرین لەبارەی ئەو بابەتەوە لە پارلمان بگیرێ.

بەڕێز کاك خالید عەزیزی لەدانیشتن لەگەڵ لویس ئەیالا، سکرتێری ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست دا کۆمەڵێك باسی پێوەندیدار بە حدكو کوردستان لەوانە کۆنگرەی ١٤ی حیزبو ئاکامەکانی، چۆنیەتی پێوەندیی عەقڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستو چۆنیەتی چالاك کردنی دەوری ئەو ڕێکخراوە لە ئێرانو کوردستان هاتە گۆڕێ کە لە لایەن لویس ئەیالاوە پێشوازیان لێ کرا.

## دیداری نوێنەری حدك لەگەڵ فەلەکناس ئۆجای ئەندامی پارلمانی ئورووپا



دوێنێ چوارشەممە ٢٥ی ژوئەن کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پارلمانی ئورووپا لەگەڵ خاتوو فەلەکناس ئۆجای، ئەندامی پارلمانی ئورووپا لەسەر لیستی ئاڵمان کۆ بۆوە.

لە دیدارەدا کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بارودۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش کۆنگرەی ١٤ تاوتوێ کران. کاوە ئاهەنگەری هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سەبارەت بە بۆردومانی سنوورەکانی نێوان هەرێمی باشووری کوردستانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ڕوون کردەوەو داوای لە پارلمانی ئورووپا کرد لەم بارەیەوە بێدەنگ نەبێو هەڵوێست بگرێ.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکە باس لە بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراو خاتوو فەلەکناس ئۆجای داواکاری هاودەنگیو یەکگرتوویی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت گۆڕانکارییەکانی ناوچە بەگشتیو ئێران بەتایبەتی بوو.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی سێشەمە ٢٤ی ژوئەن کاوە ئاهەنگەری لەگەڵ پائۆلۆ کاساکا ئەندام پارلمانی ئورووپاو ئەندامی لێژنەی پارلمان بۆ کاروباری ئێران کۆ بۆوە.

لەو دیدارەدا کاساکا پشتیوانی خۆی بۆ سیستەمی فیدراڵیزم وەکو سیستەمی دڵخوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ داهاتووی ئێران دەربڕیو بە ڕێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکان لە ئێران زانی. هەروەها کاساکا خوازیاری یەکدەنگی کوردان لە بەرامبەر ڕووداوەکانو گۆڕانکارییەکانی ناوچە بوو.

درێژەی

## بانگەواز بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ١٩ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

با ئەمساڵیش وەك چەند ساڵی ڕابردوو، خەڵکی کوردستان لە هەموو ناوچەو شارو گوندێك، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ڕێبەری شەهیدیان کە گیانی لە پێناوی دوارۆژی ئەوان دانا، بە شێوەی جۆراوجۆر دووپات بکەنەوە.

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

ئۆگرانی ئازادیو دیموکراسیو ڕزگاری لە بندەستی!

لە ١٩ ساڵەی تیروری دوکتور قاسملوودا، لە هەر ڕێگایەکەوە بۆتان دەکرێ، یادی ئەو ڕێبەرە شەهیدە بەرز ڕابگرنو ڕێژیمی بکوژی دوکتور قاسملووو هەزاران شەهیدی نەتەوەکەمان تێبگەیەنن کە قاسملوو لە بیرو باوەڕیی‌دا، هەر زیندوە.

لەم یادەدا دەتوانین:

ـ وتە بە نرخەکانی دوکتور قاسملوو، هەروەها وتەی کەسایەتییەکان لە بارەی ئەم ڕێبەرە مەزنە، بە sms و ئیمەیل بۆ دۆستانو ناسیاوانتان بنێرن. ـ CD، تراکتو پۆستێری پێوەندیدار بە د. قاسملووو ڕووداوی ٢٢ی پوشپەڕ، بە شێوەیەکی بەرین بڵاو بکەنەوە. ـ کاتژمێر ١٠ی شەو بە کاتی ئێران لە یادکردنەوەی ساڵە وەختی شەهید بوونی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی‌دا، مۆمێك داگیرسێنن. ـ بە یادی دوکتور قاسملووو هەموو ڕێبەرانی شەهید، ڕۆژی ٢٢ی پوشپەڕ بچنە سەر نزیکترین گلکۆی شەهیدانو چەپکە گوڵی وەفادارییان لەسەر دابنێن. ـ لەم یادەدا سەردانی بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانو بەندییە سیاسی-یەکان بکەنو وەفاداریی خۆتان بە ئامانجی ڕۆڵە ئازیزەکانیان دووپات بکەنەوە. ـ بە تراکتی دروشمەکانی تایبەت بەو یادە کە لە لایەن درێژەدەرانی ڕێگای دوکتور قاسملۆوە، پێتان دەگەن، شوێنە گشتی‌یەکان بنەخشێنن.

## ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی هاوڕێی شەهید شێخ غەریب حەسەنی بەڕێوەچوو



کاتژمێر ١١ پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی پووشپەڕ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەری حیزبو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی تازەترین شەهیدی گەلەکەمان هاوڕێ شێخ غەریب حەسەنی بەڕێوەچوو.

لە بەشێك لە ڕێوڕەسمەکەدا ڕامبوود لەتف پووری ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب وتارێکی سەبارەت بە کەسایەتی هاوڕێ شێخ غەریب پێشکەش کردو بەم بۆنەیەوە لەلایەن کومیتەی ناوەندی‌یەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کاری هاوڕێی شەهیدو هەموو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو دانیشتوانی شاری سەقز کرد.

لوتف پووری لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا ئاماژەی بە دەسبەسەر کرانی هاوڕێ کەماڵ شەریفی کردو داوای لە هەموو ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ کرد کە بە گوشار هێنان بۆسەر کۆماری ئیسلامی پێش بە ئەشکەنجەی ناوبراو لە لایەن جەللادەکانی ئەو ڕێژیمەوە بگرن.

هاوڕێ شێخ غەریب حەسەنی کوڕی شێخ عەبدولقادر ساڵی ١٣٣٢ لە گوندی "کاوەلە"ی ناوچەی سەقز لە دایك بووە. ساڵی ١٣٥٨ پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبەوە گرتو هەر ئەو ساڵە بە ڕەسمی چەکی پێشمەرگایەتی لەبەر دەکا. شەهید شێخ غەریب بە هۆی لێهاتوویییەوە هەر زوو دەبێتە کادری ناوچەو دواتر بوو بە ئەندامی کومیتەی شارستانی سەقز. ساڵی ١٣٦٤ بە ئاگاداری حیزب واز لە تێکۆشانی ئاشکرا دێنێو بەریزی تەشکیلاتی نهێنی حیزب پەیوەست دەبێ. چالاکبوونی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بۆ ماوەیەك زیندانی بکرێ. هاوڕێ شێخ غەریب ساڵی ١٣٨٢ پاش ئازاد بوون لە زیندان دەگەڕێتەوە ڕیزی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبەوە لە ناوەندی ١ی کوردستان سازمان دەدرێ. پاش کۆنگرەی ١٤ی حیزب شێخ غەریب لە بەشی فەرهەنگی کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدا.

## سەپاندنی حوکمی قورس بەسەر چالاکانی مەدەنی کورد هەروا درێژەی

لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا چەندین چالاکی مەدەنیو سیاسیی کورد لەلایەن دادگاکانی شۆڕشەوە حوکمی قورسیان بۆ بڕایەوە. ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی جۆزەردان هانا عەبدی تێکۆشەری بواری مافەکانی ژنانو ئەندامی کەمپیەنی یەك میلیۆن واژۆ بە ٥ ساڵ زیندانو دوور خرانەوەی بۆ زیندانی گەرمی لە پارێزگای ئەردەبیل مەحکووم کرا. هانا عەبدی ماوەی نزیك بە ساڵێك بوو لە زیندانی شاری سنە دەسبەسەر بووو بەهۆی ئەشکەنجەی ڕوحیو جەستەیی‌یەوە جارێك هەوڵی خۆکوشتنی دابوو.

هەروەها سێ ڕۆژ دواتر داداگای شۆڕشی شاری تاران دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دەسبەسەر کرانی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، سەرەنجام حوکمی ١١ ساڵ زیندانی بەسەر محەممەد سەدیق کەبوودوەند دا سەپاند. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە کەبوودوەند ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی بارودۆخی نالەباری زیندان تووشی جەڵتەی مێشك دەبێو ئەمەو وێڕای چەندین جۆر نەخۆشی دیکە کە بەپێی هەواڵەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندان دا تووشی هاتووە تا ئێستا لەلایەن کاربەدەستانی قەزایی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئیزنی هیچ چەشنە چارەسەرییەکی پزشکی پێنەدراوە. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی دووشەممە ٣ی پووشپەڕ فاتمە گوفتاری ئەندامی ئەنجوومەنی ژنانی ئازەرمیهر لە شاری سنەو دایکی چالاکی خوێندکاری یاسر گوڵی کە ماوەی چەند مانگێك بوو دەسبەسەر کرابوو، لەلایەن لقی ٣ی دادگای جەزای شاری سنەوە حوکمی ١٨ مانگ زیندانی بەسەردا سەپا. فاتمە گوفتاری ڕۆژی ٧ی جۆزەردانی ئەمساڵیش لەلایەن لقی ١٠٣ی دادسەرای گشتی شاری سنەوە حوکمی ٨ مانگ زیندانی بۆ بڕابۆوە.



هەروەها تەها ئەحمەدی هاووڵاتییەکی دیکەی شاری سنە بەتاوانی "محاربە"و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان بە ٢٠ ساڵ زیندانو دوورخرانەوە بۆ زیندانی میناب لە پارێزگای هورموزگان مەحکووم کرا. ناوبراو مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوو لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە شاری سنە دەسبەسەر کراو تا ئێستا لە بەندیخانەی ناوەندی ئەو شارە ڕاگیراوە.

## پارتەکانی سوئێد ناڕەزایەتیی بەرامبەر بە سەپاندنی حوکمی قورس بە سەرچالاکانی کورد دەردەبڕن

پارتی چەپ و پارتی لیبراڵی سوئێد بە دوو نامە ناڕەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بەحوکمی ١١ ساڵ زیندان بۆ کەبوودوەند چالاکی مافی مرۆڤ و ٥ ساڵ زیندان بۆ هاناعەبدی چالاکی بواری ژنان لە کوردستان دەربڕی. ئەم نامانە یەکیان بۆ خامنەیی، شاهرودی وئەحمەدی‌نژاد نووسراوەو ئەویتریش کە واژوی زۆربەی پارلەمانتارانی سوئێدی پێوەیە ناردرارەتە پارلەمانی یەکیەتی ئورووپا. لە نامەی یەکەم داوا لە سەرانی دەوڵەتی ئێران کراوە حوکمی داسەپاو بە سەر گشت چالاکانی مەدەنی بەتایبەت کەبووەوەندو عەبدی بەتاڵ کرێتەوەو بەبێ هیچ مەرجێك ئازاربکرێن. نێوەڕۆکی نامەی دوویەمیش داوایەکە لە پارلمانی یەکیەتی ئورووپا بۆ دەرکردنی بڕیارنامەیەك لەو بارەیەوە کە چیتر بەرانبەر ئەو نادادپەروەرییانە دا بێدەنگ نەبن. "ئامینە کاکە باوە" پارلەمانتاری بەڕەچەڵەك کوردی پارتی چەپی سوئێد دەڵێ: جگە لەو نامانە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی پارلەمانی ئورووپا چاوپێکەوتنمان هەبوو و ڕەنگە بە زوویی بڕیانامەیەك دەرچێ.

# هەڵبژاردەیەك لەو پەیامانەی بۆ کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتوون

بەشی سێهەم

## پەیامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی رزگاریی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاوی رزگاریو سەربەخۆ بوون...

لە پێوەندی بە پێکهێنانی کۆنگرەی حیزبە خەباتگێرەکەتان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێزو تێکۆشەر دەکەین، دەخوازین کارەکانی کۆنگرە لە رەوشێکی دێموکراتیانەی بەرهەمداردا بەڕێوە بچێ، بڕیارو راسپاردەی گرنگو پێویستی تێدا وەربگیرێ.

هاورێیانی بەڕێز! لە ژیانی رێکخراوێکی سیاسیدا کۆنگرە وێستگەی هەڵسەنگاندنو چاوخشاندنەوە بە کارەکانی رابردوویە، بڕیارگەی کارنامەی داهاتووە، بەو هۆیەوە سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازین.

بە تایبەتییش لە کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بۆ پێوەندیو کاری هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا.

جارێکی دیکەش سڵاوو پیرۆزبایی خۆمانتان بۆ دووپات دەکەینەوە.

**مەکتەبی سیاسیی**
**حیزبی رزگاریی کوردستان**
**٢٠٠٨/١/١٩**

## پەیامی هەیئەتی سیاسی – بەڕێوەبەریی "ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵقی ئێران – ئەکسەرییەت"

**خۆشەویستان!**

بە بۆنەی پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتانەوە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان - ئێران، پیرۆزبایی ئاراستەی خۆتان و ئەندامان و لایەنگرانتان دەکەین. پڕ بە دڵ ئاواتەخوازین کۆنگرەکەتان بەرەو گەشەکردن و یەکیەتیی هەموو ریزەکانی حیزب بڕوا و تەبایی و یەکانگیریی ئەو حیزبە لە خەبات بۆ سەقامگیریی دێمۆکراسی لە وڵات و دابینکردنی ویستی خەڵکی کوردستان بڕیار و ڕێچارەی گونجاو بخاتەڕوو.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێوە لە هەل و مەرجێك دا کۆنگرەی چوارەهەم دەگرن کە دوای تەواوبوونی کۆنگرەی پێشووتان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە جیابوونەوەیەکی تاڵی دیکەشی ئەزموون کرد و ڕاست لەو کاتەدا کە شەپۆلێك ناڕەزایەتی و ڕێپێوانی خەڵك، شارەکانی کوردستانی ئێرانی داگرتبوو ریزی یەکگرتووەکانی حیزب تووشی لەتبوون هات. ئەو رووداوە زەبرێکی کاریگەر بوو لە ئازادیخوازی لە ئێران و هاووڵاتییە کوردەکانمان کەوت.

هیوادارین کۆنگرەکەتان زۆر بوێرانە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاکامە پڕ لە زیانەکانی ئەم جیابوونەوەیە هەنگاو بنێ و بوار بۆ تەبایی و رەبایی هەموو ریزەکانی حیزب بڕەخسێنێ.

لە روانگەی ئێمەوە فرەچەشنیی نەتەوەیی و کولتووری لە ئێران دا راستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئێمەش یەکگرتوویی و بەهێزبوونی متمانەی خەڵکی بە یەکتری و پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتمان لە قەبووڵکردنی ئەم راستییە و لە پەرەپێدانی پتر و قووڵتری دێمۆکراسی و ئازادیدا دەبینین.

جارێکی دیکەش بە بۆنەی پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتانەوە پیرۆزبایی خۆمان دەردەبڕین و هیواداین ئەم کۆنگرەیە بتوانێ بە سەرنجدان بە بەرژەوەندیی نەتەوەییمان و دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێرانێکی یەکپارچە و دێمۆکراتیك دا بڕیار و راسپاردەی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە لە خزمەتی ئاشتی، دێمۆکراسی و پێشکەوتن و یەکسانی دا بن.

**هەیئەتی سیاسی – بەڕێوەبەریی**
**ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵقی ئێران**
**– ئەکسەرییەت.**
**هەینی، ٢٦ رەشەمەی ١٣٨٦،**
**١٥ فێورییەی ٢٠٠٨**

## پەیامی د. جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان!

لە گەڵ سڵاوی ئازادیو سەربەخۆیی!

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی تێکۆشەرتان - حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەلایەن خۆمو ئەندامانی سەرکردایەتیو هەموو هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەم.

بەڕێزان! چاوەڕوانیو تێڕادیویی ئێمە لە کۆنگرەکەتان ئەوەیە ئەو بڕیارانەی پەسندی دەکەن تینو تەوژمێکی زیاتر بدات بە خەباتی رزگاریخوازانەمان.

هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرکەتانو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەخوازین

بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!

**براتان: دوکتور جەواد مەلا**
**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**٢٠٠٧/١١/٢٣**

## پەیامی ڕێکخراوی یەکگرتووی فیداییانی گەلی ئێران

هاوڕێیانی خۆشەویست!

پیرۆزبایی چاردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو ئەندامانی حیزبەکەتان دەکەینو لە ناخی دڵەوە سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە بە ئاوات دەخوازین.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەمڕۆ ئیدی پێویست بوونی مافە سەرەتاییەکانی گەلانی ئێران بێ لەبەر چاوگرتنی رەگەزو نەتەوەو ئایین بۆتە شتێکی ئاساییو ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی شتێکی جگەلە سەرکوتو زیندانیو کوشتار بۆ ئازادیخوازان بە دیاری نەهێناوە. بۆیە هەمووان پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە بۆچیو چۆنە کۆماری ئیسلامی توانیویەتی سەرەڕای هەموو بەرگریو خەباتی ئۆپوزیسیۆن نزیك بە ٣٠ ساڵ درێژەی بە ژیانو مانی خۆی دەدا. ئێمە شکمان لەوە دا نیە کە تاکە رێگای کۆتایی پێهێنان بە سەرەڕۆیی ئەو دەسەڵاتدارەتییە خەباتی یەکگرتووی هەموومان بۆ جێگیر کردنی دێموکراسیو ئازادی لە ئێرانو دابین کردنی مافەکانی هەموو گەلانی ئێرانە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

رێکخراوی ئێمە دۆستو هاوڕێو هاوخەباتی ئێوە زۆر بەداخە لەوەی کە لەتبوونو دابڕان کەوتۆتە ئەو ریزەکانی ئێوەوە.

ئێمە زۆر باش ئەوە دەزانین کە رێگاچارەی نەهێشتنی ئەو کێشەیە لەلای خۆتانە. راسپاردەی ئێمە وەك دۆستی لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کۆنگرەکەتان ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانو دابڕان لە ریزەکانتان دا نابێ ئەوانە کاریگەریان هەبێ لەسەر بەردەوامیی لەو رێگا هاوبەشەی هەموو ئێمەو لەتەکەی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش باوەڕیان پێیەتی.

هیوادارین کۆنگرەکەتان ئەو رێوشوێنانە بگرێتە بەر کە دابڕان لە ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆسپو لەمپەر نەخاتە بەردەم هاوکاریو هاوخەباتی لە پێناو ئامانجی مێژووییو هاوبەشی حیزبەکەتان دا.

**کومیتەی ناوەندیی رێکخراوی**
**یەکگرتووی فیداییانی گەلی ئێران**
**سەرماوەزی ١٣٨٦**

## پەیامی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کوردی سووریە

بۆحیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران

پێمان خۆشە بەناوی پارتیمان پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کوردی سووریەوە بەبۆنەی پێکهاتنی چاردەیەمین کۆنگرەی ئاساییتانەوە لە دڵەوە پیرۆزبایی گەرمتان پێشکێش بکەینو سەرکەوتنتان لە بەجێگەیاندنی کاروباری کۆنگرەو دەرکردنی بڕیارو ئامۆژگاریی ئەوتۆدا کە کۆمەك بە بەرەوژوور چوونی خەباتەکەتان لە پێناوی ئازادیو رزگاری لە بەر نیری رێژیمی کۆنەپەرستی ئێرانو دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی پلوڕال بکەن کە لەودا ئامانجەکانی گەلی کورد وەدی بێنو مافە نەتەوایەتییە رەواکانی دابین بکرێن، بە ئاوات بخوازین.

هاوڕێیانی خۆشەویست! ئێمە لە کاتێك ئۆگریی خۆمان بۆ گەشەپێدانی پێوەندییە دوو قۆڵییەکان وەك دوو حیزبی برادەر دەربڕین، لەم بۆنەیەدا لێتان ناشارینەوە کە زۆر لەو لەتبوونە بەداخین کە ئەم حیزبە بەخۆیەوە دی، حیزبێك کە پێوەندییەکی مێژووییمان لەگەڵی هەیە.

**دەستتان دەگوشینو سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی چاردەیەمتان**
**پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کوردی سووریە**

## بەرەی دێموکراتیکی گەلیی نەتەوەی عەرەبی ئەحواز

دۆستان، هاوخەباتان، رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

جەنابی حەسەن زادە!

بە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبەکەتان. هیوادارین لەم کۆنگرەیەداو پاش کۆنگرەش حیزبەکەتان بە ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی بۆ ئازادیو بەختەوەریی نەتەوەی خەباتگێری کورد بگاو لەگەڵ رێبەرانی ئێوەو لە پەنا خەباتگێرانی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی دیکە بتوانین بناخە لەرزۆکەکانی ستەمو دیکتاتۆریو دەسەڵاتی دژی ئینسانیی حکوومەتی ئێستای ئێران دە زبڵدانی مێژوو باوێینو ئازادیو سەربەرزیو ئیمکانی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان وەدی بێنین.

هاوڕێیانو دۆستانی خەباتگێڕ!

بەرەی دێموکراتیکی گەلیی نەتەوەیی عەڕەبی ئەحواز، وێڕای پیرۆزبایی پێکهێنانی ئەم کۆنگرەیە، هیواداره لە داهاتوودا هاوکاریی نێوان هەر دوولامان بگاتە قۆناغی پێشکەوتووترو بتوانین لە پەنا یەکترو بە هاوکاریی رێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکە بگاتە قۆناغی پێشکەوتووترو بتوانین لە پەنا نەتەوە ژێر ستەمەکانی دیکە بە مافەکانمان بگەین.

**مەحموود ئەحمەد ئەحوازی**
**لەلایەن، کۆمیتەی ناوەندیی**
**بەرەی دێموکراتیکی گەلیی نەتەوەی عەرەبی ئەحواز**

## پەیامی پارتی سوسیالیستی چەپی نورویژ

**بۆ بەرێزان حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران**
**کۆمیتەی نوروێژ!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

پارتی سوسیالیستی چەپ سڵاوی گەرمی خۆی پێشکەش بە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران دەکات.

کوردەکان لە وەزعێکی سیاسیی دژوار دان. لەلایەك تورکیە هێرش دەکاتە سەر کوردستانی عێراقو، بە توندی ئەو خۆپێشاندانانە سەرکوت دەکا کە لە تورکیە، لە دژی ئەو هێرشە پێك دێن، لەلایەکی دیکەش ئێران مافی کوردەکان ژێر پێ دەنێو رۆژنامەنووسو چالاکوانانی مافی مرۆڤ دەخاتە بەندیخانە.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا پێویستە هێزێکی بە توانا هەبێ کە لە پێناو وەدیهێنانی دێموکراسیو بنبڕکردنی ئەو ناعەداڵەتییانە تێبکۆشێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران، نوێنەرایەتیی بەشێك لەو هێزە بە توانایە دەکات. هەبوونی ئەو حیزبە زەروورەتێکە بۆ پێکهێنانی ئاڵو گۆڕو دابین کردنی دێموکراسی لەو ناوچەیەدا.

هەمووماندەزانین کە لە رێگای چالاکیی سیاسیو هاوکاری کردن لەگەڵ یەکتر، رێگای گەیشتن بە ئاشتیو دێموکراسیو سەربەخۆیی هەموارتر دەبێ.

ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە ئێوە هەر ئاوا شێلگیرانە ئیدامە بە خەباتو تێکۆشانی خۆتان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خەڵك لە وەزعی کوردەکان ئاگادار بێتو دەنگی خۆتان بە دنیای دەرەوە بگەیەننو هەروەها چاوەڕوانی پێوەندییەکی گەرمترو هاوکاریی زیاتر لە داهاتوو داین.

سەرکەوێ کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە سڵاوێکی دۆستانەوە

**پارتی سوسیالیستی چەپی نوروێژ**
**٢٠٠٨/٢/٢٦ ئۆسلۆ**

## پەیامی گۆتفرید هیرز

بە نوێنەرایەتی لەلایەن سەوزەکانی پارێزگای ئۆبەرئوسترایشەوە داوای سەرکەوتنی ١٤یەمین کۆنگرەی حزبەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەمو هیوادارم کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت.

هەر لەو کاتەدا هیواداری دەردەبڕم کە گرتنی ئەم کۆنگرەیە هەنگاوێکی پڕ لە هێزو توانا بێت بۆ بەهێز کردنو پەرەپێدانی دیمۆکراسی لە کۆمەڵگای ئێران دا.

ئێمە سەوزەکانی پارێزگای ئۆبەر ئوستەرایش دڵنیاتان دەکەینەوە کە هەروا پشتیوانو پشتگیری حیزبەکەتان، حدك دەبین بۆ خەباتی رەواتانو بە تایبەتی لە خاڵە گرینگەکانی وەك مافی دیاریکردنی چارەنووسو مافی بەرابەریی ژنو پیاوان دا.

دیمۆکراسی کۆنسێپتێك نیە کە تەنیا بۆ داموودەزگایەك یان حیزبێك بێت بەڵکوو کۆنسێپتێکە کە دەبێ تێکڕای کۆمەڵ بگرێتەوە.

لە کۆتاییدا سڵاوی گەرم بۆ بەشداران و سەرکەوتوو بن.

**گۆتفرید هیرز**
**سەرۆکی دەستەی ئەندامانی**
**پارلمانی فراکسیۆنی سەوز**
**لە پاریزگای ئۆبەرئۆستەرایش**
**٣ی مارسی ٢٠٠٨**

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# پێشکەوتنی مێژوویی زمانی کوردی و هێندێك تایبەتمەندیی سروشتی ئەم زمانە

فاخیر پێنهانی (٣-٣)

**دروشمی پاراو کردنی زمان، بە پێچەوانەی بیروڕای هێندێك کەس، لە بیرێکی نەتەوە پەرستانەی چاوچنۆك و وشکەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو ئەو هەستە شتێکی سروشتییە کە هەموو نەتەوەیەکی پێشکەوتوو بۆ پاراستن و گەشە پێدانی زمان و کولتووری خۆیان لە سەری سوورن..**

**ئەم وتارە لە گۆڤاری "لیکۆلین" سەر بە ئەنیستیتۆی کورد لە ئاڵمان بە زاراوەی کورمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی لە لایەن دوکتور زەردەشت حاجۆوە نووسراوەو پێم باش بوو بۆ ساز کردنی پێوەندی لە نێوان دوو زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردی و لێك تێگەیشتنی زیاتر، ئەم وتارە بە کورمانجی سۆرانی بخرێتە بەر دیدەی خوێنەران و لە راستی و ناراستی و بیرو بۆچوونەکانی ئەم وتارە نووسەر بەرپرسە و ئێتر تەنیا بووینەتە ئامرازی گواستنەوە و وەرگێڕان.**

ئێمە دەتوانین بڵێین لەو کاتەوە میرجەلادەت بەدرخان ژیانی خۆی بۆ رێکخستنی زاراوەی کرمانجیی ژووروو دانانی رێزمان تەرخان کرد، ئەم بەشە لە کوردەکان بوون بە خاوەنی زمانێکی نووسراوەیی، رێكوپێك و هەتا رادەیەك پێشکەوتوو بوونی هێندێك گیروگرفتی راست نووسین و جیاوازیی شێوەی دەربڕینی وشەکە هەتا ئێستاش بە تەواوی چارەسەر نەبووە، ناتوانێ لە نرخی ئەم راستییە کەم بکاتەوە.

داخوازو داواکاریی من لە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و دەسەڵاتدارانی بواری فەهەنگ و زمان لەم بەشە لە کوردستان ئەوەیە، لەو مەڵبەندانەی خەڵکەکەی بە زاراوەی کرمانجیی ژووروو دەپەیڤن، دەس لە پیتی عەرەبی بۆ نووسینی زمان بەردەن و رێگە بدەن خوێندکارو قوتابیانی کورد لەم دەڤەرانەدا بە پیتی لاتینی بنووسن و بخوێنن و رێزمانی میر جەلادەت بەدرخان وەك بنەماو ئەساس وەربگیرێ، هەتا پێوەندیی زیاتر بەرقەرار ببێ لە نێوان ئەو کوردانەی بە کرمانجیی ژووروو دەپەیڤن.

هەرچەند لە زاراوەی کرمانجیی باکووردا لە نێوان بن زاراوەکانی مەڵبەندە جۆراوجۆرەکاندا هێندێك جیاوازیی دەبینرێ، بەڵام ئێستا ئۆگران و خوێنەرانی ئەم پەرتووکە کوردییانەی لە باکووری کوردستان یان لە دەرەوە (زۆربەیان لە ئورووپا) چاپ و بڵاو دەبنەوە و دەکەونەوە کوردستان، لایەنگرانی خۆیان هەیە و خەڵك بە گشتی لە مەڵبەندە جیاوازەکانیش کەم کەم بەو زمانە یەکگرتووە راهاتوون.

لەم چەند ساڵانەی دواییدا هێندێك فەرهەنگ (وشەدان)ی کوردی - تورکی ئامادە کراون کە ئەوان یارمەتیی خەڵك دەدەن هەتا لە وشەی مەڵبەندەکانی تریش تێبگەن و خۆیان لە ناوچەگەری دەرباز بکەن و ئەو زمانە نووسراوە جێی خۆی باشتر بکاتەوە.

هەروەك زاراوەی کرمانجیی ناوین کە ئێستا خەڵکی هەموو ناوچەکان لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان پێی راهاتوون و فێری بوون و بەرەوپێش دەچێت.

هەرچەند لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە جیاوازییەك هەیە، ئەویش ئەوەیە بە خۆشییەوە، نزیکی نیو سەدەیەك دەبێت کە هەلومەرجێکی، باشتر بۆ زاراوەی کرمانجیی ناوین رەخساوە و لە قوتابخانەکان و زانکۆکان دەرسی پێ دەخوێندرێ و بەرەوپێش دەڕوات. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا ئێستاش بە جۆش و خرۆشێکی زۆر زمان و ئەدەبی کوردی بە زاراوەی کرمانجیی ناوین خەریکی خۆتەیار کردنە و بە هەزاران پەرتووك و گۆڤارو رۆژنامە بەو زاراوەیە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، بە جۆرێك کە بە راستی ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین، ئەم زاراوەیە بەرەو پلەی زمانێکی یەکگرتووی پێشکەوتووی خاوەن دەوڵەت هەنگاو دەنێ.

بە داخێکی گرانەوە بە پێی هەلومەرجی سیاسی و نەبوونی ئیمکانی لەبار بۆ ئەم زاراوەیە هەتا ئێستاش بە پیتی عەرەبی دەنووسرێتەوە و ئەوە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی کوردەکانی باکوور لە بەشەکانی ترو لێك تێنەگەیشتن و لێك دابڕانی نووسەران و رووناکبیرانی ئەم زاراوەیە.

سەبارەت بەم گیروگرفتانە دەبێ بڵێم، کێشەی نووسین بە پیتی عەرەبی لە داهاتوودا وەکوو مەترسییەکی گەورە دەبینم لەسەر پێکهاتنی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد.

سەرەڕای ئەوەش، نەتەنیا لەباری زمانەوانییشەوە کە - پیتی عەرەبی بۆ بنەماڵەی زمانە سامییەکان دامەزراوە و نووسراوە - بەڵکوو لەباری سیاسییشەوە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد دا نیە کە بە پیتی عەرەبی زمانەکەی بنووسێتەوە.

هەر بۆیە داواکاری ئێمە لە بەڕێوەبەران و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بڕیارێکی مێژوویی بدەن و هەلومەرجێك پێك بێنین کە هەنگاو بە هەنگاو لە پیتی عەرەبی دوورکەوینەوە و بە پێی پلان و ساڵ بە ساڵ بەرەو نووسین بە پیتی لاتینی بڕۆین.

بەخۆشییەوە ئێستا تێکۆشان و خەباتی نووسین و پەرەپێدان بە زمانی کوردی لە نێو هەردووك زاراوەی سەرەکیی کوردیدا دەبینین. کەم نین ئەو کەسانەی بە هەستێکی بەرزو دڵێکی گەورەوە خەریکی نووسینەوەی چیرۆکی جۆراوجۆرو هەڵبەست و شێعرو پەندی پێشینیان و زۆر شتی دیکەی تایبەت و زیندوو خۆی بسەلمێنێ.

دیارە هەر ئەو زوڵم و زۆرە بە درێژایی مێژوو وای لێکردووین، کە ئاخێوەرانی زمانی کرمانجی (کوردی) مەترسی ئەوەمان لەلا پەیدا بێ کە زمانەکەمان بە هێرشی زمانی بێگانە بەرەو لەنێو چوون دەچێ. بۆیە "پاراوکردنی زمان" وەکوو قەڵخان بۆ مانەوە و نەفەوتان لە دژی ئەم هێرشانە بەکار دێنین.

هەرچەند هێندێك بیروبۆچوون هەیە، دەبێژن، "سۆزو پێداگری بۆ کوردین و لە فەوتان رزگاریان دەکەن و دەیانپارێزن و دەیاننووسنەوە.



**ج) زاڵ بوونی وشە بیانییەکان (inter ferenz) لە زمانی کوردیدا**

کاتێ ئێمە بە مێژووی ئەدەبی خۆماندا دەچینەوە، زاڵ بوونی وشەی عەرەبی و فارسی لە ئاسەوارە نووسراوەکانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و ... زۆر کەسی دیکەش بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ و قورسایی زمانی بێگانە لەسەر زمانی کوردی زۆر زەق و بەرچاوە.

کەچی نووسراوی نووسەرانی ئێستامان بەرێژەیەك توانیویانە لەچاو بەرەی نووسەرانی رابردوومان خۆیان لە کۆت و زنجیری زمانە بێگانەکان رزگار بکەن، بەڵام نە بە تەواوی. دیارە زمانەکەمان وەك باری سیاسیی خەڵکی کورد بە بندەستی و ژێردەستی درێژەی بە ژیانی خۆی داوە و جارێکی دیکە دەخوازێ خۆڵ و خاشاکی بندەستی لەسەر رووی لا بدات و وەك زمانێکی

پاراوکردنی زمانی نەتەوەیی" نیشانەی جۆرێك لە خۆپشت راست بوون و زمان پەرەستییە.

بەڵام بە پێچەوانە سۆزداری بۆ زمانی نەتەوەیی، بەو مانایەیە کە ئەو زمانە بگاتە ئاستێك چوارچێوە و مۆرکێکی نەتەوەیی تایبەتی پێوە دیار بێ و وەکوو زمانێکی سەربەخۆ کە خاوەن شێوازو بنەمایەکی داڕێژراوی خۆماڵی و کوردی بێ چاوی لێ بکرێ.

دیارە گەیشتن بەو ئاستە، ویست و داخوازی هەموو کوردێکی وشیار وەکوو پێویستییەك بۆی دەڕوانین و ئەگەر ئەو یەکیەتییە لە زمانی کوردیدا جێ بگرێ مایەی شانازی و سەرفرازیی هەموو کوردێك دەبێ و بە سینگێکی فراوانەوە بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی هەوڵ دەدرێ.

ئەو داخوازەی کە دەڵێ: زمانی کورمانجیی (کوردی) پاراو پاکژ بکرێ و بگەڕێتەوە سەر ئەساس و بنەمای خۆی و ببێتەوە زمانێکی زەلاڵی کوردی، نیشانەی شۆڕش و سەرهەڵدانێکە لە زمانی کوردیدا.

ئەم شۆڕش و سەرهەڵدانە بۆ خۆ پاراستن لە دژی زمانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کە مەبەستیان، ژێردەست کردن و لەنێو بردنی زمانی کوردییە سەری هەڵداوە.

دیارە دروشمی پاراو کردنی زمان، بە پێچەوانەی بیروڕای هێندێك کەس، لە بیرێکی نەتەوە پەرستانەی چاوچنۆك و وشکەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو ئەو هەستە شتێکی سروشتییە کە هەموو نەتەوەیەکی پێشکەوتوو بۆ پاراستن و گەشە پێدانی زمان و کولتووری خۆیان لە سەری سوورن.

دیارە ئەم هەستە، واتە حەز کردن لە زمانی دایك، شتێکی ئاسایی و سروشتییە و منداڵ چۆن لە سەرەتاوە بەو زمانە گەورە دەبێ و تیکەڵاوی ئەو زمانە دەبێ و ئەوە مافی خۆیەتی، پاراستنی ئەم زمانەش ئەرکی سەر شانی ئەوە.

بەڵێ زمانی کورمانجیی (کوردی) ئەستوندەکی ماڵی کوردان و بە هێزترین پێناسەی نەتەوەیی کوردانە.

زمانی کوردی باری کولتوورو ناسنامەی کوردی لە سەر شانە و پاراستویەتی و وەکوو هێمایەکی سیاسییە بۆ مانەوەی کوردو قەڵای پارێزەری ئەم گەلەیە و دەبێتە هۆی رزگار بوونی دوارۆژمان.

لە ئاکام داو بەرهەمی باسەکان:

**- زمانی کوردی و زاراوەکانی ئەم زمانە:**

١- زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و لە نێو زمانەکانی جیهاندا وەك زمانێك دەناسرێتەوە.

٢- ئەمڕۆ دوو زاراوەی سەرەکی لە زمانی کوردیدا بوونیان هەیە:

ئەلف) کورمانجیی باکوور (ژووروو)

ب) کورمانجیی ناوین

**- لە بواری نووسین دا:**

ئەمڕۆ هەر وەك زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردی، هەر یەکەی بە شێوەیەك خۆی گەیاندۆتە ئاستێکی بەرزو لە زمانێکی ستاندارد نزیك بۆتەوە و بە هەر دووك زاراوە ژمارەیەکی زۆر پەرتووك و بڵاڤۆك و گۆڤار دەردەکەون و بڵاو دەبنەوە.

**- لە بواری ئاخافتن و زمانی سەرزارەکی دا:**

١ - کورمانجیی ناوین ئەمڕۆکە توانیویەتی لە باری سەرزارەکی و ئاخافتنی خەڵك دا بە هۆی بوونی رادیۆ و راگەیاندن و تەلەفیزیۆنی کوردی ئاستێکی بەرز لەم بوارەش دا بە دەس بێنێ.

٢ - کورماجیی ژووروو (باکوور) هەرچەند بە هۆی گرفتی سیاسی و زەختی حکوومەتی تورکیە لە سەر ئەم زاراوەیە و نەبوونی رادیۆ و راگەیاندن بە شێوەیەکی ئازاد، نەیتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە بەرەو پێش بچێ و بەجێ ماوە، بەڵام رۆژبەرۆژ بەرەو هەلومەرجێکی باشتر هەنگاو دەنێ.

٣ - ئەمڕۆ جودا لە دوو زاراوە سەرەکییەکە، دوو زاراوەکەی تریش خۆیان پاراستووە.

دیارە ئەم دوو زاراوەیە هەر چەند نەیانتوانیوە وەك زاراوە سەرەکییەکان بەرەو پێش بڕۆن و گەشە بکەن، بەڵام لە باری نرخ و بەهایان بۆ کوردستان هیچ جیاوازییەکیان دەگەڵ دوو زاراوە سەرەکییەکە نیە:

ئەلف) کرمانجیی (زازاکی)

ب) گۆرانی(هەورامی)

**- چەند پێشنیار بۆ بەرەو پێش بردن و ستاندارد کردنی زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستا دا:**

١ - پێویستە هەموو رێکخراوو حیزبە سیاسییە کوردییەکان بە گشتی لە کۆنگرەو کۆبوونەوەی خۆیان دا بڕیارێکی سیاسی دەرکەن و بێنە سەر ئەو رایە کە کورد هەموو بە یەك پیت و ئەلفو بێ بنووسن، ئەویش پیتی لاتینی- یە، کە لە سەردەمی ئێستا دا پێویستییەکی زانستییشە.

٢ - پێویستە هەموو ریکخراوو حیزبە سیاسییەکان بە گشتی ئەم بڕیارە پەسند بکەن کە بۆ فێربوون و بەرەو پێشبردنی زاراوەی کورمانجیی ژووروو (باکوور) رێزمانی گەورە پیاوی کورد میرجەلادەت بەدرخان وەکوو بنکەو بناغەی ئەم زاراوەیە بە رەسمی بناسن.

٣ - ئێمە بە پێویستی دەزانین کە بە تایبەتی لە باشووری کوردستان و لە دەرەوەش، لە زانکۆکاندا مامۆستای زمانی کوردی شارەزایی بە سەر هەر چوار زاراوەی کوردی دا هەبێ و زاڵ بوون بە سەر هەموو زاراوە کوردییەکان دا وەکوو مەرجی بوون بە مامۆستای زمانی کوردی لە بەر چاو بگیرێ.

٤- لە هەر مەڵبەندێك لە کوردستاندا کە زاراوەیەك بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی خەڵکی ئەم ناوچەو مەڵبەندەیە، پێویستە منداڵەکانیان قوتابخانەی سەرەتایی بە زاراوەی خۆیان بخوێنن و پێی پەروەردە بکرێن و لە خوێندنی ناوەندییش بۆ سەرتر لە هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو زاراوە سەرەکییەکە سەر پشك بن.

٥ - پێویستە زمانزانان و زانایانی بواری زمانی کوردی بە مەبەستی لێك نزیك کردنەوەی زاراوەکانی زمانی کوردی و پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی لە سەر هەموو زاراوەکان لێکۆڵینەوەی زانستی بکەن و لە کۆنفرانسی زانستیدا بیرو رایان بگۆڕنەوە و بیانخەنە بەر باس و شیکردنەوە و ئەنجامەکانی پێشکەش بکەن.

# دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ شیمبۆرسکا شاعیری پۆڵۆنیایی وەرگری نۆبڵی ١٩٩٦

دیانە: سعید کمالی دهقانی
و. ڕەسووڵ سوڵتانی



ئـــەو کەســـــەی لــــە کـــەس ناچێ.........

لــــە نێـــو هـــەمووی ئــــەو تایبەتمەندییانەی کە وادەکەن وڵاتانی ئەوروپی لێك بچن، واتە لە نێو تـەواوی ئەو تایبەتمەندییانـەی کـە مـرۆڤ ناچار دەکـەن بڵـێ:" ئـەورووپا لـە وڵاتێکـی یەکپارچـە دەچـێ‌و خەڵکەکەشـی لـە نەتەوەی یەك وڵات." تایبەتمەندییەکی بێوێنە لە لای هێندێ لە هونەرمەندان‌و نووسـەرانی کارامـەی پۆلـۆنی بـەدی دەکـرێ کـە ئـەوان لــە تــەواوی هونەرمەنــدو نووســەرانی دیکــەی ئـــەورووپیی هاوپـــەیمانی پۆڵۆنیـــاو تەنانەت جیهانیش جیا دەکاتەوە.

" کریســـــتۆف کیشلۆفســـــکی" دەرهێنەری کارامەی فیلمەکانی (شین، سووکر، سپی)، " ربیگنیف پرایزێر" ئاوازدانەری فیلمـەکانی کیشلۆفسکی - " رۆمـان پولانێسـکی" دەرهێنـەری فیلمی "منداڵی ڕەزمـاری" - "ریشـارد کاپوشینسکی" نووسەرو ڕۆژنامـەڤانی ناوداری کتێبی "ئیمپراتۆر"و هـەروەها "ویســـواوا شیمبۆرســـکا" شـــاعیری بێهاوتـای پۆڵۆنیـایی، هـەر هـەموان نموونەگـــەلێکی لـــەو چەشـــنەن. هونەرمەندگـــەلێك کـــە بەرچـــاوترین تایبەتمەندییەکـــــەیان "جیــــاواز بوونیان"ە. لێکدانـەوەو شـیکردنەوەی ئــەم تایبەتمەندییــە یــا هـــەر ئـــەو "جیاوازییــە"ی ئــەم هونەرمەندانــە، لەوانەیـە کـارێکی دژوار بێـت. لەبـەر ئەوەیکە پاش تێپـەڕینی ئـەو هـەمووە ساڵە، بـە بیسـتنی موسـیقای فیلمـی "شین" ئاوازی نـەمری " پرایزێر"مـان وەبیر دێتـەوە ئـەو کاتـەی کە ژولیت "بینـوش" لــە خـۆوە بـە تەنیشـت پیانۆکەدا تێدەپەڕێ‌و چەند نوتەیەکی سـادە دەژنـێ. بـەڵام بە دژواری تێ‌دەگـەین لەوەیکـە چ رازو نهێنییـەك بووەتــە هــۆی ئەوەیکــە ئــەو "قولــە ڕەشانە"و ئەو "چەنگ"ە سادانەی کە هەموو کەسێك دەتوانێ بیانژەنێ: لە بیرمــان بمێــنن. شــێعری "ویســواوا شیمبۆرسکا"ش مرۆڤ ئاوا لێ دەکا.

ویســـواوا شیمبۆرســـکا، شـــاعیری هەشـتاو پێـنج سـاڵەی پۆڵۆنیـایی‌و براوەی خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیی ١٩٩٦، پیرەژنێکی میهرەبان‌و لێو بە پێکەنینە، کە ڕوخساری لـە چۆلەکە دەچـێ. بـە کـەمی سـەفەر دەکـا، کـاری بـە کـاری کـەس نیـەو بـڕێکیش شـەرمێونە. شیمبۆرســـکا وەکـــوو شـــێعری "پیـــواز"ەکـــەی دیاردەیـــەکی سـەرکەوتوویە. "کەسێك کـە لـە هـیچ کـەس ناچـێ". لەگـەڵ هـەمووی ئـەو قسانەشدا، زۆر خـۆ لـە وتووێـژ نـادا. هەر بۆیـەش ژمـارەی ئـەو وتووێژانـەی کـە هـەتا ئێسـتا لەگەڵیـدا کـراون لـە قامکەکانی دەست کەمترن.

خۆی لـەم بارەیـەوە لـە یـەکێك لـە وتووێـــژە دەگمەنـــەکانی‌دا کـــە لــــە "گاردیــەن" لــە ســاڵی ٢٠٠٠ دا بــڵاو بووەتـــەوە بـــە ســـەر ســـوورمانەوە دەڵــێ:" ڕاســتیتان دەوێ ئــەمن هــیچ تێناگەم کە خەڵك بۆچی پێیان خۆشـە من بدوێنن. لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا زیاترین قسەیەکی کە کردبێتم ئەوەیە کە هیچ شتێ نـازانم. لـە تەمـەنێك دام کــە دەبوایــە لــە ڕووی مەعریفییــەوە کەسێکی خاوەن پێگەو ناسراو بوایـەم کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیـە کـە چ لـە هیچ نازانم. من پـێم وایـە زۆربـەی ئـەو تێکدەری‌و کاولکارییانـەی مرۆڤایـەتی، بــە دەســتی ئــەو کەســانە کــراون کــە پێیان وابووە شتێك دەزانن."

لەگەڵ هەمووی ئەوانەش‌دا، کاتێك نـۆ مـانگ لـەوەپێش داوام لـە "مایکل زرینك"ی سکرتێری شیمبۆرسکام کـرد کـــە هـــەوڵ بـــدا دیمانـــە لەگـــەڵ ڕۆژنامەیـــەکی ئێرانـــی ڕەزامەنـــدیی شیمبۆرسکا بۆ وەرگرێ، لـە وەڵامـدا گـوتی:" هـــەر بیریشـــی لێ مەکـــەوە، شیمبۆرسکا خۆ لە وتووێـژ نـادا. جگـە لەوەش، ئێستا سەرەتای هاوینەو ئـەو بـــۆ مـــاوەی ســـێ مـــانگ چـــووەتە کوێستان‌و هـیچ ڕێگەیـەکی پێوەنـدی گـــرتنیش نییـــەو تەنانـــەت ژمـــارە تەلەفۆنیشـی نیـە. ئەگـەر هـەر لەسـەر داواکـــەت ســـووری ئـــەوا پـــاش ســـێ مـانگی‌تـر پێوەنـدی بگـرەوە بـا پێـی بڵـێم." سـێ مـانگ دواتـر پێوەنـدیم گرتـــەوەو شیمبۆرســـکا کـــە زمـــانی ئینگلیزیی نەدەزانی، قەبووڵی کرد کـە بـــە زمـــانی پۆلـــۆنی‌و لـــە ڕێگـــەی ســـکرتێرەکەیەوە وتووێژەکـە بکـەین‌و بەو مەرجەی هەر وەڵامێکی حەزی لێی بێ وەڵام نەداتـەوە، نەیداتـەوە. هـەر واشــی کــرد. ســەرەڕای هــەمووی ئــەو شتانە پێم سەیر بوو کە چۆنە ملی بۆ ئەو وتووێژە ڕاکێشاوە. لە شیمبۆرسکا کـــە لـــە شـــێعری "کردەنییـــەکان"دا دیکێنـــــزێ پــــێ باشـــــترە لــــــە داستایۆفسکی‌و گاڵتەجاڕ بوونی شێعر نەنووسین لەگاڵتـەجاڕ بـوونی شـێعر نەنووسین پـێ باشـترە، پرسیارم کـرد کــە بۆچــی " وتووێــژ کــردن لەگــەڵ ڕۆژنامەیـەکی ئێرانیـی پـێ باشـترە لـە وتووێـژ نـەکردن لەگـەڵ ڕۆژنامەیـەکی ئێرانـی"، وەڵامـی دامـەوە" وایـە، بـە دژواری قایل دەبم وتووێژ بکـەم لەبـەر ئەوەیکە ئـەمن هـەر لـە پـێشدا دەزانم کە دەبێ خوێنـەرەکان بێهیوا بکـەم.

حـــەز ناکــــەم لەســــەر ئــــەدەبیات‌و شێعرەکانم قسە بکەم‌و لە قسە کردن لە بارەی ژیانی تایبەتی خۆشمەوە خۆ دەبوێرم. سەبارەت بـە وتووێـژ لەگـەڵ تــۆدا پـێم وایـە، ڕەوشـەکە خـراپتر دەبێت. چونکی لەوانەیە ئـەم وتووێـژە لە وڵاتێك بـڵاو بێتـەوە کـە ئـەمن قـەت نەچـوومەتە ئـەوێ‌و زۆر بـە کـەمییش زانیـــاریم لەســـەر مێـــژوو، بەڵگـــەو ئەدەبیاتەکـەی هەیـە کـەوابوو هـەر لـە پێشـدا دەزانم کـە وتووێـژێکی بـاش نابێت، بەڵام بڵێی‌و نەڵێی مـرۆڤ کێچـی لـە کـەوڵی دەکـەوێ." وتوێـژ لەگـەڵ شیمبۆرسکادا هەرچەندە هیوا کـوژیش بێـت، لانیکـەم مـرۆڤ لەگـەڵ شـتێکی گرینگ ئاشنا دەکات. لەوانەیە هەر ئەو شــتەی کــە شیمبۆرســکای جیــاواز کردووە. هەر ئەوەیکە ئەو لەو هەمووە ســاڵەدا هــەوڵی داوە بڵــێ نــازانم. یــا ئەوەیکــە ئەگــەر قســەیەکی شــیاوی گوتنی پێ بێ، ئـەوا لـە شـێعرەکانی‌دا دەری دەبڕێ. شیمبۆرسـکا خـۆی لـەم پێوەندییەدا، لە یەکـەمین وتووێـژێك دا کـە پـاش وەرگرتنـی نـۆبڵی ئـەدەبیات لەگــەڵ کــەناڵی ئاســمانیی پۆڵۆنیــای کــردووە دەڵــێ:" بــە ڕاســتی زۆری لێ دەڵێین‌و زۆر قسان دەکـەین. هــەموان خــەریکن قســە دەکــەن. زیــادە لــە پێویســت. هـــەموان پێیـــان وایـــە شتێکیان بۆ گوتن پێیـە. لـە حاڵێکـدا لەوانەیـە قسـەی شـیاوی گـوتن‌و پـڕ بایەخ لە سەدەیەکدا، دوو یا سـێ جـار هەڵکەوێ. ئەمن خۆم کەسێکی زۆربڵـە نیم. ئەمن بەر لەوەی قسـەیەك لەسـەر شتێك بکەم حەزم لێیە یـەك دوو ڕۆژان بیری لێ بکەمەوە. پێم خۆشە قسەکەم بایەخی دوو ڕۆژ بیرکردنەوەی هەبێ."

ویسواوا شیمبۆرسکا لـە دووهـەمی ژووئیـەی سـاڵی ١٩٢٣ لـە پارێزگـای " پێزنــان"ی پۆڵۆنیــا لــە دایــك بــوو. زێدەکــەی ئــەو زۆر لــە شــار دوورە. هێنـدێ کـەس دەڵـێن لـە "بـەنین" لـە دایکبووەو هێنـدێکیش پێیـان وایـە لـە "کورینك". لە ڕاستیدا شیمبۆرسکا لـە دایکبــووی " کۆرینکــە" بــەڵام لــە ناسـنامەکەیدا نووسـراوە بـەنین. ئـەو خۆی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئـەو جووتـەدا نابینـێ لەبـەر ئەوەیکـە هـەر وەك لە شێعرەکانیشی‌دا "جیهـان" بـە زێدی خۆی دەزانێ. ئەو ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ بنەماڵەکەی‌دا چووە "کراکۆ"و لەوێ دەستی بە خوێندن کـرد. لەگـەڵ دەسـت پێکـردن‌و هەڵایسـانی شـەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٣٩ دا لە قوتابخانـەکانی پۆڵۆنیا کـە بـە نهێنـی کرابوونەوە، دەستی بە خوێندن کردو لـە سـاڵەی ١٩٤٣ ەوە لـە کۆمپانیـای هێڵی شەمەندەفەردا خەریکی کارکردن بوو.

هـەر لـەو سـەرو بەنـدەدا بـوو کـە شێلگیرانە وەشوێن شێعر کـەوت. هـەر چـەندە وەکـوو خـۆی دەڵـێ هـەر لـە منداڵییەوە شێعری نووسیون. لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، دەسـتی کـرد بـە خوێنـدنی زمان‌و ئـەدەبیاتی پۆلـۆنی‌و دواتـر لـە زانکـۆی کراکـۆ کۆمەڵناسـیی خوێنـدو هەر لەو سەردەمەدا لە ژێر کاریگـەریی شـاعیری نـاوداری پۆلـۆنی‌و وەرگـری نۆبڵی ئەدەبیی ساڵی ١٩٨٠ " چسواف مــی وەش" دەســـتی کـــرد بـــە بڵاوکردنـــەوەی شـــێعرەکانی لــــە ڕۆژنامـەکان‌و گۆڤـارە نێوخۆییەکانـداو قۆڵی لە وەرگێڕانی شێعری فەرەنسـی بۆ سـەر زمـانی پۆلـۆنی هـەڵماڵی. " ژولــین ڕۆگوزینســکی" یــەکێك لــە ڕەخنــەگرانی ئــەدەبیی پۆڵۆنیــاو هــــەروەها وەرگێـــڕی بەرهەمگـــەلی فەرەنســی بۆســەر زمــانی پۆلــۆنی، وەرگێڕانەکانی شیمبۆرسکای بە شاکار زانی. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش‌دا کاتێك ڕای شیمبۆرســکا لەســەر وەرگێڕانــی بەرهەمــەکانی بۆســەر زمــانی فارســی دەپرسـم‌و دەڵـێم کـە بـە پێچـەوانەی ئەوەیکـە زۆربـەی جـاران وەرگێڕانـی شـێعر کـارێکی خـۆڕایی‌و بێهودەیـە، بەڵام شێعرەکانی ئێوە تا ڕادەیەك خـۆ بـە دەسـتەوە دەدەن. لـە وەڵامـدا دەڵـێ: ئـەمن پـێم وایـە دژ کـردەوەو هەستەوەری‌و کونجکۆڵییەکانی تەواوی مرۆڤـەکانی سـەر زەوی لـە بەرامبـەر خەم‌و شادی‌دا وەك یەکن. ئەمنیش لـە شـێعرەکانمدا سـوودم لـەو وێکچوییە وەرگرتــوە."، شیمبۆرســکا یەکــەمین کۆمەڵـە شـێعری خـۆی بـەناوی " هـەر بۆیە لەم جیهانـەدا دەژیـن" لـە سـاڵی ١٩٥٢داو لـە کاتێـك‌دا بڵاوکـردەوە کـە ڕژێمی کۆمۆنیزم پۆڵۆنیـای تـەنیبۆوە. ئـــەویش ســـەرەتا پشـــتیوانیی لــــە ستالینیزم کردو تەنانـەت شێعریکیشـی بە ناوی لینین"ەوە هۆنییەوەو بـوو بـە ئەنــدامی " حیزبـــی کرێکـــارانی یەکگرتوو"ی پۆڵۆنیا. بەو حاڵەشـەوە، وردە وردە لە ئایدۆلۆژیا دوورکەوتەوەو کەوتە ڕەخنەگرتن لـە بیروباوەڕەکـانی پێشـووی خـۆی. شیمبۆرسـکا هاوکـات لەگـەڵ ئـەم چالاکییانەدا، درێـژەی بـە ژیانی ئـەدەبیی خۆیشـی داو لـە سـاڵی ١٩٥٣دا بــوو بــە ئەنــدامی گۆڤــاری ئـــەدەبیی " ژیـــانی ئـــەدەبی"و هـــەتا ســاڵی ١٩٨١ بابــەتی تێــدا نووســی. ویســـواوا شیمبۆرســـکا دوازدە ســـاڵ لەمەوبـەر لـە حاڵێـك‌دا خـەڵاتی نـۆبڵی وەرگرت کـە تـەنیا نزیـك بـە دوو سـەت کۆپلە شێعری نووسیبوو. بڕیاری دانـی ئـــەم خەڵاتـــە بـــە شیمبۆرســـکا لـــەو دەگمـەن بڕیارانـە بـوو کـە بـە بـاوەڕی زۆربـــەی ڕەخنـــەگرانی جیهـــان بـــۆنی سیاسی لێ نەدەهات.

شیمبۆرسکا هەرچەندە لـە شـێعری "منداڵانی ئەو سەردەمە"دا، " تـەواوی کاروباری ڕۆژانەو شەوانە، هی تـۆ بـێ، هی ئێمـە یـا ئێـوە"، بـە بابەتگـەلێکی سیاســـی دەزانـــێ، بـــەڵام چـــالاکییە سیاســـییەکانی هـــیچ کاریگەرییـــەکیان بەسەر ئـەدەبی ئـەوەوە نـەبووە. هـەر بۆیەش بە وتـەی زۆربـەی ڕەخنـەگرانی ئــــەدەبی، شــــێعری شیمبۆرســــکا، شێعرێکی سیاسـی نـین. ئـەو خـۆی لـە وڵامــی پرســیارێك دا کــە هـــەر لــەو پێوەندییـەدا لـێم پرسـی دەڵـێ:" ئـەو بابەتە پێوەندیی بە منەوە نیـە. دەبـێ بـەرۆکی ئاکـادیمیی نۆبـل بگـرن نـەك یەخـەی مـن". لەگـەڵ ئـەوەشدا دانـی خــــەڵاتی نــــۆبڵ بــــە شیمبۆرســــکا هەرچەندە، قازانجێکی بۆ ئـەو نـەبوو، لــــە ســەرانســـەری جیهـــاندا گـــەلێك خوێنـــەری لەگـــەڵ شـــێعری ئـــەو ئاشـــنا کردن. کاتێك لێـی دەپرسـم کـە نۆبـڵ، ژیانی گەلێك لـە نووسـەران‌و شاعیرانی جیهـانی گۆڕیـوە ئـەدی ژیـانی تـۆ؟ دەڵێ:" باوەڕ دەکەی یا ناکەی کـەیفی خۆتە، بەڵام قەت بیرم لە خەڵاتی نۆبل نـەکردبۆوە. خـراپترین کـارێکی کـە نووســەرێك دەکــرێ بیکــا ئەوەیــە کــە چاوەڕوانی خەڵات بێ.". شیمبۆرسـکا کـــە پـــاش "هێنریـــك ســـینکیڤیچ" "وادیســـوا ریمونـــت"و" چســـواف میـــوەش"، چـــوارەمین نووســـەری پۆڵۆنیە کە خەڵاتی نۆبڵی بردووەتەوە، خـۆی ئـەو خەڵاتـە بـە شـتێکی وەك مڵـــۆزم نـــاو دەبـــات‌و تەنانـــەت لـــە وتووێژێك‌دا لەگەڵ " خـاتو والاسـی"ی دەسـتە خوشکی‌دا دەڵـێ:" لـە تـەواوی ژیانم دا هەوڵی ئـەوەم داوە خـۆم" بم و ئێسـتا دەیانـەوێ کەسـایەتیم لێ سـاز بکەن. بەڵام غەریزەی خۆم کە متمانەی تەواوم پێیەتی پێم دەڵێ کە ئەم بـوون بــە کەســایەتییە دەتوانــێ بــۆ مــن مەترسیدار بێت. هەموو ڕۆژێ کۆمـەڵێك نامەم پێ دەگەن کە داوایان لێ کـردووم لــە ڕێــورەسمی جۆراوجــۆردا بەشــداری بکــەم. پــەردە هــەڵگرم یــا ئەوەیکــە ڕێبەرایـەتیی خۆپێشـاندانێك وەئەسـتۆ بگـرم. بـەڵام ئەگـەر ببمـە پێشـەنگی خۆپێشاندانێك ناچار دەبم ڕێبەرایـەتیی خۆپێشـــاندانێکی دیکـــەش وەئەســـتۆ بگـرم‌و لەوانەیـە ئـەم خۆپێشـاندانەیان دژی ئەوی یەکەم بێت."

شیمبۆرســـکا شــــاعیرێکی قســـــە نەستەق‌و بژاردە بێژە. دەڵـێ:" لەگـەڵ خۆمدا لـە شـەڕدام بـۆ ئـەوەی نەچمـە ڕیزی شـاعیرە لاوازەکانـەوە. ئەوانـەی کە شێعرەکانیان پڕاوپڕە لە وشە." بە دەگمـەن‌و کـەم شـێعر دەنووسـێ. بـە گشتی هەتا ئێستا نزیـك بـە دووسـەت‌و پــەنجا شــێعری نووســیون بــەڵام وەك ڕەخنــەگری ئــەدەبیی پۆڵۆنیــایی واتــە گۆڤینسکی دەڵێ:" ڕەخنـە لـە خۆیشـی دەگـــرێ هـــەر بۆیەشـــە کـــەم شـــێعر دەهۆنێتەوە بـەڵام هـەموو شـێعرەکانی گـــرینگن." هـــەر بۆیـــەش دەکـــرێ شیمبۆرســـکا بـــە شـــۆپەن بچـــوێنین" مۆسیقارێك کە زۆر کەمی نووسی بـەڵام هەر ئەو بڕە نووسینەشی کە لـە پاشـی بەجێما، هەموو شاکارن. شیمبۆرسـکا سەبارەت بە کەم نووسینەکەی دەڵێ:" سـەتڵەکەی بـەر دەسـتم لـە دیـوی کـار پڕە لە کوتـە کاغـەزی بـەکار نـەهاتوو. ئەو شێعرانەی کە دوانیوەڕۆیـان دەیـان نووســـم بـــۆ بـــەیانی دیســـانیش دەخوێندرێنـــەوە، دەگمـــەنن ئـــەو شــێعرانەی کــە خــۆ لەبــەر تاقیکــاریی زەمەن ڕاگـرن." یـەکێك لـە گـرینگترین تایبەتمەندییـــــەکانی شـــــێعری شیمبۆرسـکا، سـادەیی هۆنراوەکـانێتی شــێعری ئــەو شــێعری ڕووداوەکــانی ڕۆژانــەن. هــەر ئــەوەش بووەتــە هــۆی ئەوەیکە بۆ وێنە شـێعری " پشـیلەیەك لــە مــاڵێکی چــۆڵدا"ی شیمبۆرســکا لەسـەر زارو زمـانی هـەموو پـیرو لاوی پۆڵۆنیـا بێـت. سـەبارەت بـە شـێوەی نووسین پرسیار لە شیمبۆرسکا دەکەم. ئەوەیکـە بۆچـی شـێعر دەنوسـێ؟ لـە وەڵامدا دەڵـێ:" بڵێیـی‌و نـەڵێم ئـەمن زینـدووم‌و دەژیـم. کـە وابـوو، دەبیـنم، دەبییەم، هەست پێدەکەم‌و دەهـەژێم. ئەگـەر شـتێك ئـازارم بـدا، دەی باشـە، شـێعری بـۆ دەنووسـم. ئەوەیـە ڕازی شێعر نووسیی من."

هـــەروەها شـــێعری شیمبۆرســـکا شێعری گومـان‌و دڕدۆنگییـە. بـەردەوام دەڵـێ، ئەگـەر، لەوانەیـەو هـەروەك لـە شـێعری " عیشـق لـە یەکـەم نیگـا" گوتوویـەتی ( خـۆی ئەگەرچـی هـەر دووکیـان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە عیشقێکی کتوپڕو لـە نـەکاو پێکـەوەی گـــرێ داون" هەرچـــەندە " وەهـــا متمانەیـەك جوانـە" بـەڵام بـە گشـتی "گومـان جـوانترە". کـە لەسـەر ئـەو گومانە جێگەی سەرنجەی نێـو زۆربـەی شـێعرەکانی لێـی دەپرسـم دەڵـێ:" کاتێك لاو بـووم لـە هـەموو شـتێ دڵنیا بـــووم. دەی باشـــە، وەهـــا گرفتێـــك سەرچـاوەکەی لـە نـەبوونی وشـیاری‌و ئـەزموونی تـەواودا بـوو. بەختەوەرانـە ئەوەنـدەم بـەختو شـانس هـەبوو کـە زیرەك ترو هۆشیارتر بم‌و تێگەیشتم کـە هـیچ کـەس ناتوانـێ لـە هـەموو شـتێك دڵنیـا بێـت. زەمـەنێکی زۆرو تێڕامـان‌و بیرکردنەوەیەکی دوورو درێژی پێویستە بۆ ئەوەی یەکێك بتوانێ بە دڵنیاییەوە بـە خـۆی بڵـێ دەزانم، یـا ئەوەیکـە لـە سەر شتێ، یا کەسێك داوەری بکـا.". بـەو حاڵەشـەوە کاتێـك سـەبارەت بـە شـێعری بـاش لێـی دەپرسـم دەڵـێ:" بەڕای من شـێعری بـاش ئـەو شـێعرەیە کە هەموو وشەیەکی لـە جێگـەی خـۆی دانرابێـت‌و نـەکرێ جێگـەی وشـەیەك لەگەڵ یەکی دیکە بگۆڕی." جاری وایـە مـــۆرکی کەســـێکی هەســـتەوەر لـــە شیمبۆرسکا دەدەن‌و هـەر چەنـدە ئـەو جوابی ئەو پرسیارەی نەدامەوە کە لـەو بارەیـەوە لـێم کـرد. بـەڵام پێشـتر لـە وتووێـژێك‌دا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی گاردیـەن گوتبووی: شێعر نووسین بەرخودانێکـە. لەبـەر ئەوەیکـە ئیحساسـات لـە نـاخی هەموو مرۆڤێـك دا هەیـە. بـەڵام شاعیر دەبــێ دژی ئــەو هەســتە ڕاوەســتێ. ئەگەر قەرار بێ کەڵك لە هەستەوەریمان وەرگرین ئـەو کـات هـەر ئەونـدە بەسـە بڵێین:" خۆشم دەوێـی، تۆخـودا مـەڕۆ، جێم مەهێڵە، بەبێ تـۆ ئـەمن چ بکـەم؟ ئاخ، چ نیشتمانێکی ناخۆشم هەیە، ئاخ چەندە چارەڕەشم".

*

## بەڕێوەچوونی سێیەمین فستیڤاڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی




سێیەمین فستیڤاڵی ڕۆشـنبیریی سـلێمانی لـە ژێـر نـاوی "لـە پێنـاو گەشـەو زینـدوو ڕاگرتنـی چـیرۆکی کــوردی"دا بــەڕێوە چــوو. لــەم فسیتڤاڵەدا، کـە تایبـەت کرابـوو بـە ڕەخنەی چیرۆکی کوردی‌و لـە سـەر ئەم بنەمایە ڕێك خرابوو کە چیرۆك‌و ڕۆمانی کوردی هەنووکـە لـە قـەیران دایــە، ڕەخنــەگران چــەند دەقــی ڕەخنەییان لە سـەر چـەند چـیرۆك‌و ڕۆمــان لــە مــاوەی ســێ ڕۆژدا پێشـکەش کـرد. شـایانی باسـە کـە چـەند چـیرۆك نـووس‌و ڕەخنـەگری خۆرهـــەڵاتی کوردســـتانیش لـــەم فســـتیڤاڵە ڕۆشـــنبیرییەدا بەشـــدار ببـــوون‌و دەقـــە ڕەخنەییـــەکانی خۆیانیـــان پێشـــکەش بـــە ئامـــادەبووانی فســـتیڤاڵ کـــرد. ســـێیەمین فســـتیڤاڵی ڕۆشـــنبیریی ســـلێمانی لـــە دوای ٣ ڕۆژ کـــاری بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

# وەڵامێك بۆ فەرهاد شاكەلی

لــە پــاش ئــەوەی جــەنابی مامۆستا (فەرهاد شاكەلی) بیستو پێـنج سـاڵی ڕەبـەق كـوردو كوردستانی خۆشەویستی جێ هێشتو دایە دەست قەزاو قەدەری ڕۆژگار، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠) تەنها بۆ (جەو) گۆڕینێك بەسەردان هاتەوە بۆ كوردستانی عێراق بە گشتیو هەولێری پایتەخت بە تایبەتی. دوای ئەوەی پێشوازییەكی زۆر گەرمو گوڕی لێ كراو ڕێزێكی زۆری لێ گیرا بە ناوی شاعیری گەورەو زانای بەناوبانگو مؤلف و مترجمو مفكرو مفسیرو... هتد ناسێنرا، كەچی دوای ئەو هەموو گرینگی پێدانە كۆڕێكی شیعریان بۆ ساز دا زۆر بەداخەوە دەربارەی شیعری شۆڕشگێڕی زۆر بە ڕاشكاوی فەرموی ( بە بڕوای من شیعر هیچ كاتێك ناتوانێ ببێتە فاكتەرێك بۆ مەرامی شۆڕشگێڕی بەكار بێت. بەڵام هەر وەكو هەندێك شاعیر لە هەندێك زروفی تایبەت دەبن بە خزمەتكار دەكرێ ئەو شیعرانەش بە هەمان شێوە وەكوو خزمەتكار دەوری خۆیان ببینن بۆیە من نە ئەو جۆرە شیعرانە بە شیعر دادەنێمو نە شاعیرەكانیشیان بە شاعیر دادەنێم. شیعریش ئەوە نیە كە خوێنەر خوێندیەوە یەكسەر تێی بگات بەڵكوو دەبێ زۆر لە كاتی خۆی تەرخان بكات بۆ گەڕان بە دوای تێگەیشتنیدا شیعر دەبێ وەكوو شیعرەكانی من بێت كە هەتا ئێستا لە هەموو كورد سێ كەس تێیان دەگەن!

بۆیە منیش بەو پارچە شیعرە وەڵامم داوەتەوە كە دێڕی یەكەمی شیعرەكە هی (احمد شاملو)ەو بە ئەنقەست ناوی زۆر لەو كەڵە شاعیرانەم تێدا هێناوە كە لە ئاستی وێژەوانیدا بە شاعیری زۆر گەورەو بەناوبانگی كوردەواری دەژمێردرێنو شیعرەكانیشیان لە بواری ڕۆشنبیریی نیشتمانپەروەریدا هەمیشە مەشخەڵی ڕوناككەرەوەی ڕێگای ڕزگاریو پێشكەوتنخوازیی گەلی كورد بوون.

با دوا بڕیاریش بۆ خوێنەران بێت داخوا شاعیرو شیعری شۆڕشگێڕی وەكو بۆچوونەكانی جەنابی شاكەلی دوو شتی بێبنەماو بێئەنجامن، یاخۆ هەستی نیشتمانپەروەری بەلای خانەكانی بیركردنەوەی جەنابیدا نەچووە.

## { وەڵامێك بۆ فەرهاد شاكەلی }

گەردوونێكی چەپ گەردان و ڕۆژگارێكی سەیرە گوڵم
ئەوڕۆ شیعرێك دەڵێم كەچی بەیانی خۆم لێی دوو دڵم

لە فەرهەنگی كوردەواری ورد دەبمەوە لێی دەڕوانم
واژەی گەرم و نەرم و ناسك تۆراون نایەنە ژوانم
دەڵێم شیعرێكی تەڕ بڵێم دەڵێن بۆ عومری تۆ نابێ
هەروەك ئیلهامی شیعری من لە دەستی خەڵكی تردا بێ

لە تاوی دەردی دڵ تاوێ ئەگەر بدوێم لە كوڵمی گەش
لە سینەو گەردەنو پەرچەم برۆو برژانگ و چاوی ڕەش

لەناو كۆڕی دڵدارانا گەر بێمە سەر باسی ئەوین
ئەگەر بێژم هێلانەی دڵ لەناو زوڵف و بسك و كەزین

ئەگەر بێژم دیدەی لێڵم بە دیداری جوانی ڕوونە
دەڵێن بەو ڕندێنی بۆزت بۆ تۆ شەرمە حەیاچوونە
ئەگەر هەستم بۆ مەبەستم وەك بووكی ڕازاوەی خەیاڵ
وەكو چیرۆكی ئەوینی ئەفسوناوی لاسو خەزاڵ

بێنم هەڵبەستێك داڕێژم بەهارێك بێ لە كوردستان
بیدەمە دەستی شاعیرو هونەرمەندو ئەدەب دۆستان

سەرپێیی سەیرێكی دەكەن ئەمما سەرنجی نادەنێ
شیعریش وەك منداڵی ساوا ڕووی پێ نەدەی پێناكەنێ
ئەگەر هەوەك "پیرەمێرد"ی سەر گردەكەی مامە یارە
بشكێنم بازاڕی ترس و سامی زیندان و سێدارە

شیعر بڵێم بۆ نیشتمان بۆ كوردەواری بۆ نەورۆز
ببمە پشكۆ چەشنی "هێمن" سور هەڵگەڕێم بە "رقی پیرۆز"

وەكو "حاجی قادر" كە بێم بانگی ئازادی هەڵبڕم
وەك "بێ كەس" و "قانع" ئەگەر هەستی كوردانەم دەربڕم

ئەگەر وەك مامۆستا "هەژار" هەستم لە سەر خۆ بە وردی
داڕێژم تەڵقینێكی تر بە زمانی شیرینی كوردی

ڕێبوارێكی هاوڕێبازی "هێدی" بم وەك دۆستو هەڤاڵ
بكەومە شوێن دەنگی زەنگی پێشەنگی "كاروانی خەیاڵ"

چونكی ئەو كاروانچی چاكەو كاروانەكەش بێوەستانە
كاروانسەراش ئەو سێبەری بن پەرچەمی كوردستانە
خۆ پێم وایە بەو هەستەوە هەستم دەست لە شیعر وەردەم
لەو ڕێگایە كۆسپو كەندو كلۆی گەورەم دێنە بەردەم

بەڵام هەر بۆ بووژانەوەی دابو كولتورو فەرهەنگم
بڕیارم دا گوێچكەی جیهان بزرینگێنێتەوە دەنگم
دەربەستی وەی نیمە دوژمن بەیتو باوی بۆ هەڵبەستوم
تا ئێستا هەر پێم نەوەستا ئەوڕۆش من لە خەم خەڵەستوم

ئەمما ئەو داخە كوشتمی ئەوەی ئەو خەونی پێوە دی
شارەزاو پسپۆڕێكی كورد گەرەكیە بۆی بێنێتە دی
ئەو ڕۆژەی موژدەیان بەخشی دەسەیری كەن چی هاتەوە
وتمان ئاخۆ كێ بێ گوتیان: "ئەكبەر وەتەن چی" هاتەوە

"فەیلە سوفە تاقانە"كەی! ! كوردی هات لە عەسرە كۆڕێ
لەو كۆڕەدا باسی شیعری شۆڕشگێڕی هێنا گۆڕێ

نوزە نوزێكی نزمۆكە و چەند وشەی بێگانەی تێخست
گوێزەكانی خۆی ئەژماردن خاڵی كرد هەمبانەی "تێكست"! !

لە ڕۆژنامە و لە گۆڤارا لە شاشەی ڕاگەیاندندا
لە تێڕوانینێكی تەسكو بۆچوونێكی سەراوبندا

سەبكی شیعری شۆڕشگێڕی لە زانست و زەینی ئەودا
وەك ڕێبوارێكی نامۆ بوو لە ناو تاریكایی شەودا

ئەو شاعیرەی هۆزانیشی بۆ شۆڕشوانی داناوە
ماستاوی سارد كردۆتەوەو لە بواری شیعرا دۆڕاوە! !

من حەز ناكەم فەرمودەی ئەو ناسك هەستە باڵا دەستە
بێنم وەك بەڵگەش بینووسم لە چوارچێوەی ئەم هەڵبەستە


هەرچی فەرمووی ئەمجارە خاتری خانەقای "مەولانا"
وامن چاوپۆشیم لێ كردو بەخشیم و پاكیم وەولانا

هێندەم پێ باشە ئەو پەندەی پێ بێژم وەك ئامۆژگاری
"سووسە" و "بقە"یە مامۆستا چۆن ئاگر پێی دەكرێ یاری

شاعیری ئەیلول ـ كاروخ مەلا عوسمان

# چاوەڕوانی

ڕەحمەت ڕەنجبەر



ئێوارەیەو لە سەر تەختەكەی پاڵی داوەتەوە. تەختەكە وەك داردوژینك جۆلانێ دەكات. دێو دەچێت. بە ئاستەم خۆی ڕاگرتوە.

ماندووو هیلاك لە سەر تەختەكە لاقی ڕاكێشاوە. زەق چاوی لە گلۆپەكە بڕیوە. گلۆپ زەردو جوان شەوق دەداتەوە. جارجار دلۆپێك فرمێسك بە سەر گۆنایدا دێتە خوارێ. ئاگای لە خۆی بڕاوە كە چاوی وەك گۆمی خوێنی لێ هاتوە، چاوی وەك دەریای بێبنی لێ هاتوەو وەك كانیاو هەڵدەقوڵێ. بیر لە ڕۆژانی ڕابردوو دەكاتەوە. ئەو ڕۆژەی كە بێماڵئاوایی دایكی دڵسۆزی بەجێ هێشت. بابی پیری كەوا وەكازی دەستی ئەو بوو بێ-ماڵئاوایی چاوەڕوانی كرد. دەڵێنو دڵنیاشە كە هەر وایە، دایكی هەر بەدەم گریانەوە ڕۆژێ سەدجار شینی بۆ دەكات، بۆی دەپاڕێتەوەو لە چاوەڕوانی ساتی دیدار دایە. بیر لەو ساتە دەكاتەوە كە چۆن بێبەزەییانە بەجێیانی هێشت.

بۆ ڕۆیشتی، چی وای لێ كردی دایكو بابتی بۆ بەجێ بێڵی، بە دوای ئاواتەكانی خۆتدا دەگەڕێیت؟ ئەمانە ئەو پیتانە بوون بە سەر زاری دایكیدا دەهاتنو دەچوون. نا نا، من بە مەبەستێكی دیكە چووم. چووم باخەوانی لە خاكی بێنازم بكەم. ئەو خاكەی وا دارەكانی بێئاون. میوەكانی بێخاوەنن. نەچووم ببمە خاوەنی، چووم بۆ كاركردن لەم باخچە شیرینە. چەندە جوانو بێوێنەیە، هەموو جۆرە میوەیەكی تێدایە. من قەت لەم باخەدا بێتاقەتو وەڕەز نابم. میوەی ڕەنگاوڕەنگ، هەر یەكیان تامێكی هەیە. لەم باخەدا دەخولێمەوە تا ئاواتەكانی باو باپیرانم دێنە دی. ئەویش بەم جۆرە خەریك بوو دەگەڵ ڕۆحی دایكی دەدوا كە لە ڕووناكیی دلۆپەكەوە خۆی دەرخستبوو.

لەم كاتەدا كارەبا زوو وەئاگای هێنایەوە. وڵات تاریك داگەڕا. چاوی تەنانەت پێش خۆیشی نەدەدیت. كە هەستایەوە تا چراكە هەڵبكات، پێی وەئیسكانێك كەوتو دەسبەجێ شكا. هەر ئەو ئیسكانەی ئاوی پێ دەخواردەوە. هێند ماندوو ببوو كە لە سەر شوێنی خۆی دای-نەنابۆوە. چووە لای تاقی ژوورەكە چراكە بێنێتە خوارێو هەڵی كات. سەر تاقەكە زۆر قەرەباڵغ بووو بە چەتوونی توانی چراكە بدۆزیتەوە. بە ئەسپایی دەستی بردو چراكەی هێنایە خوارێ. دەیزانی كە شووشەی چراكە دووكەڵی گرتوە. لە لەتێك پەڕۆ گەڕا تا خاوێنی بكاتەوە. بەڵام لەتە پەڕۆی پێ نەدۆزرایەوە. دەستی برد شەمچەیەكی دەرهێناو بە تەنیشت قاڵبەكەیدا هێناو هەڵ-بوو. دەگەڵ هەڵبوونی چرادا دونیا سەرلەنوێ بەخێرهاتنی ڕووناكایی كرد.

گەڕایەوە سەر تەختەكەو لە شوێنەكەی خۆیڕاكشایەوە. ئەمجار چاوی لە دیوارەكە بڕی. وێنەیەكی جوان دیوارەكەی ڕەنگاند. لە ناو ئەم وێنەیەدا گوڵێكی سوور ئێجگار سەرنجی بەلای خۆیدا كێشابوو. چاوی لێ دەكرد. ئاخ ئەو گوڵە سوورەی لە ڕۆژی خۆشەویستیدا دابووی بە خۆشەویستەكەی. هەر لەو گوڵەی سەر دیوارەكە دەچێت.

درگاكە كرایەوە. كەس دیار نەبوو. بە پێی عادەتی كوردان فەرمووی كرد. سەرلەنوێ كەس وەدەر نەكەوت. گوێی پێ نەدا. بایەكە بوو درگاكەی كردبۆوە.

جگەرەیەكی داگیرساند. مژێكی لێ داو دووكەڵێكی شینو لانی داگرت. ڕووی لە جگەرەكە كردو لەگەڵی كەوتە دوان. تەنیا ئێمە بۆ یەك دەسووتێین. هەژدە ساڵە ئەم سووتانە بەردەوامە. چۆن دەتوانم لە تۆ دوور بم. خۆ دەشزانم ئەم سووتانەمان دوولایەنەیە. ڕۆژێك دادێ هەر تۆی كە دەمسووتێنی. دەنگی تەلەفۆن هات. گوڵخان تەلەفۆنی كردبوو. ئەو كەسەی قەت چاوەڕوانی نەبوو. لەم كاتەدا بوو كە بە توندی ڕاپەڕی. ئای لەم خەوەی ئەمشەو دیتی.

# کەڵکی سیاسیی لێ وەرمەگرن

سامان رەسولپوور
وەرگێران لە فارسی یەوە: عەلی بداغی

کاتژمێر ٢٠/٤ی رۆژی یەك شەممە ٧ی پووشپەری سالی ١٣٦٦ ی هەتاوی شەش فرۆکەی شەرکەری عێراق بەگازەکانی" خردل"، سیانوور دژە ئەعساب بوردومانی شاری سنووریی سەردەشتو گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارەیان لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا کرد. دوابەدوای ئەو بوردومانەو تەنیا لە ماوەی ٨ کاتژمێردا سەدان کەس گیانیان لە دەست داو هەشت هەزار کەسیش بریندار بوون.

دوا دەرئەنجامەکانی ئەم رووداوە دوای تێپەڕینی ٢١ ساڵ هەروا دیار و بەرچاون. سەبارەت بەو رووداوەو هەروەها باس کردن لە کێشەو گرفتەکانی بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشتو وتووێژ ێکمان لەگەڵ کاك عوسمان موزەییەن، مافناسو سکرتێری حوقووقیی ئەنجومەنی پشتگیری لە بریندارانی شیمیایی سەردەشت پێك هێناوە. بەرێزیان وێرای رەخنەگرتن لە پێڕانەگەیشتنی بریندارنی ئەم رووداوە لە لایەن لایەنە بەرپرسیارەکانەوە گلەیی ئەوەدەکا کە تەنانەت کەڵکی خەراپیش لەو مەسەلەیە وەرگیراوەو دەڵێ: ئەوەی کەسێك بۆ ئیدانە کردنی ئەو رووداوە راگەیاندراو دەرکاو پاش ساڵێك حازر نەبێ وەڵامی سلاوی بریندارنی ئەو رووداوە بداتەوە چ پاساوو روونکردنەوەیەك هەڵ ناگرێ، ئەوەش دەقی وتووێژەکەیە:

**کاك عوسمان ٢١ ساڵ لە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە تێپەڕی. ئایا ژمارەی وردو دروستی بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە بەر دەست دا هەیە؟**

بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە سێ گرووپدا جێ دەگرن: یەکەم: بەر چاوترین گرووپ لەو کەسانە پێك دێ کە برینداری کاتی بوودومانەکانو ژمارەی ئەو کەسانەش بە پێی ئاماری پزیشکانی پسپۆرو جێی متمانەی ئۆرگانە پێوندیدارەکانن، هەشت هەزار کەس گەیەندراوە.

دووهەم گرووپ ئەو کەسانەن لە ژێر چەتری بنیادی شەهیدوکاروباری"ایثار گران" دانو بنیاد ئەو کەسانە وەك گیانباز دەناسێنیو رادەی گیانبازیی ئەو کەسانە لە ٥٪ تا ٧٠٪ دەگرێتەوە کەزۆربەیان رێژەی گیانبازی‌یان کەمتر لە ٢٥ لە سەدە.

دوا گرووپیش ئەو بریندارە شیمیایی‌یانەن کە بەپێی لێکدانەوەی بنیاتی شەهیدو کاروباری "ایثار گەران " گیانبازی سەروو ٢٥ لە سەدنو بە پێی ئەو دەرسەدە دیاریکراوە یارمەتیی ماددیو دەرمانی وەردەگرنو ئەولەوییەتی دامەزران لە ئیدارە دەوڵەتی‌یەکانیان هەیە. دیارە ئەو پێڕاگەیشتن و خزمەتانە گیانبازانی کەمتر لە ٢٥٪ ناگرێتەوە.

بەو پێیە بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت پترلە هەشت هەزار کەسن کە کەمتر لە ٤٠٠ کەسیان گیانبازی سەروو ٢٥ لە سەدنو ئەوانی دیکە هەموویان بە بریندارن خوار ٢٥٪ تۆمار کراون.

**ئێستا بریندارانی ئەو رووداوە پاش تێپەڕینی هەموو ئەو ساڵانە لە چ بارودۆخێكدا دەژینو لەگەڵ چ جۆرە گیروگرفتێك بەرەوروون؟**

هەموو بریندارانی شیمیایی بەدەست کاریگەریی و دەرەنجامەکانی ئەو شیمیابارانەوە دەناڵێنن کە دیارە ئەوە پێوەندی بە رادەی برینداریی ئەوانو رادەی کارتێکەریی گازی خەردەڵ " لە سەر پێست، چاو، گەدەو ئەعسابو دەروونی ئەوانەوە هەیە. جگە لە گیروگرفتی ئەو کەسانە سەبارەت بە کێشەی دەواو دەرمانو زۆربوونی ئێشو ئازارە جەستەیی‌و دەروونی‌یەکانیان سەرەکیترین کێشەی ئەوان کێشەی ماددی و دارایی کە بە هۆی کەمبوونی تواناو هێزی کارکردنی بریندارەکانو چوونەسەری تێچووی دەرمانی تووشی ئەم ئاستەنگە بوونەتەوە. برینداری شیمیایی جگە لەوەی زۆر کێشەو گرفتی جەستەیی‌و دەروونیی هەیە،



ناشتوانێ ئەو جۆرەی پێویستە کار بکاو لە هەموو لایەکەوە تووشی کۆسپو تەگەرە دەبێتەوە. جیا لەوەش پێڕانەگەیشتنی ئۆرگانەکانی لێپرسراوو پێوەندیدار بۆ تۆمار کردنو ناسینی هەموو بریندارانی شیمیاییو لێپرسینەوەو بە دواداچوونی ئەوان بۆتە کۆسپێکی دیکەش لەم پێناوەدا.

**بەرپرسان چەندە ئاوڕیان لەو بریندارانە داوەتەوە؟ چەندە یارمەتی‌یەکانی دەوڵەت بۆ ئەو کەسانە جێی رەزامەندی‌یە؟**

یارمەتیی قانوونی تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە برینداری پتر لە ٢٥ لە سەدنو کەسانی خوار ئەو رێژەیە لەو یارمەتی‌یانە بێبەشن. ئەو کەسانەش کە لەلایەن کۆمیسیونە پزیشکی‌یەکانەوە وەك گیانبازی شیمیایی نەناسراون هیچ چەشنە مافێکیان نیەو بونیادی پێوەندار خۆی لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا بە بەرپرسیار نازانێ. جیا لەو یارمەتی‌یانەی بۆ بریندارانی سەروو ٢٥٪ لەبەرچاو گیراوە کە ئەو کەسانە ٤٪ ی هەموو بریندارەکان پێك دێنن، یارمەتی یان پشگیری‌یەکی دیکە بۆ ئەو کەسانە لە گۆڕێ دانیە.

ئێمە جیا لە دەربڕینی ناڕەزایەتیمان سەبارەت بە شێوەی دیاریکردنی دەرسەدەکانو گرینگی نەدان بە دەرەنجامەکانی برینداریی ئەو کەسانە داوا دەکەین کەوا باشە کەسانی بریندار بەپێی دۆخی تایبەتی‌یان پشتگیری‌یان لێ‌بکرێو یارمەتی بدرێن، نەك ئەوەی سنووری ٢٥٪ بۆ دابنرێ.

چونکە بەپێی تیڕوانینی ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ لە نێوان گیانبازێکی ٢٠٪ یا ٢٥ ٪دا نابینرێو ئەگەر جیاوازی‌یەکیش هەبێ بەو رادەیە نیە کە بە٥٪ جیاوازی لە گیانبازی‌دا یەکیان هەموو ئەو یارمەتی‌و پێڕاگەیشتنانەی پێ ببڕێو ئەوی دیکەشیان بێبەش لە هەمووی ئەو شتانە بێ. دیاریکردنی سنوورو چوارچێوە بۆ ئەو یارمەتی‌و مافە قانونی‌یانە جوانو پەسند نین.

**ئیمکانانی دەرمانیی نێوخۆی وڵات چەندە کفایەتی دۆخی بریندارن دەکا؟**


سەربارەت بە ئیمکاناتی دەرمانی دەبێ بڵێم کە لە کاتی شەڕداو بە هۆی زۆرگرفتی ماددی‌و زانستی پزیشکی، کەرەستەو تیکنۆلۆژیی دەرمانی گونجاومان بۆ بریندارانی شیمیایی لە بەردەست دا نەبوو. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕو بەسەرنجدان بەوەی کە زۆر هێزی نیزامی‌و غەیرە نیزامی برینداری چەکی شیمیایی بوونو چارەسەر کردنی ئەو بریندارانە وەك پێویستی‌یەك خۆی دەنواندو ئیمکانی ناردنە دەرەوەی هەموو ئەوانە بۆ وڵاتانی ئورووپایی نەبوو، زانستی پێویست بۆ چارەسەریی بریندارانی شیمیایی لە ئێران دا پەرەی پێداو پزیشكو پسپۆری زۆر هاتنە نێو ئەو گۆڕەپانەوە. بەجۆرێك کە ئێستا وڵاتی ئێران یەکێك لە پێشکەوتووترین وڵاتان لە بواری چارەسەریی بریندارانی شیمیایی‌یە. ئەگەر ئەو پێشکەوتنە نەبوایە پێڕاگەیشتن بە گیروگرفتو کێشەکانی گیانبازانو بریندارانی شیمیایی کە خۆیان لە ١٠٠ هەزار کەس دەدەن، زۆر ئاستەمو دژوار دەبوو. هەر لەو پێوەندی‌یەدا چەند نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ چارەسەریی بریندارانی شیمیایی دروست کراونو پزیشکی پسپۆرو کەرەستەو تێکنۆلۆژیی زۆر پێشکەتووو مودێرنیان بۆ دابین کراوە.

**بریندارانی شاری سەردەشت زۆربەیان کام بەشی لەشیان تووشی ئازارو ژان هاتوە؟**

ئەو جۆرە گازەی بۆ بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بە کارهاتوە، نابێتە هۆی کوشتنی کوتوپڕی ئەوان. بەڵام ئێشو ئازارو گرفتو نەخۆشی‌گەلێکی دیکەیان تا کاتی مردن تووش دەکا. بریندارانی شاری سەردەشت زۆربەیان لە بەشەکانی چاو، سی‌و سیپەلاك، پێستو ئەعسابو دەروونەوە پێکراونو ئەو برینانەشیان رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر قووڵ دەبێتەوەو لەشساغی‌و تەندروستیی ئەو ئازیزانە تازە بۆیان ناگەڕێتەوە. هەروەها راپۆرتو هەواڵی ئەوەش بە ئەنجومەن گەیشتوە کە هێندێك لە شوێنەکانی شار کە کەوتونەتە بەر رەهێڵەی بۆردومانەکان ئێستاش هەر ئالوودەنو کاریگەریی ئەو پیس بوونە لە سەر وەچەی داهاتووش دیار دەبێ کە هیوادارین ئەو هەواڵانە راست نەبن.

**جگە لە کارتیکەریەیە جەستەیی‌یەکان، کاریگەریی دەروونی ئەو شیمیابارانە چین؟**

گرفتی هەناسەدانو هەروەها زۆرترین کاریگەریی خۆی لە سەر دەروونی مرۆڤ دادەنێ، لە سەرەتایی‌ترینی ئەو خەسارانەیە. ئەو بریندارە پێکراوەی کە بە هۆی پێکانی بە گازی شیمیایی لە سەیرانو تەفریحێکی زۆر چووکەش بێبەشە، بێگومان تووشی نەخۆشی ئەعسابو دەروونی دەبێ. ئەو نەخۆشەی زۆربەی رۆژەکانی تەمەنی لە ژێر چاوەدێری پزیشکی‌و دەوادەرمان‌دا تێپەڕ دەکا دیارە هیوای چارەسەریی یەکجاری لە دڵدا نامێنێو کە دەبینێ هەموو ساڵێك ئازیزترینو نزیکترین کەسوکاری خۆی کە ئەوانیش وەك ئەو بریندار چەکی شیمیایین، دەمرن، پێویستی بە یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی‌و پزیشکی دەروونی دەبێ کە بە داخەوە لەمبارەوە ئۆرگانو ناوەندەکانی لێپرسراو هیچ هەنگاوێکیان هەڵ نەهێناوەتەوەو هەموو ئەرکی خۆیان لە تەرخانکردنی مانگانەیەك بە بریندارانی سەروو ٢٥٪دا دیتۆتەوە. یان ئەوە لە بەرچاو بگرن کە دایکێك پێکراوی چەکی شیمیایی‌یەو بە جێی ئەوەی سۆزو خۆشەویستی خۆی پێشکەشی منداڵەکانی بکا، دەبێ لە نەخۆشخانە چاوەڕوانی چاو




# درێژەی بەدڕەفتاری‌و تاوان بەرامبەر گیراوە سیاسییەکان مەحکووم دەکەین

گرتنی چالاکانی مەدەنی‌و تێکۆشەرانی سیاسی‌و، ئەشکەنجەو ئازاری بەندییە سیاسی‌یەکانو، سەپاندنی حوکمی نادادپەروەرانە بەسەریاندا لە رۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران، هەروا درێژەی هەیە.

لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، چەندین نموونەی زەق لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤو سەپاندنی حوکمی ناڕەوا بەسەر چالاکانی سیاسی‌و مەدەنیی بەندکراو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان داوە. کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە بە پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنە حوقووقی‌و قەزایی‌یە نێونەتەوەیی یەکان، مێرمنداڵێکی کەمتر لە ١٨ ساڵی لە شاری سنە، ئێعدام کرد. هەر ئێستاش مێرمنداڵێکی دیکەبە ناوی سەلاح تاسە کە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بە ئێعدام مەحکوومی کردوە لە چاوەڕوانیی مەرگ دایەو، مەترسی ئەوە هەیە بەم زووانە ئێعدام بکرێ. لە ٣٠ جۆزەردان دا، بێدادگاکانی ئەو ڕێژیمە لە سنە، هانا عەبدی، چالاکی بوارەکانی مافی مرۆڤی بە تاوانی بەشداری لە کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا بە پێنج ساڵ زیندانو دوور خرانەوە بۆ بەندیخانەی شارێکی دوورەدەست لە لای ئەردەبیل، مەحکووم کرد. لە ٢ی پووشپەڕدا، بێدادگای تاران، محەمەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی بە ١١ ساڵ زیندان، مەحکووم کرد. ئەم تێکۆشەرە ماندوویی نەناسەی بواری مافی مرۆڤ کە تاوانی هەرە گەورەی خۆی‌و ڕێکخراوەکەی، پەردە لادان لەسەر ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چالاکانی مەدەنی‌و بەندییە سیاسی‌یەکانە، زیاتر لە ساڵێکە لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە دایە.

ئەم حوکمە ناڕەوایانەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کاتێك دا دەدرێن کە دەیان چالاکی مەدەنی‌و تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە حوکمی قورسو بە چارەنووسی نادیارەوە، هەروا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دان.

تازەترین تاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق چالاکانی سیاسی، ئەو پەلامارە دڕندانەیە بوو کە ڕۆژی ٥ی پووشپەڕ لە شاری سەقز بە دژی دوو چالاکی سیاسیی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوەکانی شێخ غەریب حەسەنی‌و کەماڵ شەریفی بەڕێوەی برد. لە ئاکامی ئەو هێرشە وەحشیانەیەدا شێخ غەریب حەسەنی گیانی لەدەست دا، خانە خوێیەکە (دەروێش عەلی موتیعی) بە توندی بریندار بووو، لەگەڵ کەماڵ شەریفیی بەدیلگیراودا، ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکانی ئەو ڕێژیمە کران.

ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو پەلامارە نیزامی‌یە بەربڵاوە بۆ سەر دوو چالاکی سیاسی لە نێو ماڵو لە هەرێمی بنەماڵەی هاونیشتمانێك دا، هەروەها خۆبواردنی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دانەوەی تەرمی شەهید شێخ غەریب بە بنەماڵەو کەسوکارەکەی، بە توندی مەحکووم دەکا.

ئێمە لە کاتێك دا سەرەخۆشی‌و هاودەردیی خۆمان بە بنەماڵەو کەسوکارو هاوڕێیانی قوربانیانی ئەم پەلامارە ڕادەگەیەنین، ئەزیەتو ئازاری گیراوو برینداری ئەم هێرشەو، پێشگیریی کاربەدەستان لە بڵاوبوونەوەی هەر چەشنە زانیارییەك لەسەر بارودۆخو چارەنووسی ئەوان، مەحکووم دەکەین.

ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرنجی بیروڕای گشتی‌و ناوەندو ڕێکخراوو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان لە سەرانسەری جیهان بۆ لای ڕەفتاری دژی ئینسانی، سزای نادادپەروەرانەو تاوان لە دژی تێکۆشەرانی سیاسی‌و چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران ڕادەکێشێو، داوا دەکا بۆ ڕزگاریی گیانی گیراوانو بەندییە سیاسی‌یەکان، هەروەها بۆ وەستاندنی تاوانو دەسڕێژی بۆ سەر سەرەتاییترین مافەکانی ئەوان، هەنگاوی بەپەلە هەڵ بگرنو کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر گوشار.

لە کۆمەڵانی خەڵك، بەتایبەتی چالاکانی مەدەنی‌و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەرانسەری ئێرانیش داواکارین لەگەڵ هەموو ئەو هەڕەشەو هێرشانەش دا کە کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترساندن کردنی ئەوانو دەمکوت کردنیان، بەکاریان دێنێ، لە هاوپێوەندی‌و هاودەردی لەگەڵ ئازادیخوازانی بەندکراوو بنەماڵەکانیان غافڵ نەبنو، لە هیچ هەوڵێك بۆ پەردەلادان لەسەر وەزعی دڵتەزێنی ئەوانو، گەیاندنی هاواری زۆرلێکراوایی بەندکراوەکان، درێغی نەکەن.

**هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی بەرگری لە**
**زیندانییە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**١٠ ی پووشپەڕی ١٣٨٧**
**٣٠ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# سوسیال دێموکراسی چیە؟

**( بەشی حەڤدەهەم )**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم و سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێل و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندگرێنە.**

بەڵام بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجە تاکیی‌یانە زۆرجاران هەوڵی بەکۆمەڵ لە ڕێگای سەندیکای کرێکاری‌یەوە پێویستە!

هەندێک جار دەسەڵاتی کڕیاران زۆر سەرکەوتووانە لە ڕێگای چالاکی گشتی بەڕێوە دەچێت، بۆ وێنە لە ڕێگای ئەو هەڵمەتە ڕامیاری‌یانە کە بۆ لەبەر چاو گرتنی بواری ژینگە لە لایەن بەرهەمهێنەرانەوە بەڕێوە دەچن. لە پێوەندی لە گەڵ ئەو خزمەتگوزاری‌یانەی کە دەستەیەک کەڵکی لێ وەردەگرن، بۆ وێنە ئاگاداری لە منداڵ یا قوتابخانە، لەوێش ئەوە مەسەلەی دروست کردنی دەسەڵاتە لە ڕیگای گروپێک، بۆ وێنە بۆ دایک و باوکان/ منداڵەکان لە پۆلێک یا خود لە قوتابخانەیەک. دەبێ کەرتی گشتی بە جۆرێک داڕێژرێت کە ڕێگا بە ئەو شێوە دەسەڵاتی کڕیاران بدرێت.

بەڵام بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتی کڕیاران تاکیی‌یە و دەبێ هەر بەو جۆرەش بێت. هەندێک لەو دەسەڵاتە مەسەلەی دەرفەتی هەڵبژاردن لە نێوان بەدیلە جیاجیاکانە. پێش‌شەرتی ئەو مافە ئەوەیە کە چەندین بەرهەمی جیاواز دابین بکرێن کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی دەخوازێ کە بەرهەمهێنەران لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ کڕیاراندا بن. ئەوە مەسەلەیەکی بە تەواوی جیاوازە کە هەم لە "بازار" و هەم لە ناو کەرتی گشتیدا سنووری ئابووری هەن، ئەگەر چی ئەو سنوورانە دەتوانن شێوەی جیاوازیان هەبێ کاتێک کە دەگەڕێتەوە سەر چ جۆرە بەدیلێک دەتوانرێ پێشکەش بکرێن.

بەڵام پێش‌شەرتی مافی هەڵبژاردن ئەوەیە کە کڕیار، لە بازاردا توانای ئابووری هەبێ کە بتوانێ کاڵا جیاوازەکان لە گەڵ یەک بەراورد بکات، و نەک تەنیا هەرزانترینەکە هەڵبژێرێت. هەر بۆیە دێموکراسی ئابووری پێویستی بە مووچەی گونجاو هەیە!

لە ناو بەشە جیاوازەکانی دێموکراسی ئابووریدا دەتوانێ ناکۆکی بێتە پێش. فەرمانبەرانی ناوەندەکانی خزمەتگوزاری پزیشکی یا ئەوانی کە لە نەخۆشخانەکان کار دەکەن بەیەکەوە لە گەڵ گشت ئەو کەسانەی کە کار دەکەن مافی بەکارهێنانی دەسەڵاتیان لە شوێنی کاری خۆیان و مەرجەکانی کاریان هەیە، بەڵام ئەو مافە دەبێ لە گەڵ مافی نەخۆشەکان و کەس‌وکاری ئەوان بۆ کاریگەری لە سەر چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو خزمەتگوزاری‌یانەی کە پێیان دەکرێت هاوتا بکرێت. داخوازی گشتی لە لایەن هاوڵاتییانەوە بۆ لەبەرچاو گرتنی ژینگە دەتوانێ، لانی‌کەم لە کورت خایەندا، وەک هەڕەشەیەک لە دەرفەتی کار لەو کۆمپانیایانەدا سەیر بکرێت کە خەرجی ئەوان بە هۆی لەبەرچاو گرتنی ئەو داخوازی‌یانە دەچێتە سەر. ویستی فەرمانبەران بۆ دڵنیا بوون لە کارەکانیان دەتوانێت ئەوان بەرەو ئاستێک بەرێت کە ئەوان ببنە دژی مافی ئازادی هەڵبژاردنی کڕیاران بۆ هەڵبژاردن لە نێوان بەدیل و بەرهەمی جیاجیا، ئازادی‌یەک کە هەڵبەت دەخوازێ کە هەندێک بەرهەم یا خود هەندێک کۆمپانیا وەلابندرێن و لەوانەیە ئەوە ببێتە لە ناو چوونیان.

ئەو جۆرە کێشانە زۆر بە دەگمەن ڕێگا چارەی ڕوون و ئاشکرایان هەیە. هەر بۆیە زۆر گرنگە کە بەرژەوەندی‌یە جیاوازەکان ڕێگای دەربڕینی دەنگیان لە گفتوگۆکاندا پێ بدرێت و هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێ ڕێگای جیاواز بۆ بەکار هێنانی دەسەڵات هەبن. مرۆڤ دەتوانێ گفتوگۆ لە سەر باشترین ڕێگا چارە بکات، و ئەوە شتێکە کە دەبێ لە گەڵ خودی ئەو کەسانەی کە تێکەڵاوی مەسەلەکەن ئەنجام بدرێت، نەک شتێک کە لە لایەن حکوومەتەوە داسەپێت.

لە سەرەتاوە بۆچوونێک لە ناو جووڵانەوەی کرێکاریدا هەبوو کە "سۆسیالیزم" دەتوانرێ بۆ دروست کردنی کاری بێ مەترسی هەتا هەتایی کەڵکی لێ وەرگیرێت، بۆچوونێک کە هەبوونی خۆی لە مشت‌ومڕەکانی سەر دێموکراسی ئابووری دەرخست. ئەوە سروشتی‌یە کە شتێکی نامومکینە: پێشکەوتنی تەکنیکی و ئاڵوگۆڕ لە داواکاری کڕیاران بەو مانایەیە کە هەمیشە هەندێک کار و هەندێک کۆمپانیا لە ناودەچن لە کاتێکدا کە هی‌تر دێنە ناو بازار، بەڵام ئەوکات ئەوە گرنگە کە لە بیرمان بێت کە ئەوە بەشێک لە دێموکراسی ئابووری‌یە کە ئەوانی کە تووشی ئەو ئاڵوگۆڕە بوون یارمەتی‌یان پێ بکرێت کە خۆیان لە گەڵ مەرجە تازەکان ڕابهێنن.

کە وابوو دێموکراسی ئابووری فکرێکە کە لە چەند بەش پێک هاتووە، بەڵام ئەو ئامانجە کلاسیکەکانی جووڵانەوەی کرێکاری دەر دەبڕێت: ژیانی ئابووری نابێ لە کۆنترۆڵی بەرژەوەندی تاکیی خاوەن سەرمایەکاندا بێت، ئەوە پرسی هەڵس‌وکەوتی چەند لایەنە لە نێوان گروپە جیاوازەکانە کە کارتێکەریی لە سەریان هەیە.

## بۆچی کۆمۆنیزم هەرەسی هێنا؟

لە ساڵی ١٩١٧ بۆلشێڤیکەکانی لێنین لە ڕوسیا لە ڕێگای ئەوەی کە دواتر بە ناوی شۆڕشی ئۆکتۆبر ناوبانگی دەرکرد دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. ڕوسیا بوو بە یەکیەتی کۆمارە سۆسیالیستی‌یەکانی سۆڤیەت، یەکیەتی سۆڤیەت.



زەوی، سامانە سروشتی‌یەکان و ناوەندەکانی پیشەسازی لە لایەن حکومەتەوە دەستیان بە سەر داگیرا، چونکە، بە ووتەی ڕێبەرە سیاسی‌یە نوێکان، ئەوە شۆڕشی سۆسیالیستی پرۆلێتەری بوو کە مارکس پێش‌بینی کرد بوو و کە لەوێدا چینی نوێی کۆمەلایەتی پێک دەهات.

ساڵی ١٩٨٩ ئیمپراتۆری سۆڤیەت لە ژێر فشاری شکستە چڕوپڕەکانی خۆی تێک ڕووخا، کە لە دوای خۆی مێژوویەکی سەرسام هێنەری لە زۆرداری و نەبوونی ئازادی بەجێ هێشت کە لە چەند دەورەی درێژی کاتیی‌دا ببوە ڕێژیمێکی تیرۆری تۆخ. ئەو ساختارە کۆمەلایەتی‌یەی کە لە گەڵ دیواری بەرلین هەرەسی هێنا چینێکی بڕیاردەری کۆمەڵایەتی بوو کە گشت دەسەڵاتی لە ناو تاقمێکی بچووکی زۆرداری چینی باڵادەستدا کۆ کردبۆوە و کە لە هەموو خاڵەکاندا لە دژی بایخەکانی سۆسیالیستی: ئازادی، یەکسانی و برایەتی بوون، کە کاتی خۆی یەکیەتی سۆڤیەت بە ناو ئەوانەوە بوونی ڕاگەیاندرا بوو. "هەموو شتێک ببوە پێچەوانەی خۆی" ئەگەر بمان هەوێ ووتەی فەیلەسوفی ئاڵمانی سەدەی ١٩ فرێدرێک هێگێل دووپات بکەینەوە، کە نەخشەی گەشە کردنی دیالێکتیکی ئەو دەوری بەرچاوی بۆ مارکسیزم بینی.

سیستەمی سۆڤیەت زۆر بە جیددی بووە هۆی بێ بڕوایی بە چەمکی "سۆسیالیزم"، و زۆر کەس، بە تایبەتی لە لایەن کۆنسێرڤاتیوەکانەوە، دەڵێن کە ئەوە لە پێش هەموو شتێکدا نامومکین بوونی بایخەکانی سۆسیالیستی وەک یەکسانی و هاوپەیوەندی نیشان دەدات.

بەڵام ئەو ڕاستی‌یە کە ئەگەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نائازاد، نایەکسان و ناهاوپەیوەند هەرەس بهێنێ هەڵبەت بە هیچ شێوە مومکین بوون یا نەبوونی ئەو خەون و هیوایانەی کە ناوەرۆکی ئازادی، یەکسانی و هاوپەیوەندی پێک دەهێنن ناگەیەنێت. ئەوەی کە دەیگەیەنێت ئەوەیە کە ئەو خەون و هیوایانە ناتوانن بە کەڵک وەر گرتن لە شێوازی وەها کە بۆ خۆیان لە دژی هەر هەمان خەون و هیوایانەن دەستەبەر بکرێن. یا ئەگەر بمان هەوێ کەڵک لە دەستەواژەی مارکسیستی وەر بگرین: ئەگەر هێزەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەک ڕێک بخرێن کە پێش‌شەرتەکەی دەسەڵاتی تاقمێکی بچووک بە سەر زۆرینەوە بێت ـ هەر وەک لە یەکیەتی سۆڤیەت وەها بوو ـ کە وابوو کۆمەڵگایەکی ئەو جۆرە ناتوانێ دێموکراتیک یا یەکسان بێت.

ئەوە هەمیشە هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای سۆسیال دێموکراسی بووە. بە داخەوە شێوەیەکی تایبەتی لە گفتوگۆی سۆسیالیستی ئێستاش لە ئارا دایە کە دەیهەوێ ئەو ئەزموونانە بە هەند نەگرێت. لە جیاتان تاوانی هەرەس هێنانی ئابووری پلان داندراو دەخرێتە پاڵ ڕێبەرانی زۆردار، پێکهاتە نا دێموکراتیکە کۆنەکان کە لە سەردەمی تزارەکانەوە بە میرات مابوو، هتد. ئەوە شێواندنی ڕاستی‌یەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە.

هۆی سەرەکی لە ناوخۆی ئایدیۆلۆژی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیا دایە، ناسراو بە مارکسیزم ـ لێنینیسم، کە شێوازی ڕێکخستنی سیاسی و ئابووری یەکیەتی سۆڤیەتی بە گشتی داڕشت. ئەو ئەزموونەی کە ناشێ خۆێ لێ لابدرێ ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانەی کە دەخوازن بە خەون و هیواکانی سۆسیالیستی وەفادار بن دەبێ تێبگەن کە سیستەمێکی یەک پارچە و کۆنترۆڵ کراو لە ناوەندەوە هەرگیز ناتوانێت ئەو خەون هیوایانە بهێنێتە دی هەر چەند کە پێکهاتە دەرەکی‌یەکان ـ خاوەنداریتی هەرەوەزی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ـ بە پێی تیۆری‌یە کلاسیکەکانی سۆسیالیستی بن. ئەو شتەی کە یەکلاکەرەوەیە نەک فۆرم بەڵکوو چۆنیەتی کار کردن و ناوەرۆکە.

## شۆڕشی بۆلشێڤێکی

ڕژێمی تزاری ڕوسیا لە مانگی مارسی ١٩١٧ بە دوای چەند ساڵ ئاژاوە و سەرهەڵدانی بەربلاو لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕووخا. دەوڵەتێکی لیبرال دێموکرات دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت بەڵام لە نۆڤەمبری هەمان ساڵدا بە دەست بۆلشێڤیکەکان، حیزبێکی بچووک بەڵام زۆر باش ڕێکخراو بە ڕێبەرایەتی ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین دەسەڵاتیان لێ ئەستێندرا. (لەو کاتدا ڕۆژژمێری کۆنی گریگۆری لە ڕوسیا کەڵکی لێ وەر دەگیرا و بە پێی ئەو ڕۆژژمێرە شۆڕش لە مانگی فێوریە و ئوکتۆبر ڕوویاندا. لە کتێبەکانی مێژوودا ئەوانە بە شۆڕشی فێوریە و ئوکتۆبر ناسروان).

ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە نۆڤەمبر ڕوویدا کەم تاکورتێک وەک کودەتایەک بوو کە لەوێدا بۆلشێڤیکەکان بە خێرایی دەستیان بە سەر خاڵە گرنگەکانی ناوەندەکانی گەیاندن لە پێتەختی ئەو کات، پێتروگراد، دا گرت و دام و دەزگا دەوڵەتی‌یەکانیان داگیر کرد و دەوڵەتیان ناچار کرد کە دەست لە کار بکێشێتەوە. هیچ پشتیوانی‌یەکی بەر بڵاو و تەنانەت سنوورداری جەماوەری بۆ دەست بە سەر داگرتنی سۆسیالیستی لە ئارادا نەبوو. ئەوە شتێکە کە تەنانەت خودی بۆلشێڤیکەکانیش بانگەشەیان بۆ نەکرد. شۆڕشەکە بە ناوی خەڵکەوە بەڕێوەچوو، نەک لە گەڵ خەڵک، چونکە بۆلشێڤیکەکان بە پێچەوانەی خەڵک بۆ خۆیان دەیان زانی کە چ شتێک بۆ پرۆسەی گەشە کردن پێویست بوو.

ئەو فکرە کە "تاقمێکی پێشڕەو" (elite) کە بە دروستی تێدەگات چۆن ڕاستی‌یەکان وەرگێڕێتەوە، مافی ئەوەی هەیە کە لە جیاتی خەڵک و بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە خەڵک چۆن بیر دەکەنەوە، هەڵس و کەوت بکات، هۆی سەرەکی ڕێگای سۆڤیەت بەرەو کارەسات بوو. ئەوە بێ گومان ئەو تیۆری‌یە ـ تیۆری تاقمی پێشەنگ (avant-garde) ـ بوو کە تەواوی سیستەمی لە سەر دامەزرا بوو.

لە پێوەندی لە گەڵ شۆڕشەکەیان، بۆلشێڤیکەکان توشی گیروگرفتێکی تیۆریکی بنەڕەتی ببوون: ئەو شۆڕشە پەیڕەوی لە نەخشەی گەشەکردنی مارکسیستی نەدەکرد کە بۆ خۆیان داوایان دەکرد. بە پێی ئەو نەخشەیە شۆڕشی پرولێتەری دەبێ دوای قۆناغێکی سەرمایەداری ڕووبدات. تەنیا دوای دامەزرانی سەرمایەداری هێزەکانی بەرهەمهێنان دەتوانن ئازاد بکرێن ئەو هێزانەی کە هەل بۆ بەرهەمهێنانێکی وەها بەرچاو دەرەخسێنێ کە کۆمەڵگای بێ چین، کۆمەڵگایەک بێ هیچ خەباتێک لە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، مومکین دەبێت. هەر چۆنێک بێت، سەرمایەداری ناتوانێ خۆی ئەوە دەستەبەر بکات، چونکە توانای کۆنترۆڵ کردنی ئەو هێزانەی نیە کە خۆی دروستی کردوون؛ ئەو گەشە کردنە شۆڕشێکی کرێکاری دەخوازێت. ئەو شۆڕشە بە دەست کرێکارانی ناوەندە پیشەسازی‌یەکان بەڕێوە دەچێت کە لە سەردەمێکدا زۆربەی دانیشتووان پێک دەهێنن.

# ئێرانیبوون و له ئێراندا مانەوه بە چ نرخێك؟

هەژیر عەبدوڵڵا پوور

**له روانگەی شۆڤینیستەکانەوه ئێرانی یان ئێرانییەکانیش هەمان فارسەکانن‌و ئەمانه بەردەوام کار لەسەر ئەوه دەکەن که فارس ئێرانییه‌و پێچەوانەکەشی ئێرانی فارسه!**

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکه بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەله جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوه، ئەگینا نووسەران خۆیان له نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوه، بەرپرسیارن.

راسته که ئێمه بە زۆر سەرەداوەوه بە ئێرانەوه پەیوەستین و خاڵی هاوبەشی کولتووریمان فرەس و ئەمانەش بەڵگەگەلێکی حاشاهەڵنەگر و بەڵگەنەویستن، بەڵام داخوا ئەم ئێرانەی کە ئێستا لەسەر نەخشەی جوغرافیایه و وەك وڵاتێکی سەربەخۆ لە دونیادا دەناسرێ ئەو سەرەداو و خاڵەهاوبەشانەی تێدا نەشێوێنراوه و ئاقارەکەیان بەرەو نەتەوەی باڵادەست نەخشەکێش نەکراوه و بە قازانجی ئەوان تاپۆ نەکراوه؟ بەراستی ئێرانیبوون بە چ مانایەکه و نەتەوەی ئێران کام نەتەوه لەخۆدەگرێ؟ داخوا ئەم ئێرانه بۆ ئەوه دەبێ کە گشت نەتەوەکانی پێکهێنەری خۆیان بە ئێرانی بزانن و خوازیاری ئەوه بن کە تێیدا بمێننەوه؟ ئایا گشت ئەو نەتەوانه بە قەرای نەتەوەی باڵادەست لە بەڕێوەبردن و چارەنووسی ئەم وڵاتەدا بەشدارن یان لە پەراوێزخراون و تەنیا بۆ هێشتنەوەی ئێران وەك ئەوەی ئێستا لەسەر نەخشەی جوغرافیایە بوونیان هەیە و بە گشتی ڕۆڵێکی ناچالاك و ناکارامە دەگێڕن؟و. . .

سەرەتا سەرەقەڵەمێك لە هەندێ چەمکی داتاشراو و پێکەوەنەگونجاو دەدەم کە چۆن دەسەڵاتی سیاسی و شوڤینیستەکانی نەتەوەی باڵادەست وەستایانه و بە مەیل و دڵخوازی خۆیان گوزارە لێدەکەن و بۆ مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیان لە ئاقاری ئێران و ئێرانیبوون و هتد دا کەڵکی لێوەردەگرن؟ ئەم چەمکانه زۆر لەوه زیاتر هەڵدەگرن کە من کورتەشرۆڤەیەکم کردوون و ئەگەر بلوێ لە داهاتوودا زیاتر دەپڕژێمە سەریان.

**نەتەوەی ئێران (ملت ایران):** ئەم دەستەواژەیه چەمکێکی داتاشراوی پان ئێرانیستەکان‌و کۆماری ئیسلامیه بێ‌ئەملاوئەولا مەبەستیانه‌و نەتەوەی باڵادەست واتە فارسه. یانی ئەوانەی کە زمانیان فارسییه. ئەمەش بە دیوەکەی‌تریدا واتە نکۆڵیکردن و بەهێندنەگرتنی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و بە قەومدانانیان و لە ئەنجامدا تواندنەوەی نەتەوەکانی ئێران لە کەسایەتیی فارسدا. ئەمانه وادەنوێنن کە نەتەوەکانی‌تری ئێران قەوم و لقوپۆپی نەتەوەی باڵادەستن و بەکورتی ئەم چەمکه واتە تواندنەوەی گشت نەتەوەکانی‌تر لە ناو نەتەوەی فارسدا و لە هەندێ شوێنیشدا وەك پڕۆژەی نەتەوەی ئێران خستوویانەتەڕوو. جێگە و پێگەی نەتەوەی کورد لە وەها پرۆژەیەکدا نە تەنیا نکۆڵی لێکراوه و بەزانستە لە بیرکراوه بەڵکوو هیچ ڕۆڵێکیشی لە هاوسەنگییەکاندا بۆ دیاری نەکراوه. باشتر وایه لە جیاتی ئەم چەمکه سواو و نامۆیه بڵێین نەتەوەکانی ئێران ئەویش بە پشکی بەرامبەر و هاوشانی نەتەوەی فارس ئێرانیان پێك هێناوه.

**نەتەوەی ئێرانی ئیسلامی (امت ایران اسلامی):** ئەم چەمکەش داتاشراوی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییه و لە دوو بەشی تێکەڵپێکەڵ و نەساز دەگەڵ یەکدی پێکهاتوه واتە نەتەوه و ئێرانی ئیسلامی. لێرەشدا مەبەستیان لە نەتەوه هەمان فارسەکانه و ئێرانی ئیسلامییش لە روانگەی ئەوانەوه یانی ئەوانەی کە ئایینەکەیان شیعەیه و بەم پێیه سوننیەکان و کەمایەتییه ئایینییەکانی‌تر هیچکام لەو دوو بەشه نایانگرێتەوەو بوون‌و نەبوونیان پشتگوێ خراوه و دانیان پێدا نەهێنراوه و بە دیوێکی‌تریشدا لەم چەمکە ئاڵۆزبااڵۆزەدا شیعه غەیرەفارسەکانیش تەنیا دەچنە خانەی ئێرانی ئیسلامییەوه و لە بەشی "نەتەوه"دا پشکێکیان پێنابڕێ.

**ئێرانی یان ئێرانییەکان:** لە روانگەی شۆڤینیستەکانەوه ئێرانی یان ئێرانییەکانیش هەمان فارسەکانن‌و ئەمانه بەردەوام کار لەسەر ئەوه دەکەن کە فارس ئێرانییه‌و پێچەوانەکەشی ئێرانی فارسه! کۆماری ئیسلامییش مەبەستی لە ئێرانی ئینتما (تعلق) بە "نەتەوەی ئێران"ە! کە لەسەرەوه باسمان کرد کە مەبەستیشیان لە نەتەوەی ئێران چیه؟! یان خود ئەوەکە مەبەستیان ئەوەیە کە ئێرانی واتە هاووڵاتی دەوڵەتی ئێران، کە دیارە دەوڵەتی ئێرانیش لە لای ئەوان هەڵگری چ مانا و واتایەکە. مخابن بەکورتی لەمبارەشەوه وایان سەر لە کوردە حەیاتەکە شێواندوه و گۆشیان کردوه کە بە بێ ئەوەی ئێرانیبوون قازانجێکی بۆی هەبێ، لە هەر کوێیەك بێ خۆی بە ئێرانی بزانێ و ناسیۆنالیزمی باڵادەستیش قازانجی سیاسی خۆی لێوەرگرتوه و دۆخی خۆی زیاتر پێ‌سەقامگیر کردوه.

**بە قەومدانانی نەتەوه غەیرەفارسەکان لە ئێراندا:** بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمکی قەوم و قەومییەت بەباشی دەزانم کە کورتە ئاوڕێك لە پێشەکی کتێبی "قەومییەت و ناسیۆنالیزم، دوورەدیمەنەکانی مرۆڤناسانه" لە نووسینی تۆماس هایلەند ئێریکسۆن بدەین. ناوبراو دەڵێ: ""وشەی قەوم لە Ethnosی یۆنانییەوه وەرگیراوه (لە راستیدا وشەی Ethnikos لە بنەڕەتدا بە مانای کافر و بێ‌دینەوەو ئەمەش لە نێوەڕاستەکانی سەدەی چواردە تاکوو نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە لە زمانی ئینگلیزی‌دا بەکاربراوه). لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا و لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەستەواژەی قەومەکان وەك چەمکێکی بە ئەدەبانه بۆ جوولەکەکان، ئیتالیاییەکان، ئیرلەندییەکان و هتد بەکاردەبرا کە نزمتر لەو گرووپە دەسەڵاتدارە گەورانه بوون کە بنەوبنەچەیان دەگەڕایەوه سەر بریتانیاییەکان. ئێستاش وشەی قەومییەت لە زمانی ڕۆژانەدا ڕەنگدانەوەیەکە لە "پرسەکانی کەمایەتی" و "پێوەندیی نەژادی"، بەڵام لە مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیە بەو لایەنانەی کە لە پێوەندیی نێوان گروپەکاندا هەر خۆیان لەبەرچاوه و لەوانی‌تر وەك سەرمایەگەلێکی کولتووری جیاواز دەڕوانن. دەستەواژەی "گروپە قەومییەکان"یش بە مانای هێندێك بابەتی وەك "یەك‌نەتەوە" هاتوه"".

بەپێی ئەو پێناسەنەی سەرەوه لە ئێرانی ئەمڕۆدا قەوم واتە ئەو کەمایەتییانەی کە هێندێ کولتووری جیاواز لە نەتەوەی باڵادەستییان هەیەو لە پلەگەلێکی نزمتر لە نەتەوەی باڵادەستدان و بەکورتی لقێکی لاوەکی یان بەستراوە بەون! لە روانگەی فارسە شۆڤینیستەکانیشەوە فارس پرۆسەی قەومییەتگەرێتیی بڕیوه و نابێ لە تەنیشت نەتەوەکانی‌تری ئێراندا وەك قەوم ناوی بهێنرێ! چونکە ئەوان پێیان وایه کە بۆ بوونە نەتەوه دەبێ قۆناغەکانی قەوم و گەل (خلق) ببڕی و دواتر فۆڕمی نەتەوه بەخۆوه بگرێ.




**دەوڵەت ــ نەتەوه:** هەم لە سەردەمی پاشایەتی و هەمیش لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و شۆڤینیستەکانەوه زۆر پێداگریی لەسەر پڕۆژەی سەقامگیرکردنی دەوڵەت ـ نەتەوه (ئەویش دەوڵەت ــ نەتەوەی ئێرانی! کە لێرەشدا کتومت مەبەستیان لە دەوڵەتێکە کە هی فارسەکانە و مافی هاووڵاتی‌بوون و مافی دیاری‌کردنی چارەنووس بۆ هەموان بەقەرای یەك دەستەبەر نەکراوه) دەکەن چونکە ئەم چەمکە واتە تەنیا ئەوانەی کە دەوڵەتیان هەیە نەتەوەن و ئەوانەی کە نیانە نەتەوە نین! کە ئەمەش لە دونیای ئەمڕۆدا بابەتێکی نابەجێ و نالۆژیکییە. بۆ وێنە بەپێی ئەم پێناسەیە دەبێ دەوڵەتی ئازەربایجان نەتەوە بێ بەڵام ئازەربایجانی ئێران نا! یان خود وڵاتانی عەڕەبی نەتەوە بن بەڵام عەڕەبەکانی خووزستان نەتەوە نەبن! بەگشتی پرۆسەی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ئێراندا نەیتوانیوە گوتارێکی نەتەوەیی دابمەزرێنێ کە لەودا نەتەوەکانی ئێران بتوانن بە ئازادی و ئاشتی پێکەوە بژین و لە مافی وەکیەك بەهرەمەند بن.

**بە بنزاراوە (گویش)دانانی زمانی کوردی:** لە زۆرێك لە پەرتووك و بڵاوکراوە ڕەسمییەکانی سەر بە هەر دوو حکوومەتی شا و شێخدا، زمانی کوردی وەك بنزاراوەی زمانی فارسی نووسراوە و ئەمەش واتە زمانی کوردی سەر بە زمانی فارسییە! بە واتایەکی‌تر ئەمە بەو مانایەیە کە ئەوان دان بە زمانی کوردی وەك زمانێکی سەربەخۆ داناهێنن و دەیانەوێ یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێکهێنەری نەتەوە لە کوردەکان بێبەش بکەن‌و بەمەش کورد لە کەسایەتیی فارسدا بتوێننەوە.

دەستەواژەکانی کۆماری ئیسلامی (دوو چەمکێ کە هیچکات دانوویان پێکەوە ناکوڵێ و زۆر پێکەوە ناتەبا و لێك‌نەبانن، چونکە یەکەمی باس لە حکوومەتی خەڵکی و دیمۆکراسی دەکا و دووەمی باس لە شەریعەت و پرسی ئایینی دەکا و ئەم دوو تەوەرەش هیچکات پێکەوە هەڵناکەن‌و دەرەنجامەکەی دەرکەوتن‌و لقوپۆپهاویشتنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێستایە)، ناسیۆنالیزمی ئێرانی (کە مەبەست ناسیۆنالیزمی فارسە و واباشترە بڵێین ناسیۆنالیزمی باڵادەست)، ئێرانی ئاخاوتن (واتە فارسی قسەکردن و بە فارسی بیرکردنەوە)و ... هەر لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی باڵادەست دان و لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پەرەیان پێدەدرێ.

سەرەڕای گشت ئەوانە، گەرچی لە کۆنەوە لە ئێراندا پێوەندییەکی نەژادی و کولتووری لە نێوان فارسەکان و کوردەکاندا بووە، بەڵام ئەم خزمایەتییە هیچکات لەسەر بنەمای مافی یەکسان‌و مافی دیاریکردنی چارەنووس نەبووە پێوەندی سەردەست‌و بەردەست لە نێوانیاندا زاڵ بووە. ئێستاشی لەگەڵ بێ داخوازەکانی نەتەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی و بەزۆرینە لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە بەهێند نەگیراوە و پشت گوێخراوە و تەنانەت نکۆڵیشی لێکراوە. حیزبەکان و بەرهەڵستکارانی ڕێژیم ناتوانن بە ئازادی و بەبێ‌بەربەست لە زێدی خۆیاندا چالاکی بنوێنن. نابەرابەری و هەڵاواردن لەوپەڕی خۆی‌دایە. سیاسەتی پێڕانەگەیشتن و بەسەنعەتی‌نەکردنی کوردستان و لە دواکەوتوویی‌دا هێشتنەوەی هەروا بەردەوامە. خوڵقاندنی جەنایەت و بە سووك‌دانان و وەك پلە دوو دانانی نەتەوەی کورد و سەرکوتی ئازادیخوازان بۆتە پرۆسەیەکی درێژخایەنی ڕێژیم. گیرۆدەکردنی لاوان بە مادده هۆشبەرەکان و بەلاڕێدابردنیان بۆتە سیاسەتێکی رۆژانەی ئەم ڕێژیمە نگریسە. یاسای بنچینەیی حکوومەتیش رۆژنەیەکی ئەوتۆی لە ویستی نەتەوەی کورد تێدا ڕەچاو نەکراوە و بەبێ ئەوەی کورد و نەتەوەکانی‌تر بتوانن لە دیاری‌کردنی مافی چارەنووس‌دا ڕۆڵ بگێڕن ئەو یاسایەشیان بەسەردا سەپاوە و هتد. هەمووی ئەمانەش زیاتر حکوومەتێکی داگیرکەر و سەرەڕۆمان بۆ وێنا دەکەن تاکوو حکوومەتێکی پشت‌ئەستوور بە ویست و ئیرادەی گشت نەتەوەکانی ئێران.

گەلۆ! بە وەها تێڕوانین‌و ڕەوشێکەوە تا کاتێك لە ئێرانێکی فیدراڵ و دیمۆکراتیکدا کە گشت نەتەوەکانی ئێران بە پێی ڕێژە و قورسایی خۆیان لە کاروباری وڵاتدا بەشدار نەبن و مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان نەپارێزرێ و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە پێکەوە نەژین و لە هەموو بارێکەوە مافی وەك یەکیان نەبێ و ئەو چەمکە سواوانەی سەرەوەش نەخرێنە زبڵدانی مێژووەوە، بەڕای من خۆ بە ئێرانی‌دانان و لە ئێراندا مانەوە لە خۆفریودان و بێجگە لە خەساری نەتەوەیی و بەرەو پووکانەوە چوون مانایەکی دیکە نادا و هیچ شانازی و سەروەرییەکیش بە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی‌تر نابەخشێ.

---

## پەیڤ

## پانتایی بزووتنەوەی کوردی‌و ئیرادەی قۆرخ کردنی گشت ڕەوایی‌یەکان

**"بە پێی پرەنسیپێك بجوڵێنەوە کە دەتانەوێ ئەم پرەنسیپە ببێتە یاسای جیهان " کانت**

زاهید حەنبەڵی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم داوییانەداو زیاتر لە هەرکات بووەتە ناوەندی سەرنجی چالاکانی مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسان‌و بیروڕای گشتی لە ئێران‌و جیهاندا. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە چالاکیی‌و هەڵسوڕانی هەمە چەشنی کۆمەڵێکی زۆر لە هاووڵاتیانی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی خەباتێکی ئاشتیخوازانەو سڤیلدا بە هەموو تەیفە ڕەگەزی‌و پیشەییەکانییەوە لە ئاستی بەرز دایە. خەباتی ژنان، مامۆستایان، کرێکاران، خوێندکاران، ڕۆژنامەنووسان‌و چالاکانی سیاسی‌و ژینگە پارێزان‌و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی شاڵاوێکی بەرینی گرتن‌و ڕاوەدوونانی هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی ڕێژیم بوەتەوەو ئەمجارەیان لە شێوازێکی جەماوەری‌و سڤیل‌داو بەبێ بوونی هێزی چەکدارو سەرەڕای کزبوونی ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش جارێکی دیکە کوردستانی کردۆتە شۆڕەسواری بەربەرەکانی لەگەڵ بێ-عەداڵەتی‌و ستەمی نەتەوایەتی‌و ڕەگەزی‌و مەکۆی ئازادیخوازی.

لە ئاکامی ئەم سەرنجە جیهانییەی چالاکانی مافی مرۆڤو بیروڕای گشتی‌و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکان بەم دۆخەو دەنگ-دانەوی کێشەی نەتەوەیی‌و چەوساندنەوەی هەمە چەشن لە کوردستان، هاوکات چوونەسەری ڕادەی ئاگایی جەماوەری کورد لە سەرجەم مافو ئازدییەکانی دایە کە جەماوەری کورد سەربەست‌و خۆبەخشانە لە هەوڵی ڕەوایی بەخشین بە بوونی خۆیان لەم خەباتە دان. هەرچەند ئەمە ڕاستییەکە بەڵام لەم پێوەندییەدا خاڵی جێی ئاماژەی ئێمە باس کردنی لایەنێکی دیکەی ئەم بزووتنەوەیەیە ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی دوورە پەرێز لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی نێوخۆیی کوردستانە.

دەگوترێ لە هەموو شۆڕشێکی ئازادیخوزانەدا کۆمەڵێك ئیلیتی سیاسی (تاك، گرووپ، حیزب) دەبنە سەرکردەو ڕێنوێنی شۆڕش‌و لە پێش کۆمەڵگادا دەرك بە پێداویستی‌و چۆنیەتیی خەبات دەکەن‌و هەوڵی ڕاکێشان‌و ڕێکخستنی جەماوەر دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بەڵام دۆخی ئێستای ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، لوتکەی قەیرانی ئەم هێزانە لەم یەك دوو ساڵەو بە ئێستاشەوە ئەنجامێکی تاڵمان دەداتە دەست کە دوورە لەو بەرپرسیارییەی لەسەر بژاردە سیاسی‌یەکانە!

بەردەوامیی ململانێ نێوخۆییەکان‌و دواجار لەت بوون‌و لێکترازانی ئەم هێزانە دیسانەوە نەبووەتە هۆی ئەوە کە هەرکام لە لایەنەکان "با بە جوداش بێ" ڕۆڵی خۆیان لەم بیاڤەدا بنوێنن. ئەوەی بەدی دەکرێ ئەوەیە دژایەتی زیاتر پەرەی گرتووەو ئیلیتی سیاسی بە چەشنێکی ناتەبا لەگەڵ بەرپرسیارییەکەی پێشرەو نیە بەڵکوو بە چەند هەنگاو لە پاش جەماوەرەوە خەریکی خولانەوەیە لە پانتایی کولتورێکی کۆنباو کە ئەویش کولتوری قۆرخ کردنی هەموو ڕەواییەکانە. بۆیە ئەمڕۆ بێ‌ڕێزی بە خەبات‌و چالاکیی یەکترو چەواشە کردنی هەر هەوڵێکی شۆڕشگێڕانەی ئەویدی بووەتە نموونەی دیاری بەردەوامیی ئەم کولتوورە بە چەشنێك کە ئاکامێکی تاڵ‌و ئەزموونێکی پڕ لە شەرمەزاریی لە مێژووی ئێمەدا بەجێ هێشووە.

هێزگەلێك کە خۆیان وەك تاقە ئەکتەری ڕزگارکەری بیاڤی سیاسیی کورد لە نێوخۆو لە ئاستی دیپلۆماسیی‌دا لە قەڵەم دەدەن، بە ئاشکراو بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ مۆراڵێکی سیاسی‌و ڕەوایی‌دان بە ئەویدی تەنانەت بە چەشنێکی دزێو لە هەوڵی "پووچەڵ" کردنی چالاکییەکانی یەکتر دان. ئەم حاڵەتەش کرۆکی داهاتوویەکی ترسناك‌و دەروەست نەبوون بە کۆی ئەو پرنسیپانەمان پێشان دەدا کە لە "پێڕەو بەرنامە ڕازاوەکان"یاندا بانگەشەی بۆ دەکەن.

نوێترین وێنەی کار کردن بەم کولتوورەش چەواشە کردنی ئەم پەلامارە سەرکوتکەرانەیە بوو کە ڕووبەڕووی دوو شۆڕشگێڕو کادری حیزبی دیموکراتی کوردستان بووەوەو شەهید بوونی یەکیان‌و بە دیل گیرانی نووسەرە ڕەخنەگرێکی ئەم مێتۆدە ناشۆڕشگێڕانەیەی بە دەستی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە. بۆ پاساودانیش لەم پێوەندییەدا هۆکاری ئەم پەلاماری ڕێژیم‌و ئەو ڕووداوەیان دەگێڕایەوە بۆ بە قەولی خۆیان ئەندامەتیی پێشووی ئەم هاوڕێیانە لە حیزبێکی دیکەو نەمانیان لەم حیزبەداو خراپتر لەوەش....لە کاتێکدا هەرکام لەو شۆڕگێڕانە خودان ڕێبازو بیری ئازادی خۆیان بوون‌و تەنانەت لە پێشکەشکردنی گیانیشیان بۆ بارەگای ئازادی سڵیان نەکردووە.


وەك ئاکامی ئەم باسە کورتەدا دەڵێین، ئیرادەی مۆنۆپول کردن‌و زەوت کردنی گشت ڕەوایی‌و ڕاستی‌و حەقیقەتەکان لە چوارچێوەی تەسکی ئیدئۆلۆژی‌و هزری خۆداو بێ ڕەچاوکردنی بوونی ئەوی دیکەی هاوئامانج‌و ڕێبازیش هەڵەیەکی کۆشندەو زەبرێکی کاریگەرە لە پانتای بەرینی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ناتەبایە لەگەڵ جەوهەری ئەو خەباتە مەدەنییە بەربڵاوو گشتگیرەو هاوکات بێ‌ڕێزی‌یە بە ئامانجی ئەو شۆڕشگێڕانەی لە پێناو ئازادی‌و سەربەست بیرکردنەوەو وەك خۆ بوون تێ‌دەکۆشن‌و....

# گوڵی ئۆرکیدە بۆ ژاندارکی بێرمە

## چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر کتێبی "رێگای من"، ژیان‌و هزری "ئاوونگ سان سوچی"

**بەشی یەکەم**

پەروین ئیمامی
و: شلێر حەسەن پوور




" من باوەڕم بە خەباتی چەکداری نیە، چونکە ئەو نەریتە لە کۆتایی‌دا دەگاتە شوێنێك کە هەر کەس خاوەنی جووڵانەوەی دێموکراسیخوازییش بێ بەڵام لە رێگای رێکاری توندوتیژی سەرکەوێ، دیسانیش لە دەروونی خەڵك ئەو بیرە سەر هەڵدەدا کە هەر کەس بەهێزتر بێ لە کۆتایی‌دا سەر دەکەوێ. ئەو فکرە هیچ یارمەتییەك بە سەقامگیریی دێموکراسی ناکات."

" من باوەڕم بە خەباتی چەکداری نیە، چونکە ئەو نەریتە لە کۆتایی‌دا دەگاتە شوێنێك کە هەر کەس خاوەنی ئەگەر جووڵانەوەی دێموکراسیخوازییش بێ بەڵام لە رێگای رێکاری توندوتیژی سەرکەوێ، دیسانیش لە دەروونی خەڵك ئەو بیرە سەر هەڵدەدا کە هەر کەس بەهێزتر بێ لە کۆتایی‌دا سەر دەکەوێ. ئەو فکرە هیچ یارمەتییەك بە سەقامگیریی دێموکراسی ناکات."

بە باوەڕ بەو تێۆرییە، ئاوونگ سان سووچی ( Aung san suu kyi)، ژنێك کە دەکرێ وەك بەناوبانگترین نەیاری سیاسی جیهان ناوی ببەین، پتر لە بیست ساڵە کە رێبەریی جووڵانەوەی دێموکراسیخوازی بێرمە، وڵاتێکی پڕ لە کێشەو قەیران لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای، بە دەستەوەیە.

ئاوونگ سان سووچی، کە لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی پێ بەخشراو تا ئێستا زۆر خەڵاتی بە نرخی‌تری جیهانیی پێدراوە، لە ساڵی ١٩٨٨ بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە رێزی یەکەمی خەباتی سیاسی گەل لە دژی ژێنراڵەکانی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە دایەو بە پێی رێکارێکی نوێ کە لەسەر رێنوێنی‌یەکانی ئایینی بودیسم: جەخت کردن لە سەر مرۆڤو پێداگریی لەسەر شەرەفی سیاسی، وەك هاندەری سەرەکیی بۆ تێکەڵاوی خۆی لەگەڵ سیاسەت دەزانێ‌و پێی وایە کە: شەرەفی سیاسی بە مانای راستبێژی لە گۆڕەپانی سیاسەت دایە. یەکێك لە گرنگترین شتەکان بۆهەر کەس کە لەو بوارەدا چالاکە ئەوەیە کە، نابێ هەرگیز خەڵکی وڵاتی خۆی فریو بدا. سیاسەتوانێك کە خەڵك فریو بدا خاوەنی شەرەفی سیاسی نیەو دەسەڵاتدارانی وڵاتی من هەر مانای شەرەفی سیاسیش نازانن، چونکە گشت کات خەریکی فریودانی خەڵکن.

ئەو خەڵکەی کە ئاوونگ سان سووچی بۆ داکۆکی لە مافی ئەوان، بزووتنەوەیەکی نوێی دێموکراسیخوازی دامەزراندوە، دانیشتووانی وڵاتی بێرمەن، وڵاتێك کە جیرانی تایلەند، هیندوستان، لائۆس‌و چینەو خاوەنی ١٤٦ رەگەزو دووسەد زاراوەی زمانی جیاوازەو یەکێك لە فرە لایەنترین‌و ئاڵۆزترین کولتورەکانی جیهانی هەیە.

بێرمە لە پەنجاکانی زایینی‌داو کاتێك کە مێژووی پتر لە دووسەد ساڵیی داگیرکرانی لەلایەن بەریتانیاوە تێپەڕ دەکرد، لەلایەن باوکی" ئاوونگ سان سووچی" گەیشتە سەربەخۆیی. باوکی ئاوونگ سان، لاوێکی خوێندکاری زانکۆی رانگون ( پێتەختی بێرمە) بوو کە لە دەیەی سێ زایینی‌دا رێبەریی بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازی خەڵکی بە دژی داگیرکەرانی بریتانیایی وەئەستۆ گرت. ئەو بۆ رووخاندنی حکوومەتی ژێر فەرمانی بریتانی‌یەکان، بە هاوکاری‌و هاوئاهەنگی سوپای ئەو کاتی ژاپۆن‌و دوای تێپەڕکردنی چەندین خولی فێربوون، گرووپێکی بەناوی "سی فەرماندە"ی دامەزراند. ئەو گرووپە توانی لە سی فەرماندە لاوی بیرمەیی پێك هات بوو کە ئامانجی سەرەکییان بە ناوی "سەربەخۆیی وڵاتی بێرمە بوو، ئەو گرووپە توانی بە رێکخستنی جووڵانەوەیەکی جەماوەری داگیرکەرانی بەریتانی لە وڵاتی خۆیان وەدەر نێن‌و سەربەخۆیی نەتەوەیی بۆ وڵاتەکەیان بەدیار بهێنن.

باوکی ئاوونگ سان دوای پێك هێنانی حکوومەتی دڵخوازی خەڵك، نەیتوانی پتر لە چەند ساڵ درێژە بە ژیانی سیاسی خۆی بداو لە رێکەوتی نۆزدەی مانگی ژوئیەی ساڵی ١٩٤٧ بەدەستی نەیارە سیاسی‌یەکانی خۆی تێرۆر کرا.

بێرمە دوای ئەوەی سەربەخۆیی وەرگرت تا ساڵی ١٩٦١ بە شێوەی حکوومەتێکی دێموکراتیك بەڕێوە چوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٢ی زائینی ژێنراڵ "نەوین" (بەرپرسی ئەو کاتی سوپای بێرمە) کودتایەکی سەربازیی ئەنجام داو دەسەڵاتی وڵاتی دایە دەستی ئەنجومەنێکی سەربازیی ژێر کۆنترۆڵی خۆی.

کودەتاچی‌یەکان هۆی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی دێموکراسی لە بێرمەیان دەگەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە لە بێرمەدا گرووپی قەومی‌و رەگەزیی جۆراوجۆر دەژین، هەر بۆیە ئەوان دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی ناوەندیی بەهێز دابن، ئەگینا وڵات بەرەو لێك هەڵوەشان‌و لەت لەت بوون هەنگاو دەنێت. کودەتاچی‌یەکان دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، یاسای بنەڕەتی وڵاتیان هەڵوەشاندەوەو جۆرە سۆسیالیزمێکیان بە ناوی " رێگای بێرمە بەرەو سوسیالیزم"وە ئایدولۆژی رەسمی خۆیان راگەیاند.

حکوومەتی سەربازیی - سوسیالیستی بێرمە کە بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات، تەواوی بەشە جۆراوجۆرەکانی وەك پیشەسازی، ئابووری، بانکداری، هاتووچۆ، ساخڵەمی‌و پەروەدەو فێرکردنی وڵاتی لە ژێر دەسەڵاتی کەرتی تایبەتیی هێنایە دەرو بە نەتەوەیی کردن‌و لەگەڵ ئەوەشدا چوونە دەرەوەی وڵاتی یاساخ کرد.

لە ساڵی ١٩٤٧ تا ١٩٧٦ ناڕەزایەتی سیاسی - کۆمەڵایەتی پەرەی ساند. رێبەری کردنی ئەو جووڵانەوە ناڕەزایەتیانەش کە بە شێوەی رێپێوانی سیاسی لە شارەکانی بێرمە بەڕێوە دەچوو بە گشتی خوێندکارانی زانکۆی بێرمە بوون. حکوومەتەتی سەربازیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو بزووتنەوانە، بێ بەزییانە ئەو خۆپێشاندانانەی سەرکوت کردو هەزاران کەس لە چالاکوانانی سیاسی گرت‌و بینای یەکێتی خوێندکارانی رانگونی، کە بنکەی سەرەکیی رێکخستنی ناڕەزایەتییەکان بوو، بە دینامیت وێران کرد.

بە درێژایی پتر لە دە ساڵ، چالاکی‌و ناڕەزایەتی خەڵك دژ بە حکوومەتی ناوەندی کەم‌و زۆر بەردەوام بوو، تا هەر لە هەشتی ئاگۆستی ١٩٨٨ کە گەورەترین خۆپێشاندان دژ بە حکوومەتی بێرمە کە تا ئەو کات کەم وێنە بوو روی‌دا. لەو رۆژەدا توێژەکانی کرێکار، وەرزێر، پێشرەوانی ئایینی بوودایی‌و مووچەخۆرانی دەوڵەت بە رێبەرایەتی خوێندکاران بە گشتی لە سەرانسەری بێرمە رژانە ناو شەقامەکان. جارێکی‌تر پۆلیس‌و سوپا هێرشیان کردە، بە تایبەتی لە پێتەخت، سەر خۆپێشاندانە هێمنانەکان‌و هەزارن کەسیان کوشت. ئەو رووداوە وەك یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵکوژییەکانی ئەو سەردەمە دەناسرێ. بە پێی سەرچاوەی جۆراوجۆر ئاماری کوژراوەکان لە نێوان سێ تا دەهەزار کەس شیمانە دەرکرێ.

حاکمانی بێرمە جیا لە کوشتو کوشتاری خەڵك لە شەقامەکان، دەستیان کرد بە گرتن‌و ئەشکەنجەو ئازاردانی هەزاران کەس لە گرتووخانەکاندا، ئەو ڕوداوە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی خاتوو ئاوونگ سان سووچی بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسی‌و لە ماوەیەکی کورتدا بە کردەوە بوو بە رێبەری بزوتنەوەی دێموکراسیخوازی وەڵاتی بێرمە.

ئاوونگ سان سووچی - کە ئەو کتێبە لە بارەی ژیان‌و بیرو ڕای ئەودا نووسراوە، لە نۆزدەی ژووئەنی ١٩٤٥ لە شاری رانگۆن لە دایك بووەو لە ساڵی ١٩٤٧ لە کاتێکدا کە هەر دوو ساڵی تەمەن بوو، باوکی لە تیرۆرێکی سیاسی‌دا لە دەست دەدا. دوای کوژرانی باوکی ئاوونگ سان سووچی بەدەستی جیناحی بەرامبەر، دایکی سان سووچی وەك باڵوێزی بێرمە لە ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ منداڵەکانی بۆ وڵاتی هیند بەڕێکرا.

ئاوونگ سان سوچی بەشێك لە ژیانی مێرمنداڵی خۆی لە دێهلی نوێ بەسەر بردوەو لە ساڵی ١٩٦٤ بە مەبەستی خوێندنی فەلسەفەو زانستی سیاسی لە زانکۆی ئاتکسفۆرد بۆ ئینگلستان دەچێت. ئەو لە ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ دوکتۆر (مایکێل ئاریس) ژیانی هاوسەری پێك دێنێت، بەرهەمی ئەو ژیانەش دوو کوڕن.

ئاوونگ سان سوچی لە ٣١ی مارسی ١٩٨٨ لە پێوەندیەکی تەلەفۆنی‌دا لەلایەن یەکێك لە نزیکانیەوە ئاگادار کرایەوە کە دایکی تووشی (جەڵتەی دڵ هاتوە)و لە دۆخێکی خراپدا لە نەخۆشخانەی رانگۆن لە ژێر چاوەدێری دایە. هەر بۆیە ئەو بە پەلە دەگەڕێتەوە بۆ رانگۆن تاوەکوو ئاگاداری لە دایکی بکات.

لە ماوەی ئەو چەند مانگە کە سان سووچی لە رانگۆن ئاگاداری لە دایکی دەکرد، قەیرانی سیاسیی بەرەو پێکدادانی راستەوخۆی گەل‌و کاربەدەستانی حکوومەتی سەربازیی دەچوو.

لە ئاگۆستی ١٩٨٨ لە کۆبوونەوەیەکی پێنج سەد هەزار کەسی دا، ئاوونگ سان سووچی داوای لە حکوومەتی ناوەندی کرد کە گوێ لە داخوازییەکانی خەڵك بگرێت‌و دەست لە سەرکوت‌و ئازاری خەڵك هەڵگرێ‌و کێشەی وڵاتەکەی بە شێوەیەکی هێمنانەو ئاشتیخوازانە چارەسەر بکا.

ئەو لە درێژەی چالاکی‌یەکانی خۆی‌دا لە رۆژی ٢٤ی سێپتەمبری هەمان ساڵ حیزبی "یەکێتی نەتەوەیی بۆ دێموکراسی" دامەزراندو سەرەڕای قەدەغەکران لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە (ژێنراڵەکانی دەسەڵاتدار کۆبوونەوە کە پتر لە ٤ کەسیان لە سەرانسەری وڵات قەدەغە کرد بوو) لە پتر لە سەد کۆبوونەوەی جەماوەری لە سەرانسەری بێرمەدا بەشداری کردو لە گشت وتارەکانی‌دا داوای لە خەڵك کرد کە بە کەڵك وەرگرتن لە رێکاری دوور لە توندوتیژی درێژە بە خەباتی رزگاریخوازی خۆیان بدەن.

دەسەڵاتدارانی سەربازیی لە بێرمە کە بۆ پاراستنی خۆیان، بچووکترین جموجۆڵ‌و تێکۆشانی سیاسی نەیارانیان بە توندی سەرکوت دەکرد، هاوتەریب لەگەڵ سەقامگیرتر کردنی دەسەڵاتی خۆیان، شاهیدی ناکۆکی‌و ئاڵوگۆڕی خوێناویش لە ناوخۆی رێژیم دابوون. سەرهەڵدانی پلەخوازی‌و چاوچنۆکی دەسەڵاتدارانی سەربازیی، لە کۆتایی‌دا دیسیپلینی پێشووی حکوومەتی تێکداو لە ناو ئەو شێواوی‌یە ئەنجومەنێك بە ناوی " ئەنجومەنی حکوومەتیی بۆ سەقامگیر کردنەوەی نەزم یاسا" سەری هەڵدا کە لە ٢١ ژێنراڵی سوپای بێرمە پێك هاتبوو. ئەو ئەنجومەنە لە یەکەم ماددەی راگەیەنراوی دامەزرانی بە راشکاوی ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکراتیك پێك دێنێ‌و پاشان واز لە دەسەڵات دێنێ. هەروەها ئەو ئەنجومەنە لە ساڵی ١٩٨٩ ناوی بێرمەی کرد بە میانمارو ناوی رانگون (پێتەختی بێرمەی) کرد بە یانگون کە لەگەڵ نارەزایی‌و بەرهەڵستکاریی جەماوەر بەرەوڕوو بوو.

لە ماوەی ئەو پازدە مانگەی کە ئاوونگ سان سووچی لە بێرمە بوو، بە پێی بەرنامەی حیزبەکەی خۆی "یەکێتی نەتەوەیی بۆ دێموکراسی" بەردەوام چالاکی ئاشکراو بەرینی هەبوو. هەر ئەو چالاکییانە بوونە هۆی ئەوە کە حکوومەت لێی بێزار ببێت‌و بە دەستووری حکوومەت، لە بیستی ژوئەنی ١٩٨٩ لە ماڵی خۆی دەستبەسەر بکرێ. حکوومەت ڕایگەیاند کە هۆی دەستبەسەر کردنی ناوبراو ئەوەیە کە وڵات لە لایەن ئاوونگ سان سووچی "لە مەترسی کەوتوە". ئەو ئیزنی پێدرا کە تەنیا چاوی بە ئەندامانی نزیکی بنەماڵەی بکەوێ.

دەست بەسەر کردنی ئەو خاتوونە شەش ساڵی خایاندو تا ١٥ ژوئیەی ١٩٩٥ درێژەی کێشا. لە ماوەی دەست بەسەر بوونی دا هێزی دەسەڵاتداری بێرمە داوای لێ کرد بوو کە دڵخوازانە وڵاتی بێرمە بەجێبهێڵێ بەڵام ئاوونگ سان سووچی ئەو پێشنیازەی رەد کردەوەو بڕیاری دا لە بێرمە بمێنێتەوە.

دووساڵ لە دەست بەسەر بوونی سووچی تێپەڕ ببوو کە ڕێژیم بڕیاری هەڵبژاردنی گشتی دەرکرد، لە هەڵبژاردنەکاندا حیزبی سووچی بە وەدەست هێنانی ٨٢٪ی دەنگەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام ڕێژیم ئاکامی هەڵبژاردنەکەی قەبووڵ نەبوو، تەنانەت ئامادەش نەبوو دەسەڵات بۆ حیزبی براوە بەجێ‌بهێڵێت.

دوابەدوای دەربڕینی ناڕەزایەتی سیاسەتوانانی براوە لە هەڵبژاردنەکان، رێژیم دەستی کرد بە رێکاری نوێ بۆ سەپاندنی بەربەستی هەرچی زیاتر بۆ سەر نارازییان‌و ئازادیخوازان‌و هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر دەستبەسەر کردنی ئاوونگ سان سووچی مافی چاوپێکەوتنی ناوبراوی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی لێستاندەوەو پەیوەندیی ئەوی لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تەواوی پساند. دوای ئەو هەڵوێستەو لەقاو دانی ئۆرگانە نێونەتەوەیەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤو دێموکراسی، بیرو ڕای گشتی لە دەرەوەی بێرمە کە بە سەرسوڕمانەوە سەیری رووداوەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتەی گیرۆدەی دەستی دیکتاتۆرییان دەکرد، دەستیان کرد بە جموجۆڵ. سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئازادیی خێرای ئاوونگ سان سووچی کردو خەڵکی وڵاتانی جۆراوجۆر داوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سوپا بە سەر چارەنووسی گەلی چارەرەشی ئەو وڵاتەیان کرد.

لە چاردەی ئۆکتۆبری هەمان ساڵ واتە ساڵی ١٩٩٠* دا بوو کە خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بەخشرایە ئاوونگ سان سووچی کە بڕی یەك میلیۆن‌و سێسەد هەزار دۆلار بوو. دوا بەدوای ئەو هەواڵە سووچی رایگەیاند کە ئەو پارەیە سەرفی دانانی ناوەندی ساخڵەمی‌و فێرکردن‌و راهێنان بۆ خەڵکی بێرمە دەکا.

لە ١٠ی ژوئەنی ١٩٩٥ دەورەی شەش ساڵەی دەست بەسەر بوونی سان سووچی تەواو دەبێت‌و ئازاد دەکرێ بەڵام چوونەدەر لە شاری رانگونی لێ یاساخ دەکرێت‌و لە ١٠ی ئۆکتۆبری هەمان ساڵ حیزبی (یەکێتی نەتەوەی بۆ دێموکراسی) ئاونگ سان سووچی وەك رێبەری خۆی دەناسێنێت‌و ئەو وەك تاکە ژنی ناو ئەنجومەنی ناوەندیی ئەو حیزبە رێبەریی بەرینترین پێکهاتەی سیاسی بێرمەی وەئەستۆ گرت.

ساڵی ١٩٩٦ هاوکات لەگەڵ پەرەستاندنی چالاکی‌یەکانی رۆژانەی ئەو حیزبە، ڕێژیم دەستی کرد بە توندوتیژی بە دژی ئەندامانی ئەو حیزبە. لە مانگی مەی ساڵی ١٩٦٦ دا زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبە گیران‌و ڕاپێچی گرتووخانەکان کران‌و هەمدیس لە مانگی ژوئەنی ئەو ساڵەش دا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە دۆستان‌و ناسیاوانی ئاوونگ سان سووچی کە نیازیان هەبوو لە جێژنی ٥٢ ساڵی ئاوونگ سان سووچی دا بەشداری بکەن، لەلایەن رێژیمەوە گیران‌و رەوانەی گرتووخانە کران.

ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٦٦ فشاری لە ڕادەبەدەرو سەرکوتی مەدەنی - سیاسی رێژیم لە دژی هاوڵاتییانی بێرمە بە شێوەیەك بوو کە مەیدانی خەبات‌و ئازادیخوازیی خوێندکارانی زانکۆی بەرتەسك کردەوەو هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە خوێندکاران بۆ جارێکی‌تر خۆپێشاندانی بەرین بەدژی کردەوەکانی حکوومەتی سەربازیی وڵاتی بێرمە ساز بکەنەوە.

ئەو هەڵوێستەی خوێندکاران‌و جموجۆڵی لەم چەشنە ڕێگای بۆ دەسەڵاتدارانی بێرمە خۆشتر کرد کە زیاتر لە پێشوو بە دژی حیزبی سان سووچییان هەڵوێستیان گرت‌و خۆیشی جارێکی‌تر لە ماڵەکەی‌دا دەست بەسەر کرد.

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 489 5 Jul 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستان، ڕۆژنامەی "كوردستان" و رادیۆ دەنگی كوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشكیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# كۆنگرەیەك بۆ راڤەو خوێندنەوەی بەرهەمەكانی شاعیری كورد "ئەدەب" بەڕێوە دەچێ




بەپێی بانگەوازێك كە لەلایەن ئەنجومەنی ئەدەبی شاری بۆكانەوە بڵاو كراوتەوە، بڕیارە لە كۆتایی مانگی گەلاوێژدا كۆنگرەیەك لەژێر ناوی "خوێندنەوەیەك لە بەستێنی شێعری میسباحود دیوانی ئەدەب" بە هاوكاریی ئیدارەی فەرهەنگی ئەو شارە بەڕێوە بچێ.

لەو بانگەوازەدا داوا لە نووسەران‌و شاعیران‌و پسپۆرانی ئەو بوارە كراوە نووسین‌و لێكۆڵینەوەكانیان تا ڕێكەوتی ٢٠ی گەلاوێژ بۆ بەڕێوەبەرانی كۆنگرە بنێرن.

شایانی باسە بۆ وەرگرتنی زانیاری‌و پێوەندی گرتن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەم كۆنگرەیە وێبلاگێك بە ناوونیشانی www.adab.blogfa.com كراوەتەوە.

# دوایین لیستی زیندانیانی سیاسیی ئێران لە كتێبێكدا بڵاو بۆوە




بەشی چاپەمەنیی چالاكانی مافی مرۆڤ لە ئێران دوایین لیستی زیندانیانی سیاسی لە ئێران بڵاو كردەوە. ئەو لیستەیە كە تایبەتە بە بەهاری ئەم ساڵ ناوو شوێنی زیندان‌و تۆمەت‌و رادەی حوكمی ٤١٤ زیندانیی سیاسیی لەخۆ گرتووە. بەڵام هەروەك لە پێشەكییەكەیدا هاتووە ئەو لیستەیە ناوی هەموو زیندانییە سیاسییەكانی ئێرانی تێدا نیە، چونكە بە دڵنیاییەوە ڕێژەی زیندانیانی سیاسی زۆر لەوە زیاترە، بەڵكوو تەنیا ناوی ئەو زیندانیانەی لەخۆ گرتووە كە بۆ چالاكانی مافی مرۆڤ لە ئێران ناسراون. بەپێی ئەو لیستەیە ١٦ كەس چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوكمی ئێعدام‌و ٣٨ كەسی دیكەش زیندانی هەتاهەتاییان بۆ بڕاوەتەوە.

شایانی باسە ئەم كتێبە بە شێوەی وەرزنامە بڵاو دەكرێتەوە.

## شوێنەواری بێستوون

# خرایە ریزی شوێنەوارە مێژوییە جیهانییەكانەوە



لە ڕێورەسمێكدا بە بەشداریی نوێنەری یۆنسكۆو سكرتێری كومیسیۆنی میلی ئەو ڕێكخراوەو پارێزگارو بەرپرسانی پارێزگای كرماشان ڕێورەسمی پێشكەش كردنی بەڵگەنامەی ناسرانی شوێنەواری بێستوون بە شوێنەوارێكی مێژوویی جیهانی بەڕێوەچوو.

لەمبارەیەوە خاتوو تانی كۆچی وتی: جێی خۆشحاڵییە ئەم شوێنەوارە مێژووییە دەچێتە پاڵ شوێنەوارە مێژووییە ناسراوەكانی جیهان‌و بە خەڵكی جیهان دەناسێندرێ.

ناوبراو هەروەها گوتی: بێستوون یەكێك لە ٨ شوێنەواری جیهانییە لە ئێران‌و پێویستە گرنگیی زیاتری پێ بدرێ‌و هیچی لە تەختی جەمشید كەمتر نیە.

بڕیاری بەخشینی بەڵگەنامەی ناسرانی بێستوون بە شوێنەوارێكی مێژوویی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ كۆبوونەوەی ساڵی ٢٠٠٦ یونسكۆ لە لیتوانی.

شایانی باسە لە كوردستان چەندین شوێنەواری گرنگی مێژوویی وەك قەڵای هەولێر، حەسەن كێڤ‌و ئەشكەوتی زێویەو ... هەیە، بەڵام تا ئێستا هەوڵ نەدراوە بخرێتە ریزی شوێنەوارە مێژووییە جیهانییەكانەوە.

سەرچاوە: KTV

# فیلمی "كوێستانی سپی" بەشداری لە فستیڤاڵی " فیلمی هەموو ڕێگاكان"دا دەكا



فیلمی "كوێستانی سپی" لە دەرهێنانی تەها كەریمی سینەماكاری ڕۆژهەڵاتی كوردستان، تەنیا فیلمی كوردییە كە بۆ بەشی كێبركێی فیستیڤاڵێكی ئەمریكایی بە ناوی (All roads film) هەڵبژێردراوە كە لە لایەن تلویزیۆنی ناشیۆنال جیۆگرافی ئەمریكاوە ساڵانە لە مانگی سێپتامبردا بەڕێوە دەچێ.

فیلمی كوێستانی سپی لە لایەن كۆمپانیای میتۆس فیلم كە كۆمپانیایەكی كوردییەوە بۆ بڵاوكردنەوەی فیلم لە ئەڵمانیا كاری بڵاوكردنەوەی بۆ كراوە.

محەمەد ئاكتاش بەڕێوەبەری كۆمپانیای فیلم لە بارەی بەشداریكردنی كوێستانی سپی لە فیستیڤاڵەكەدا رایگەیاند "ئەو فیستیڤاڵە گەورەترین فیستیڤاڵی ئەمریكایە كە ساڵانە زیاتر لە ١٠٠٠ فیلمی لە هەموو جیهانەوە بۆی دەنێردرێت‌و ئەمساڵ فیلمی كوردیی"كوێستانی سپی" تەنیا فیلمی كوردیی بەشداربووی فیستیڤاڵەكەیە."

ئاكتاش ئاماژەی بەوەدا كە تلویزیۆنی ناشیۆنال ژیۆگرافیك گرنگی بە كولتوورە ژێردەستەكان دەداو نوێنەری بەهێزو سینەمایی ئەو كولتورانە لە فیستیڤاڵەكەیدا بەشدار دەكا.

فیلمی "كوێستانی سپی" تا ئێستا بەشداریی لە زیاتر لە ١٢ فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی‌دا كردوە وەك فیستیڤاڵی موزەی هونەری هاوچەرخ لە ئەمریكا، فیستیڤاڵی فیلمی كوردی لە بێرلین‌و ئوستراليا‌و لەندەن، فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "فەجر" لە تاران كە پاڵێوراوی سیمورغی بلورین بۆ نووسین‌و دەرهێنان بوو و هەروەها لە بیست‌و چوارەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی كورتە فیلمی تاراندا خەڵاتی باشترین فیلمی درامی‌و خەڵاتی یەكەمی لە یەكەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی هەولێرو خەڵاتی باشترین دەرهێنانی لە فیستیڤاڵی خوێندكارانی زانكۆكانی ئێراندا وەرگرتووە.

سەرچاوە: PNA

بەر لەماڵاوایی

# مادە هۆشبەرەكان چەكێكی بێدەنگ كە لە دژی كۆمەڵگەی كوردستان كەڵكی لێ وەردەگیرێ

ئاوات

پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی بە كارهێنانی "موادّمخدّر" لە سەرانسەری ئێران و بەتایبەتی كوردستان دا گەیشتۆتە قادەیەكی پڕمەترسی، ڕادەیەك كە هیچ دڵسۆزێكی نیشتمانپەروەرو بەتایبەتی هیچ وڵاتپارێزێكی كورد ناتوانێ بەرامبەری خەمساردو بێتەفاوەت بێ. وشەی"مخّدر"مان بەكارهێنا، چونكە نووسەرانی كورد هەرچی وشەو زاراوەی كوردییان هەڵ سەنگاندوون و تاوتوێیان كردوون نەیان توانیوە وشەیەك بدۆزنەوە كە نیشاندەری بارستایی ئەو زەررو زیانە بێ كە ئەو بەڵا ماڵوێرانكەرە بە كۆمەڵی كوردەواریی گەیاندوە. وشەكانی وەك هۆشبەر،گێژكەر، سڕكەرو تەنانەت ژیانبەرو تێكدەریش لەگەڵ ئەوەی هەموویان بۆ لێسڵەمێنەوە دەبن، ناتوانن دزێویی شوێنەوارەكانی تووشبوون بە مەواد دەربڕن.

گوتمان بڵاوبوونەوەی ئەو كەرەسانە گەیشتۆتە ڕادەیەكی پڕمەترسی. بەڵێ، ئەگەر ڕۆژگارێك بەكارهێنانی بەنگ و ترياك تایبەتی هێندێك پیرەپیاوی دەستڕۆیشتووی شار یان هێندێ ئاغای دەوڵەمەند بوو، ئێستا بۆتە بەڵای گیانی پیرو لاوو تەنانەت مێرمندالانیش. ئەگەر ڕۆژێك تەنیا پیاوان بەكاریان دێنا ئێستا ئیدی لە وڵاتە نەگبەت لێدراوەكەی ئێمەدا ئەگەر بۆ هیچ شتێك ژن و پیاو مافی بەرامبەریان نەبێ لەمەدا یەكسانن و سەرەنجام ئەگەر سەردەمانێك بەكارهێنانی مەواد هەر لە شارەكان باوبوو، ئەمڕۆ شارو گوندی وەك یەك داپۆشیوە.

هەر كەسێكی شارەزا بیهەوێ هۆی پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی تووشبوون بە"موادی مخّدر" بدۆزێتەوە بە ئاسانی دەگاتە ئەو ئاكامە كە دەستێكی نەك نادیار، بەڵكوو زۆر ناسراو دیاری لە پشتە، ئەویش سیاسەتی دژی ئینسانیی كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی واتە حكوومەتێكە كە خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر زەوی دەزانێ و قانوونە دژی گەلییەكانی بە وەرگێراو لە ئەحكامی ئایینە ئاسمانییەكان ناودەبا. كۆماری ئیسلامی نەك هەر كارێك بۆ بنبڕكردن و تەنانەت كەم كردنەوەی ئەو دیاردە دزێوە ناكا، بەڵكوو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ كۆمەك بە پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی دەكا.

ڕێژیمی ئیسلامی ناڕاستەوخۆ لە پشت بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەكانە، چونكە هۆی سەرەكیی بیكاری و بێ ئایندەیی و هەژاری و نەداری و دەیان گیروگرفتی چین و توێژەكانی كۆمەڵ بەتایبەتی لاوانە كە وایان لێ دەكەن بۆ چەند ساتێك ڕاكردن لەبەر گیروگرفتەكانی ژیان و بەڕواڵەت لەبیر بردنەوەی نابەسامانییەكان پەنا بۆ بەكارهێنانی" موادمخدّر" بەرن. دەوڵەتێك كە بە پێی قاعیدە دەبێ مشووری كارو نان و ژیان و فێركردن و پێگەیاندنی توێژەكان بە تایبەتی بەرەی تازە پێگەیشتووی كۆمەڵی لەبەر بێ، بەدەستی ئەنقەست تێدەكۆشێ گیروگرفتی جۆراوجۆر بێنێتە ڕێگایان و هەرچۆنێك بووە نەهێلێ لە فكری بنیاتنانی دوارۆژی خۆشیان دا بن.

بەڵام لە زۆر حاڵەت دا كۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆش هاندەری بەكارهێنانی "موادمخدّر"بە تایبەتی لەلایەن لاوانەوەیە. بە سەدان و هەزاران جار لە هەموو شارو شارۆچكەكان بینراوە كە بەكرێگیراوانی ڕێژیم بە ڕێگای جۆراوجۆردا هەوڵ بۆ ئالوودەكردنی لاوان بە تایبەتی ئەو كچ و كوڕانە دەدەن كە هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی و ئازادیخوازییان لێ بەدی دەكەن. یەك لەو ڕیگایانە ئەوەیە كە بە بیانووی كاری سیاسی دەیانبەنە گرتووخانەو پاش ئەشكەنجەو ئازار هانیان دەدەن بۆ ئارام بوونەوەی ئێش و ئازارەكانیان ئەو"مواد"ە بەكار بەرن، یان هەرنەبێ بە شكڵی حەبی ئازارشكێن دەرخواردیان دەدەن.

ئەوانەی خەریكی كڕین و فرۆشتنی مادde هۆشبەرەكانن لە هەموو شارو شارۆچكەكان دا بۆ هەموو كەس ناسراون. كەچی دەزگا جاسووسییەكانی ڕێژیمی ئیسلامی كە چووكترین جموجۆڵی هاونیشتمانان دەخەنە ژێر كونترۆڵ، خەمساردانە بە تەنیشت ئەوانەدا تێدەپەڕن و خۆیان تێناگەیەنن، چونكە مانەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمەكەیان لە بەدبەختی و ناوشیاریی كۆمەڵانی خەڵك و بە تایبەتی لاوان دا دەبینن. تەنانەت لە زیندان و گرتووخانەكان دا وەدەستهێنان و كڕینی سابوون و تیغی ڕیش تاشین‌و خاولییەك ڕەنگە لە بەدەستهێنان‌و كڕینی مادە هۆشبەرەكان دژوارتر بێ.

بەم جۆرە بەئاشكرا دیارە كە كۆماری ئیسلامی بە چەكی مەوادی "مخدّر"هاتۆتە شەڕی كچان و كوڕانی وشیارو تێگەیشتووی كوردو ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران، چەكێك كە بە بێ تەقەو دەنگ لێ بەرزبوونەوە دەتوانێ دژبەرەكانی لەكۆڵ بكاتەو بە دەردو غەم و ئازاری خۆیانەوە خەریكیان بكا. لەو حالەدا خۆ بەجێیە كە هەموو لاو و لە هەمووان گرنگتر كیژان‌و كوڕانی وڵاتپارێزو نەتەوەپەروەری كورد بە ئیرادەیەكی پتەو و بڕیارێكی لێبڕاوانەوە بە گژ ئەو پیلانەی دوژمن دا بچنەوەو چەكی وەلانان‌و تەحریمی یەكجارەكیی مادە هۆشبەرەكان بە دژی دوژمنانی ماف و ئازادییەكانیان بەكاربێنن؟

لاوان ئومێدی ئایندەی هەر گەل‌و نەتەوەو وڵاتێكن و پێگەیاندنی بەرەیەكی سالمی لاوان دەتوانێ دوارۆژێكی باشتر بۆ گەلەكەمان دابین بكا. بۆیە ئەركی دایكان و باوكان و سەرپەرستانی بەرەی تازەپێگەیشتووی كۆمەڵە كە زیاتر لە غەمی ئەو خۆشەویستانەیان دابن، لە ئێش و ئازارو غەمەكانیان پتر ئاگادار بن و هەوڵ بدەن بە دابین كردنی پێداویستییەكانی ژیانیان، ئەوان لە مەترسیی كەوتنە داوی تووشبوون بە مادە هۆشبەرەكان بپارێزن.

لە بەرەی لاوی ئەمڕۆش چاوەڕوان دەكرێ لەوە وشیارترو چاوكراوەتر بن كە بكەونە داوی دوژمن یان سەوداگەرانی مەرگ و ئەوانە كە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی ماددی یان رازیكردنی دوژمنانی ئازادی خەیانەت بە گەل‌و نیشتمانەكەیان دەكەن و گەورەترین سەرمایەكانی میللەت بە لاڕێدا دەبەن. بە ئاواتێكی خەباتێكی تێكڕایی بۆ كەم كردنەوەو سەرنجام خاشەبڕكردنی دیاردەی دزێوی "اعتیاد".